# هەولێر تا دبلن

**رۆژانەی هەولێرە**
**لە 1994/5/2 تا 1995/8/9**

**شێرزاد هەینی**

**هەولێر... تا دبلن**
**لە 1994/5/2 تا 1995/8/9**
**مێژووی هەولێرە لە رۆژانی شەڕی ناوخۆدا،**
**لە شێوەی ریپۆرتاژێکی درێژ.**

**شێرزاد هەینی**
**هەولێر ... تا دبلن**
**لە 1994/5/2 تا 1995/8/9**
**مێژووی هەولێرە لە رۆژانی شەڕی**
**ناوخۆدا، لە شێوەی ریپۆرتاژێکی درێژ.**

**چاپا ئێکێ: بەرلین 2000**
**ژ وەشانێن کوڤارا هاڤیبون 2**
**مافێ چاپێ یێ پاراستییە**

**ناڤ و نیشان:**
**Freie Universität Berlin (AStA)**
**Havibun**
**e/o Kurdistan – AG**
**Otto-von- Simson-Str.32**
**14195 Berlin**

## پێشکەشە:

**بەو شەهیدەی شاری هەولێری زۆر خۆشدەویست و**
**لە تەمەنی مێردمندالْیمدا،**
**زۆر شتی گرینگی لێ فێربووم.**
**شەهیدی سەرکردە (سەعدی گچکە).**

## سوپاس بۆ:

**هاوڕێم (حوسین ڕەسول سەرگەڕانی) لە بەرلین، جوامێری ئەو بوو، دانەیەک لە دەستنووسەکەم گەیشت دەست، هاوکاریش بوو بۆ چاپکردنی.**
**(سروە)ی هاوسەرم لە هەولێر کە پاش دەرچوونم، دەستنووسەکەی پاراست و بۆی ڕەوانەکردم.**

**بروا بکەن:**

**ئەوانەی لە ریپۆرتاژەکەم ناویان هاتووە، هەموویان کەسایەتی بەڕێزو هێژاو رێزدارن، بەڵام من بۆ پەیڕەوکردنی بەرنامەیەکی شارستانی باو لەجیهانی رۆژنامەگەری دا ئەو زاراوانەم بەکار نەهێناوە.**

**سوودم لە رۆژنامەکانی (کوردستانی نوێ)و (الاتحاد)و (ئاڵای ئازادی)و (گوڵان)و (برایەتی)و (خەبات)و ئێستگەو تەلەفزیۆنەکان و لێدوانەکان وەرگرتووە، گەر دەقاو دەقیش وەرنەگیرابن، دەستکاریم نەکردووە.**

**لەنوسینەکەمدا بیرم لەوە نەکردووەتەوە باری گرانی بەلایەکدا بدەم و واقیعیانە تەماشام کردووە، چۆنم بینیوە، چیم بیستووە، چیم خوێندیتەوە. وام نوسیوە، ئەگەر لاریێەك هەبێت، ئەوا بەئەنقەست نەبووە.**

**حەز دەکەم خوێنەرم، بژاری ئەو خاڵانە نەکات کەنارەحەتی دەکات لەبەر بۆچوونی سیاسی خۆی، جا بەو خاڵانە توانجی هەبێت، چاوەڕوانی رەخنە و پێداچوونەوەو زیادکردنم.**

چونکە شەڕەکە لەنێوان کوردو کوردە، جێگای شانازی نییە و دەبێتە لاوازکردنی دەستکەوتەکان و لاپەرەیەکی تەماویشە لە مێژووی کوردستان، بۆیە وشەی چەکدارم لەجیاتی (پێشمەرگە) بەکار هێناوە، پێشمەرگە لەلای من هەرپیرۆز و ماندوونەناس و قارەمانە.

نووسینەوەی رۆژانی شەری ناوخۆ، ناخۆشە. ئازاری دەدام، شانازی تێدا نییە، بەڵام من نیازم ئەوەبوو بنووسرێتەوە و ببێتە ئەزموون و دووبارە نەبێتەوە، کە (کوابیس بیروت)ی (غادە السمان)م خوێندەوە بیرۆکەی ئەو نوسینەم لەلا دروست بوو! وا منیش (کوابیس هەولێر)م نووسیوە، پەرۆشم رۆژە رەشەکان تەواو بێت و پێویست بە نووسینی تر نەکات.

شێرزاد هەینی.
هەولێر 10-4-1996

# رۆندك بۆ هەولێرەكەم!

هەولێر، دەبێتە بەیروت، كابول، سەرایێڤۆ، گەمارۆ دەدرێت، هێرشی دەكرێتە سەر، تۆپ باران دەكرێت، نەخۆشخانەكانی، سەدان برینداری خەست و سووكی بۆ دەچێت. خوێن بەخشین بۆ زامدارە زۆرەكان داوادەكرێت، كوری چالاك و ئازا دەكوژرێن، زارۆكی بەستە زمان، ئەندامێكی لەشی دەبرێتەوە، ئاهەنگی زەماوەندو خەنەبەندان و رەشبەڵەك دوا دەخرێت، كارەبا دەكوژێتەوەو تاریكی دادێت، بۆری ئاو وشك دەبێت، (ترومپاكان) رادەوەستن، شارەكە دەبێتە دوو پارچە، دوو حكومەت، دوو بیرو هزر حوكمی دەكەن!! هاتوچۆ لەنێوان دوو هەولێرەكە، زەحمەت و قەدەغە دەبێت. تەرمی كوژراو ناگاتە گۆرستان.!! كە زەنگی شەری ناوخۆی كوردستان لێدرا، مەترسی پەیدابوو !! هەولێر دەبێتە گۆمی خوێن! شار دەبێتە كەلاوە! خوێندنی تێدا نامێنێ، بازار چۆل دەبێت. بۆ، هەولێر وای لێ دێت؟ بۆ، كارەسات لەم شارەدا روودەدات؟ وەلامەكەی ئاشكرایە. هەولێر پایتەختی هەرێمە، بانكی هەرێمی تێدایە، دەسەلاتی بەرزی پەرلەمان و حكومەتی تێدایە، دەزگای راگەیاندنی حزبەكانی تێدایە بەتایبەتی هەردوو حزبی دەسەلاتدار، بارەگای چەندین حزبی تری تێدایە. پروپاگەندەی هەردووكیان لەم شارە دەردەچێت، پر جبەخانەی چەك و تەقەمەنی یە، هەندی چەندین ولاتانی جیهان چەكی سووك و قوورس و فیشەكی تێدایە. خەڵكی بێ چەك لەم شارەدا نییە، ماڵ نییە هەندی بنكەیەكی پۆلیس چەكی تێدا نەبێت. شارەكە، ژمارەی دانیشتووانی زۆرە، سەرژمێری بەقەد دانیشتوانی هەندێ ولاتی بچووكە! ئاگر بەرببێت، سوتان دەبێت، گولە دەردەچێت، جەرگ دەبرێت.

لەم شارەدا ترسی ئەوە هەبوو، بەئاسانی شیرازەی حكومەت و شارەكە بترازێت. چونكە هەردوو حزبی ناكۆك، دەسەلاتیان نیوە بەنیوەیە، بۆیە: بەبانگەوازو رێنمایی لایەنێك، یان شكان و زیزبوونی لایەنێكی تر، شیرازە لاوازەكە دەپچرێت و دانەكانی ملوانكە جوانەكەی شار بلاو دەبێتەوە و گوم دەبن.

ئەوەی باش هەستی پێدەكرا، گەر شەری ناوخۆی ترسناك هەڵگیرسێت بازار دەبێتە ئاگر، خواردەمەنی و پێویستییەكانی ژیانی رۆژانە نرخی دەفرێت، كاروانی ئازوخە تەگەرەی دێتە پێش، چاوچنۆكی پەیدا دەبێت. بازرگانەكان، پێویستییەكان دەشارنەوەو گرانی دەكەن، خەڵكیش زیاتر دەكرن و حیسابی دوورو رۆژانی رەشتر دەكەن. شەكر نرخی بەرزدەبێتەوەو چاخواردنەوە دەبێتە بۆنەی زۆر تایبەتی و بەدەگمەن پێشكەشی میوانی ئەزیز دەكرێت.

شەر بگاتە هەولێر، ئاسمانی شارەكە دووكەڵی لێ بەرز دەبێتەوە، ئەزموونە دیموكراسیەكەو حكومەت و پەرلەمانە نازدارەكەی ئێمەو هەموو كورد، دەكەوێتە مەترسی و لەرزە دەگرێت. شەر بگاتە هەولێر، لەیەكتری دەچنە سەر بانە بەرزەكان. سنوری كوردستان بەرامبەر دوژمنی دێرینی كورد، رژێمی دیكتاتۆری بەغدا چۆل دەبێت، سەنگەرەكان كوری خەمخۆرو چەكی نەترسی لێ نامێنێ و دوژمن بە ئاسانی دێتەوە. كوشتن و زیندان و ئەنفال و جینۆساید دژی كورد دەژێتەوە، هەموومان لەوە دەترساین پایتەختی هەرێم شەری تێدا دروست بێت، بەڵگەنامەو دەستنووس و پاكنووس و ئەرشیفەكانی و پەرلەمان و حكومەت و دەزگاكانی میری و رێكخراوەكان و هەتا هی حزبەكانیش دەرژێنە سەر شەقامەكان و با دەیبات !! لاپەرە پیرۆزو گرنگەكان دەبێتە سوتەمەنی و دێرەكان بە چڵپاو رەش دەبێتەوە.!!

شەڕ لەم شارەدا بڵێسەی لێ بەرز دەبێتەوە، چی تر، پەرلەمانتارە بێگانەکان و ڕۆژنامەنووسەکان و کەسایەتییە ناودارەکان و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نوێنەری حکومەتەکان لە سنوور ناپەڕنەوە، لە شاشەی بچووکی تەلەفزیۆن شەوانە دیداریان پەخش ناکرێت، ڕۆژنامەکان دیمانەیان لەگەڵ ساز ناکرێت، ئەم شارە کلیلە ! دەرگاکانی موژدەو خۆشی و شکۆ دەخاتە سەرپشت.

هەولێر زامدار بکرێت، خوێنی گەش جۆگە دەبەستێت و خوێنی وشك نابێت، دۆڵ دۆڵ شۆڕ دەبێتەوە، بۆنی دەگاتە دیاربەکر، ڕەنگی دەگاتە مهاباد، لافاوی دەگاتە کەمپی کوردە ئاوارەکانی سویدو ئەڵمانیاو ئێستگە کوردییەکانی ئەوروپا هەست بە لافاوەکە دەکەن! ئەوانیش جۆگەی فرمێسك هەڵدەبەستن، کوردە ئاوارە مانگرتووەکانی پاکستان خوێن هەتا چۆکیان دێت و سەرسامی دەیانگرێت و دەبورێنەوە، برسییەتی و ژانی مانگرتن، دەرەقەتیان نەدەهات، بۆنی خوێنی ئەم شارە چۆکیان دەشکێنێ، زیندانە سیاسییەکانی تورکیا، یاخی بوون و مانگرتنەکانیان دەشکێنن و شیشەکانی دەرگاو پەنجەرەکان لە چاویان دەچەقێت.

بێگومان ئەوەی ئەو شارە زامدار بکات، تاوانبارە، لاپەڕەی مێژوو پەنجەی لەچاو ڕادەکات. ئەوەی کورسی ئەم شارەی هەژاندو لاتی کردو قوڕگی گرت، دوژمنە. ئەوەی دەرگای برسیەتی و تاریکی و نەخوێندەواری و پاشکەوتن و خوێن و کوشتن بکاتەوە، بەدەستی خۆی دەرزی و سوژن لەچاوی خۆی ڕادەکات، زاری خۆی دەدورێت، مس لە گوێیەکانی ڕوو دەکات، پێش خەڵکی تر خۆی بێوار دەبێتەوە.

هەولێر شاری بێ باخچەو سەوزایی، بێ دەریاچەو گوڵی جوان، شاری کەندی پیس و قیری شکاو دیواری ڕووخاوو شۆشتەی چڵکاو، دەستی نازو شۆخی دەوێت، شاری بازاڕی هەژار بە هەزاری برسییەتی و بازاڕی ڕەش و گرانی شێخەڵلاَو دەلاَڵخانە و مەیدانی حەیوانانی زۆر ، شاری پڕ لە چەك و تەقەمەنی، شاری کارگەی پەککەوتوو، زانکۆی بێنازو هەژار.

لە هەولێر، سێبەرێك نی یە، دوو دڵداری سووتاو پێکەوە دانیشتن و باسی بێداری و نامەی درێژی سۆزو قسەی زۆربکەن. لەم شارەدا دارتوویێك نەماوە، زارۆکی بێ یاری جۆلاَنەی لێ ببەستێت. لەم شارەدا سیاسەت ڕەنگی کردووە، تەنیا بە دوو ڕەنگ، چاوەکانی فێربوون ئەو دوو ڕەنگە تەمەشا بکات. ئەم شارە خزمەتی زۆری دەوێت، قەلاَت و منارە پێویستی بە پۆشین و بەرگ و خاوێنی هەیە. چاوەڕوان دەکرا، چەندین ئامۆژگەی زمانی ئەوروپی لێ بکرێتەوە، باش دەبوو ئەگەر زەڵکاوەکان، بکرێتە دەریاچەی بێگەرد، قازو مراوی بە نازەوە مەلەی تێدا بکەن و باڵی ڕەنگیان لەشادی بکەنە تابلۆی ڕەنگ. دەبا، پەیکەری شەهید بە سەربەرزی و گەورەیی دانرێت، پێشمەرگەی ماندوو چاو نەترس و دوژمن بەزێن ببێتە قیبلەگای پیرۆزو دیداری زۆری لە نزیك ساز بکرێت. خۆزگەمان هەبوو، لەگەڕەکەکان، پیاوی پاك و خاوێن نوێنەری گەڕەکەکان بێت، چاوەڕوان بووین، کوردی پارچەکانی تری کوردستان بێ ناو نووسین و بەئاسانی بێنە ئێرەو لەماڵی خۆیان ئیسراحەت بکەن، پیرۆز بوو، لاپەڕەی خەباتی هەموو کوردێك لێرە بە دیواری چوار دەوری قەلاَت بنووسرێتەوە. ڕاست بوو، ئەگەر هەموو دانیشتنەکانی پەرلەمانی لەم شارەدا شەوانە پەخش بکرابایە، بودجەی حکومەت ئاشکرا بایە، موچەی دەسەلاَتداران و سەرکردەکان دیار بوایە، شۆستەکانی مەرمەڕ بوایە، بەقەد ژمارەی خەڵکی شارەکە، داری سەوز هەبوایە، بەقەد چاویان ، گوڵی گەش و بە خوناو هەبوایە، بە ژمارەی پەنجەکانیان گەلاَی سەوزو ناسك هەبوایە، پیرۆز بوو وشەی (پێشمەرگە) نەبێتە (چەکدار)، (هێرش) نەبێتە (خراپەکاری)و (خروقات). شارەکەم گەمارۆ نەدرێت. ئەو شارانە گەمارۆ بدرێن کە هێشتا داگیر کراون، پێشمەرگە دیل نەکرێت و بەدیلی نە کوژرێت و بریندارى تەواو نەکرێت، دوژمنان تۆڵەیان لێ

**هەولێـــر، مرۆڤە، لاوێکی کۆکە، کیژێکی حەیرانە، ساوایەکی خرپنە، هەست دەکات، تەماشا دەکات، بۆن دەکات، کەلەسەری، قەلاَتەو بەرزە، باخچەی (گلکەند)و دارستانی (کوڕان) دوو چاوی گەشیەتی، شادەمارەکانی شەقامن و ڕوو لە دڵی (بازاڕ) دەکەن، گەڕەکەکانی ئەندامەکانی تری لەشی شاری هەولێرن، کە زامداری و خوێن ڕشتن لە گەڕەکێك ڕوو دەدات، ژان دەیگرێت، لە نا ئارامی و جەردەیی جەستەی شارەکەم بێدار دەبێت، گەلاَی سەوزو لقی زراڤ و ناسکی چاوەکانی دەژاکێ، کە ئاژاوە دەگاتە دڵی بازاڕەکەی، خوێن نارِوات و هەوای بێگەرد ناگاتە شانەی گەڕەکەکانی و ئیفلیج دەبێت.**

**تـا نەخۆشی و پەککەوتوویی نەگاتە ولاَت، دەبێت شاری هەولێر چاودێری بکرێت، هێمنی بۆ بنوێنێ. ئاوازو سەدای سازگارو بە جۆشی دەوێت، ئاخاوتنی نەرم و لەسەرخۆو ڕێزی دەوێت، شەماڵ و فێنکی دەوێت بە دەنگی تەقەو شەپۆڵی ترس و تاریکی چاو، ئەندامەکانی جەستەی شارەکەم، گرژ دەبێت ، نامۆ، ئەبلەق ،لات، بەنووزە، لانەواز، تەنگەنەفەس، گۆپاڵ لەدەست، دەست هەڵبەستراو.**

# بلاچەی شەڕ

**ئەوەی ئاشکراکراو بلاَو کرایەوە، لەسەر کێشەیەکی بچووکی زەوی و زاری بێ بایەخ لە شارۆچکەی (قەلاَدزە) تەقە لەنێوان چەکدارو دۆستی (پارتی)و (یەکێتی) دروست بوو، ئاگری کێشەکە جەستەی زۆری سووتاند. لەگەڵ شەپۆل و هاشەی تەقەکان، تەقەی تر دروست بوو. ئاگر بلێسەیدا، خوێن زیاتر ڕژا، ئاگرەکە گەیشتە پەرێزی وشك، دەسوتاو دەڕۆیشت. دووکەڵی ڕەش ئاسمانی گرتەوە. لە دوور، لەهەندەران بینرا. ئێستگەکان وتیان، ڕۆژنامە نووسان نوسییان، پەیامنێرەکان هەواڵیان نارد. لە ژمارەی 675 ی ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ژمارەی 1936 ی ڕۆژنامەی (برایەتی)ی پارتی دیموکراتی کوردستان-یەکگرتوو، کە هاتنە بازاڕ بە پەرۆشەوە، لاپەڕەکانیان کرانەوە، بەلاَم، هیچیان نە نووسیبوو. دەنگیان نەهات، ئەوە ئارامی بەخشی، هیوای نواند، سەرکردایەتی هەردوو حزب، بە دەستنوێژ بوون، هەڵنەچوون، سەرەتا هەولێر ئارام بوو، بەلاَم، جووڵە کەوتە ناو خەڵکەکە، قسە زۆر کرا، مشتومڕ دروست بوو، هەوادارانی هەردوو حزب ئاخاوتنیان گەرمتربوو. شەڕەکە گەیشتە شارەکانی تر. لە زێی بادینان پەڕییەوە، بارەگاکان دەگیران، کادیرانی دۆستی یەکتر چوونە بەرامبەر یەك، لەیەکتری هەڵسانەوەو یەکتریان چەك کرد. باش بوو نەگەیشتە هەولێـــر، هەولێر بە تاسەوە تەماشای دەکرد، بەلاَم، ناخۆشە چەکدارانی هەردوولا چوونە سەر بەرزاییەکان، مۆڵگەیان دروستکرد، فیشەك و تەقەمەنییان سەر خست، خۆیان پڕ چەك کرد، لێك ترازان و دوور کەوتنەوە.**

# یەکەم بانگەواز

مەسعود بارزانی لە 3-5-1994، بانگەوازی هەبوو، کە ڕۆژی 4-5-1994، بەرەی کوردستانی کۆببێتەوە، شەڕ نەمێنێ و دیراسەتی وەزعەکە بکرێت، هەردوو (مەکتەبی سیاسی) مشوری خێرا بۆ چارەسەری بخۆن. لە 4-5-1994 بەرەی کوردستان (لە بیر چوو)!! ڕایگەیاند، کاتژمێر شەشی ئێوارە شەڕ راوەستێت و ئیلتیزامی پێ بکرێت. هەروەها لەهەمان ڕۆژدا، لێژنەی هاوبەشی ئاسایی کردنەوەی دۆخی پارێزگای هەولێـــر بڕیار نامەیەکی بلاَو کردەوە. ئەمەش دەقەکەیەتی:

## جەماوەری پارێزگای هەولێــر..

لەبەر ڕۆشنایی بڕیارەکانی کۆبونەوەی هاوبەشی، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتی بەرەی کوردستانی، لە ئێوارەی ئەمڕۆدا، ڕێکەوتی 4-5-1994 لێژنەی ئاسایی کردنەوەی دۆخی کوردستان و پاراستنی خەڵك و شاری هەولێــر و دەوروبەری، ئێوارەی هەمان ڕۆژ کۆبوونەوە و بڕیاریاندا کەوا:

1. تەواوی هێزەکانی ئیحتیاتی عەسکەری بکشێنەوە شوێن و بارەگاکانیان.
2. بنکەی پشکنینی نائاسایی هەڵبگیرێ و هاوڵاتی ڕانەگیرێ.
3. لەسەر ئەندامان و کادیران و لێپرسراوانی سیاسی و عەسکەری پارتی و یەکێتی کە ئەم بڕیارە دەست بەجێ جێ بەجێ بکەن.

لێژنەی پاراستنی ئاسایش ئەمشەو لە بارەگای ئاسایشی گشتی ئێشك دەگرێ، تکایە هەر ڕووداوێك ڕوویدا پەیوەندی بە ژمارە تەلەفۆنی 25347 وهەروەها 20230 بکرێ بۆ چارەسەر کردن.

**جەماوەری بەشەڕەف، هێزی پێشمەرگە:**

**هیوادارین هەموولایەك بەو پەڕی دڵسۆزی و پەرۆشییەوە ئیلتیزام بەم بریارانەوە بکەن هەتا پیلانەکانی دوژمنان و ناحەزان تێك بشکێنن، هیواداریشین سبەینێ خەڵکی بەشەڕەفی هەولێر ژیانی ئاسایی خۆیان ببەنە سەر.**

**لەباتی ی.ن.ك مەلا بەختیار /سەعدی پیرە**
**لەباتی پ.د.ك عارف تەیفور / یونس رۆژ بەیانی**
**لەباتی حشع. مام خدر / تەڵعەت قەساب**
**4-5-1994**

# شــــەڕو ئــاشتـــــی

**ئازوقە کەم کرایەوە، ریگاکان ئارام نەبوو، نرخی خواردەمەنی، بەتایبەتی ئەوانەی لەناوچەی بادینان دەهات، کە رێژەیەکی زۆرە، کەمتر بوو. بازارەکە ترسی لێنیشت و گرانیش هەستی پێدەکرا. مشەخۆران خواردەمەنیان شاردەوە. لەترسی دزی و تالان، کالاو خواردەمەنی لە بازار گوێزرایەوە، خواردەمەنی خۆی کەم بوو بەڵام کرینیشی زیاتر بوو. زۆری نەخایاند تەقە لە ئەفسەرێکی بەرزی پارتی کرا، برایەکی کوژرا. تەقەش لە ئەفسەرێکی بەرزی یەکێتیش کرا کیژێکی بچووکی لەگەڵ بوو کوژرا. بەم دوو رووداوە شار شلەژاو ترس پەیدا بوو. گەرچی لەشارەکانی تر، لەشاخەکان لەرێگایەکان، لەگوندەکان، رووداوی جەرگبڕ رووبدا، بەڵام هێشتا هەولێر ئارام بوو.**

**لە 4-5-1994 لقی هەولێری (رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان) بەیاننامەیەکیان بڵاو کردەوە کە تێیدا هاتبوو: داواکارە هەردوو حزب پەنا نەبەنە بەر توندوتیژی، پێویستە نەرمی و هێمنیەکی تەواو بەکار بهێنرێت بۆ چارەسەر کردنی گیروگرفتەکان.**

**لەئێوارەی 6-5-1994 ، جەماوەری هەولێر ڕێپێوانێکی گەورەیان ساز کرد. جەماوەرەکە هاواریان دەکرد بژی، (بژی ئاشتی)، (شەڕمان ناوێ) جەماوەرەکە هێمنانە چوونە پێش (پارێزگای هەولێـر)، پارێزگارییان ویست، دیاربوو (عبد المهيمن بارزانی) پارێزگای هەولێر، دەنگی نەبوو. زۆری نەخایاند، (لێژنەی ئاسایی کردنەوەی هەولێر) گەیشتنە بەردەم ڕێپێوانەکە، (مەلا بەختیار)و (عارف تەیفور) ئامادە بوون، گوێیان لە دەنگی بەهێزی خەڵکەکە ڕاگرت. پەرۆشی ئامادەبووان بێ وێنە بوو، دڵسۆزییان بۆ حکومەتی هەرێم و ئەزموونە دیموکراسییەکە بوو. هاوارییان دەکرد بژی ئاشتی، بژی ئاشتی، نا بۆ شەڕ! پیرو گەنج، ژن و پیاو لێشاوی جەماوەرەکە هەر زیاد دەبوو، (مەلا بەختیار) هاتە قسە، بە پەرۆشییەوە لە ئاشتی دوا، دڵنیایی ڕاگەیاند کە شەڕەکە گەشە ناکات، کۆشش بۆ ئاشتی بەردەوامە، دڵسۆزەکان ناوەستن، خۆی لەگەڵ ئاپورەی خەڵکەکە هاواریکرد،: بژی ئاشتی نەفرەت لە شەڕی براکوژی، بژی ئاشتی جەماوەرەکەی ئارام کردەوە، بەهیوای بەرقەراربوونی ئاشتی خودا حافیزییان کرد جەماوەرەکە بەغاردان، بە پەلە، ڕۆیشتن، گەیشتنە بارەگای (م.س.یەکێتی) لەڕێگای عەنکاوە، ئاپوورەکە زوو گەیشت. لەوێش مامۆستا (گۆران) ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی، نیازی ئاشتی یەکێتیش و کۆششەکانی ڕاگرتنی شەڕەکەی بە خەڵکەکە ڕاگەیاند. بەهەمان سۆزەوە، خەڵکەکە ڕوویان گۆڕی بەرەو (لقی دووی پ.د.ك) لەشەقامەکەی نزیك کۆمەڵگای گوڵان و لق، دەنگی تەقە هات، جەماوەرەکە پەرتیان لێکرد، بڵاوبوونەوە، نەزانرا تەقەکان بۆ کرا ؟. گلەیی هەبوو، دوو بۆچوون لەسەر سەرچاوەی تەقەکان هەبوو، یەکەمیان: لەشیراتۆن بووە، دووەمیان، چەند چەکداری نەناسراو بوون، ڕەنگە پیاوانی ڕژێم دەستیان هەبوو بێت، تا ئاشوبە پەیدا بێت و ئاگری شەڕەکە خۆشتر بێت، بەهەر حاڵ، تەقەکان بایەخی زۆری پێ نەدرا.**

## **لە 6-5-1994 دە نووسەری شاری هەولێـر بانگەوازێکیان ئاراستەی هەردوو سەرکردایەتی کرد کە سێ خاڵی گرنگی تێدابوو، خاڵەکانیش ئەمانەن:**

1. **ئەوەی ئاگری براکوژی لەناو میللەتدا هەڵدەگیرسێنێ، دوژمنی هەرە گەورەی کوردەو دەبێت ریســـوابکرێت.**
2. **ماوە نەدەنە کەس، بیر لە تۆڵەستاندنەوە بکات، چونکە کارەساتی گەورەتری بەدوادا دێت.**
3. **ئەوانەی بوونەتە هۆی هەڵگیرسانی ئەم فیتنەو کوشتارە بە ڕێگایەکی یاسایی بدرێنە دادگـــاو بە سزای خۆیان بگەن.**

**وێنەیان دابووە حزبەکان، دەزگاکانی ڕاگەیاندنی هەرێم.**

********

**لە 7-5-1994، ڕێپێوانێکی هێمنانەی دژی شەڕو بۆ ئاشتی لە گۆڕەپانی (نیشتمان) بەڕێ کەوت، لەلای گۆڕەپانی (ئاشتی) تەقەیان لێکرا، زیانی گیانی هەبوو، ئەم جارە هەستی نارەزایی ترسی گەیشتێ، خوێنی ڕژا. ئەوانەی تەقەیان کرد ، نەزانران کێ بوون، تاوانباران دیار نەکەوتن و بزربوون. گەنجێکی عەرەب کوژرا، کە لە ڕێپێوانی ڕۆژی 6-5-1994 دەوری هەبوو، بە پەرۆشی هاواری دەکرد. کوژراوەکانیش دوو کەس بوون: (خالید خەلیل محەمەد ئەمین-1968) و (حەمید حسێن-1972) عەرەب**

*****

**لە سەرەتای هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ و رۆژانی تر، بەردەوام بانگەوازو بەیاننامەی ئاشتی و ئارام کردن و داواکاری بۆ گفتوگۆ و چارەسەری وەزعەکە بلاَو کرایەوە. دەزگای راگەیاندنی هەردوو حزب هێمنانە بلاَویان دەکردەوە، وەك ئەنجوومەنی بالاَی شۆرشی ئیسلامی لە عێراق / نوسینگەی کوردستان، دەستەی کۆمەلاَیەتی و رۆشەنبیری لەسەر ئاستی هەولێر و کوردستان، مامۆستایانی زانکۆ، کەسایەتی ناودارو زۆری تر، هەموو بە دڵسۆزییەوە داوای چارەسەریان دەکرد، گلەییان هەبـــوو لە بەردەوام بوونی شەڕەکە و رێگا گرتن لە ئاشتی. گرژی و رق و کینەو جنێوو پەلار لە راگەیاندنی هـــەردوو حزب لەسەرەتـــادا بەدی نە دەکرا، هێمنانە شتیان دەنووسی، کەم هەواڵی شەڕەکانیان بلاَو دەکردەوە، ئەوەیان جێگای خۆشحـــاڵی و موژدەی خۆشـــی بوون.**

## یاداشتی ئاشتی ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر

**بۆ بەرێزان لە هەردوو م. س.**
**پارتی دیموکراتی کوردستان-یەکگرتوو**
**یەکێتی نیشتمانی کوردستان.**

**گەلانی جیهان هەموویان گەیشتن بە مافی چارە نووسی خۆیان، ئێمەی لەو کاتەی دوای سەدان هەزار قوربانی و وێران بوونی تەواوی کوردستان و ئەنفال و کیمیاباران و قەلاَچۆکردنی بەشێکی زۆری گەلی کوردستان و دوای راپەرینی مەزن و پیرۆزو رەخسانی بارودۆخی ئیقلیمی و جیهانی بۆ هاتنە کایەی کیانێك بۆ گەلەکەمان ئەوا خەریکە بەدەستی خۆمان ماڵی خۆمان وێران دەکەین، دەبێت هەمووومان بە کردەوە ئەو راستی یە بسەلمێنین کەوا گەلی کوردستان لەسەر هیچ کەس و حزبێك تاپۆ نەکراوەو ئەمرۆش لەدوای گۆرانکارییە گەورەکانی جیهان، باوی دیموکراتیەت و رێزگرتن لە مافی مرۆڤ و چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەکانە. رووداوە دڵتەزێنەکانی ئەم دواییەی کوردستانی باشوور ئەنجامی ململانەی حزبایەتی و رێزنەگرتنی لە ئیرادەی گەلی کوردستان پێشێلکردنی یاسایەو ئەگەر خوا نەخواستە بەردەوام بێت ئەوا مەرگ و ریسوایی بۆ هەمووومان دێنێت بە بێ (استثناء)، سەدامی گەلکوژو درندە ئاواتی گلاَوی خۆی هەیەو گەلی کوردستانیش کام هیواو ئاواتی پاکی خۆی هەیە. ئینجا ئایا سەرکردەکانی گەلی کوردستان کام هیواو ئاوات بەدی دەهێنن ؟**

**تاقی کردنەوەی تاڵ و پڕ لە پەندو دەرسەکانی کەمبودیاو ئەفغانستان و لوبنان و یەمەن و سۆماڵ و ئەنگولا و راونداو یوگسلافیا، زۆر زەق و ئاشکران. خۆ ئێمە وەکو ئەوان کیانی سەبەخۆشمان نی یە و هەموو پارچە داگیر کراوەکانی تری کوردستانیش چاوی پڕ لە حەسرەتیان بریوەتە ئێمە. دەبا ئێمە هەمووومان بەیەکەوە بە یەکجاری واز**

**سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەوانی هەولێر**
**عەبدولقەهار عەزیز عەلی**

**وەزعەکە، هەرچەندی بانگەوازی ئاشتی و نارەزایی بلاَوبۆوە، ئارامی پێوە دیار نیەو دیدارو دیمانەکان چارەسەری پێوە دیار نی یە و سەرپێچی هەیە، بۆیە بازاڕی هەولێر گەر چی شەڕیشی تیدا نەبوو و ئارامی و هێوریی هەبوو، بەلاَم گەیشتنی خواردەمەنی زەحمەت بوو،نرخی خواردەمەنی بەرز بووە. لەڕۆژی 8-5-1994 ، نرخی خواردەمەنی لە بازارەکانی هەولێر بەم جۆرە بوو:**

**یەك کیلۆ شەکر گەیشتە 120 دینار،**

**کیلۆیەك چا 100 دینار،**

**ئاوی تەماتە 40 دینار،**

**یەك کیلۆ روون بە 80 دیناربوو. ئەم نرخە بەرزانە لە بازاڕی هەولێر، نیگەرانی دروستکرد، خەڵکەکە خۆی وەزعی ئابووری چاك نەبوو، ژیانیان مسۆگەر نەبوو، هەزارەها خێزان سەرچاوەی ژیانی ڕۆژانەیان فرۆشتنی کەلوپەلی ناو ماڵی خۆیان بوو. موچەی فەرمانبەران بەشی دوو ڕۆژی نەدەکرد، بێ کاسبی و نەبوونی پرۆژەی بەخێرو پەککەوتنی کارگەکانی بەرهەمهێنان، بۆیە گلەیی و گازندە سەدای هەبوو، تووڕەیی هەستی پێدەکرا، جەماوەری راپەڕیوو بە هەموو بریارو رووداوی تازە رازی بوون، نەفرەتیان لە رژێمی دیکتاتۆری بەغدا کردو بە بە چارەنووسی نەدیاری خۆیان رازی بوون و یەك دەنگ و لە هەڵبژاردنێکی بێ وێنەدا دەنگیان بۆ ئاشتی و دیموکراسی و کارگێری حزبە کوردستانیەکان دابوو. ئینجا لە پاداشتی ئەو دڵسۆزی و قوربانی و کۆچڕەو و ئەنفالدا، شەڕی ناوخۆ لەسەر دەسەلاَت، توشی گرانی برسییەتی دەکرێن.**

********

**دیارە گرانی و بەرزبوونەوەی نرخی خواردەمەنی بەهۆی نائارامی و بەردەوام بوونی شەڕەکەیە. بەلاَم کۆمیتەی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی پارێزگای هەولێر، بڕیارێکی دەرکرد کە ئەمەش دەقەکەیەتی :**

## **جەماوەری پارێزگای هەولێر**

**لەم هەڵومەرجەدا کە گەلەکەمان چاوەروانە کێشەی شەڕو کوشتارو ماڵوێرانی لە کوردستان لە کۆڵ ببێتەوەو خۆشبەختانە شەوی رابردوو بۆ خاو کردنەوەی ناکۆکییەکان و دابینکردنی سەیتەرەکان و کشانەوەی هێزەکان، رێکەوتن لەنێوان یەکێتی وپارتی و هێزەکانی دیکەی بەرەی کوردستانی مۆرکراوە. هەر دوێنێ بەیانیش بریار دراوە کە بریارەکان جێبەجێ بکرێت. کەچی دیارە هەندێ خەڵکانی چاوچنۆك و قاچاخچی سەر گەرمی ئەوەن بە هەڵپە شتومەك لە بازاری هەولێرەوە بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەلاَتی رژێم دەبەن. هەر ئەویشە بویتە هۆی سەرهەڵدانی گرانییەکی زۆرو لە رادەبەدەر کە هەرگیز لە تەحەمولی هاوولاَتیاندا نی یە، ئێمە لە کاتێکدا ئەو کارانە بە تاوانی گەورە دەزانین و وەکو تاوانباری یاسایی لەگەڵ ئەو کەسانەدا دەکەین کە بەم کارە هەڵدەستن، داواش لە دڵسۆزانی پارێزگای هەولێر دەکەین کە لە هەر رێگاو بانێکەوە، لە هەر ئاکارو شوێنێکەوە، سەیارە یان کاروانی قاچاغچی دەبینن بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی رژێم دەروا، دەست بەجێ ئاگادارمان بکەن و پەیوەندی بەم دوو ژمارە تەلەفۆنەوە بکەن: 24347، 20230، هەتاکو مەفرەزەیان بۆ بنێرین، هەروەهـا سەیتەرەکانیش بەهیچ شێوەیەك نابێ رێگەی تێپەڕبوونی قاچاغچییەکان بدەن.**

**کۆمیتەی ئاسایی کردنەوەی**
**بارودۆخی پارێزگای هەولێر**

**گەرچی بەیانەکەی کۆمیتەکە زۆر توندبوو، بەلاَم، کام مەفرەزە دەچێتە سەر رێگای قاچاغچییەکان، ئەگەر هێزی هەردوو حزب لەیەکتری چوونەتە سەربان و لە شێوەی ئامادەباشی دان و هێزی ئاسایش و پۆلیس نیمچە دابڕاوو لەیەکتری جیا بونەتەوەو دەسەلاَتیان لاوازەو چەکدارەکانی تریش تەیارن لە ترسی یەکتر. ڕاستە لەم رۆژانەدا شەکرو خواردەمەنی بەرێگای لای چەپ و گوندەکان بە ئۆتومبێل دەڕۆیشتن، بەلاِم زیاتر هۆی گرانی نرخی خواردەمەنی زیاتر لەبەر بواری نەهاتنی بوو، رێگاکان تەقەو کەمین و شەری تێدابوو، هاتووچۆی نێوان (مەسیف- شەقلاوە)و (شەقلاوە- حەریر) ئارام نەبوو، هەر بەشێکی لەژێر کۆنترۆڵی هێزێك بوو، هەر حزبەو تێروانینی جیاوازیان هەبوو، هەڵسوکەوتیان وەك یەك نەبوو، گەر یەکێکیان رێگای خۆش کردبایە ئەوی تر رێگای دەگرت یان تەقە دەبوو.**

********

**-لە 9-5-1994 لەژێر ئەم دروشمانە، کۆمەڵێك فێرخوازی زانکۆی سەلاحەدین، بە ریپێوانێکی هێمنانە چوونە بەردەم بارەگای رێکخراوی مافی مرۆڤ لە کوردستان لقی هەولێر. دروشم و داخوازییەکانی ئەمانەی خوارەوە بوون:**

**1. دەبێت ئەم شەڕە دەست بەجێ لە هەمـــوو شوێنەکاندا رابگیرێ و کێشەکان لەرێگای گفتوگۆی ئاشتیانە چارەسەر بکرێت.**
**2. نەهێشتنی دیاردەی چەکداری و چۆڵکردنی شـوێنە گشتییەکان و سەر باڵەخانـــەکان لەلایـــەن چەکدارانی هەردوو حزبەکە.**
**3. بژاردنی سەرجەم ئەو زەرەرو زیانانەی کە لەئاکامی ئەم شەڕەدا لە خەڵك کەوتووە.**

**لە کۆتاییدا ئامادەبووان ئاماژەیان بە خاڵێکی گرینگ کرد کە دەڵێ:**
**لە شەری ناوخۆدا سەرکەوتوو ژێرکەوتوو نیە، بەڵکو گەورەترین و کاریگەرترین هاوکاری بەچۆك داهێنان و لاوازکردنی گەلەکەمان لەبەرامبەر دوژمنانیدا، بژی ئاشتی، بژی سەربەستی، نەفرەت لە شەڕو خوێن رشتن و براکوژی.**
********

**-لەبەر کۆششی بەردەوامی هێزەکان و کەسایەتییەکان، هەولێر ئارام بوو، بەلام رۆژی 8-5-1994 دەنگێ پەیدابوو، کە دوو کادری سیاسی و عەسکەری یەکێتی لە (ئاکرێ) کوژراون، هەردووکیان (رێبازو مەلا سلێمان) خەڵکی شاری هەولێر بوون و ناوبانگیان بەچاکی و دلسۆزی فیداکاری رۆیشتبوو. بۆیە مقۆمقۆیەکە گلەیی و نیگەرانی دروستکرد. هەواڵەکە بەچەند شێوە بلاوبۆوە، گوایە بریندارا ن و لە نەخۆشخانەی (ئاکرێ) تیماردەکرێن، بەلام کە خزموکەسیان گەیشتنە ئاکرێ، کوژرابوون، هەردووکیان بە هێمنی شاردنەوە و بێ دەنگ گەرانەوە، ئەوەی وەزعەکەی سارد کردەوە، راگەیاندنی یەکێتی کەم و زۆر باسی کوشتنی ئەو دوو کادیرەی خۆی نەکرد، کە هەواڵەکەش بەراستی گەیشت، مەسەلەکە ساردبۆوەو کە تەرمەکانیشیان نەهێنانەوە هەولێر، خزمەتی هێمنی هەولێری کردو ئالۆزی پەیدا نە بوو.**
********

**-ئەوانەی لە سالانی زوو لە سیاسەت کاریان دەکردو ئاگاداربوون، ئەوە جاران باوبووە، بۆ هاوکاری یان نارەزایی لە رووداوێکی سیاسی، دەستەیەك یان حزبێك، تەوقیعیان کۆکردەوەو ئاراستەی لایەنی بەرپرسیاریان دەکرد، تەوقیعی زۆرتر نیشانەی سووربوون و جەماوەری زۆرتر بوو، بۆیە لەسەرەتای رۆژانی هەڵگیرسانی ئەم شەرە ئەم دیاردەیە هەستی پێکرا، هەموو رێگایەك تاقی کرایەوە، ئەم جـــارە ئیمزا کۆدەکردنەوە!! لەشاری هەولێر، بۆ ئـــاشتی و نارەزایی لە نەگەیشتنی بەرێکەوتن 33616 تەوقیع کۆکرایەوە.**
********

**-لە 11-5-1994 کەرو لالان و کەم ئەندامەکانی کوردستان، - لقی هەولێر، بانگەوازیان بۆ هەردوو م.س پارتی و یەکێتی هەبوو، لە کۆتایی بانگەوازەکەیاندا وا هاتبوو:**
**(لەبەر خاتری ئێمەو گەورەیی خودا و بێ دەسەلاتی ئێمە، ئەم شەڕە راگرن، دەست لە ملی یەك کەن، با برایەتی و تەبایی هەتاهەتایێ بپارێزین. بژی ئاشتی، بژی تەبایی، بژی برایەتی).**
********

**هەروەها کۆلیـــژی پزیشکی زانکۆی سەلاحەدین بانگەوازی ئاشتیان هەبـوو.**
*******

گەرچی گرژی و نا ئارامی و گرانی لە هەولێر هەبوو، بەلاَم دەوامی خوێندنگاو زانکۆو دەزگاکانی حکومی باش بوو، وەزعی سلێمانی و گەرمیان و بادینان ئاسایی نەبوو. لێرەولەوێ سەنگەریان لەیەکتری گرتبوو، تەقەو شەڕ هەبوو، بەلاَم لە هەولێر ژیان ئاسایی بوو، دیارە ئەمەش ئیشی زۆری بۆ کرابوو. لە کۆبونەوەیەکی بەرز لەلایەن (نێچیرڤان بارزانی)و (د.فوئاد مەعسوم)و (د.ئەحمەد چەلەبی) بۆ مەبەستی هێمنی شاری هەولێر ساز کرابوو، بڕیاریش درابوو، هێزی یەکێتی لە سلێمانی و گەرمیان نەگاتە هەولێرو هەروەها هێزی پارتیش لە بادینان بەرەو هەولێر نەپەڕنەوەو هەردوولا ئیلتزام بەم بڕیارە بکەن، واش بوو. بەلاَم هێزی هەردوولا لە ناوچەکانی تر جووڵەیان زۆر بوو، بەلاَم لەشاری هەولێر نەبوو.

****

-لە 9-5-1994 بیست و چوار پەرلەمانتاری (لیستی کەسک) لە پەرلەمان ئامادەبوون بۆ بەستنی کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان، بەلاَم (لیستی زەرد) ئامادە نەبوون، بۆیە کۆبوونەوەکە نەبوو. بە نەبەستنی ئەو کۆبوونەوەیە (نەژاد عەزیز ئاغا)ی جێگری سەرۆك پەرلەمانی کوردستان وتی:

ئەندامی پەرلەمان سوێندی خواردووە بۆ خزمەت و قازانجی گەلی کوردستان ئیش بکات، ئامادەبوونیان خزمەتی گەلی تێدایە.

دیارە نەبەستنی و ئامادەنەبوونی لیستی زەرد ئەوەبوو، سەرۆکی پەرلەمان (جەوهەر نامق سالم) کە لەلیستی زەرد بوو لە هەولێر نەبوو. بیانووشی ئەوە بوو، کە پەرلەمان لە هێزەکانی یەکێتی نزیکەو بۆ ئەو جێگای مەترسییە.

****

-لە 22-5-1994 لەنێوان چوارڕیانی عەنکاوە و نەورۆزدا (گازینۆ عەنتەر) شەڕێکی سەخت ڕوویدا. هەولێری هەژاند. لێژنەی ئاسایی کردنەوەی بارو دۆخی هەولێر گەیشتنێ. ناوچەکە یەك پارچە ئاگر بوو، خۆیان گەیاندە مەڵبەندی شەڕەکە، توانییان کۆنترۆڵی وەزعەکە بکەن و شەڕەکە ڕاگرن، لەگەڵ تەقە و گرژی و ناوبژیوانی لێژنەکە، جەماوەرێکی زۆر لە نزیکەوە هاواریان دەکرد، بژی ئاشتی شەڕمان ناوێ.

****

-لە ئێوارەی 29-5-1994 شەڕێکی سەخت لە نزیك هۆڵی زەردو بارەگای (قوتابیان)و بارەگای یەکێتی لەسەر شەقامی شێست مەتری ڕوویدا، لێژنەی ئاسایی کردنەوە گەیشتنێ و وەزعەکەی هێمن کردەوە، زیان بە هۆڵی زەردو وەزارەتی ڕۆشنبیری گەیشت و ماڵی کادیرێکی یەکێتی کە لەپشت هۆڵی زەرد بوو سوتا، بەیانی پارتی وتی:

ژووری جێگیری وەزارەت کە لەسەر لیستی زەردە تالاَنکرا، بۆ هێور کردنەوەی ناو شاری هەولێر (مەسعود بارزانی)و (کۆسرەت ڕەسول عەلی) بانگەوازییان هەبوو بۆ هێمن کردنەوەی گرژییەکان، وتیان (نیاز وایە لە تورکیا دیداری ئاشتی ساز بکرێت)، مژدەی ئاشتیان پێ بوو.

****

-سەرەتای شەڕ ئازوخە نەدەگەیشتە هەولێر، بۆیە نرخی خواردەمەنی زۆر بەرز بۆوە، دوایی هێدی هێدی دەرگای هاتن ئازووخە کرایەوە، بەلاِم بە پسولەی تایبەت

که هۆی نەهاتن و کەمی ئازوخە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی بازرگانەکان خۆیان ترساون و هەروەها مشە خۆران و نەفسنزم وەزعیان بە هەڵزانیووەو ئازوخەو خواردەمەنی بە شێوەیەکی زۆر بۆ ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی رژێم ئاودیو دەکەن. هەروەها لە کۆتاییدا نووسرابوو، هەرێمی کوردستان هەر چۆن بێت، یەك خاك و یەك ئابووری و یەك گەلەو هەتا هەتایش هەروا یەکگرتوو دەمێنێتەوە.

****

لافاوی راپەرین، زۆر شت و دیاردە و دەموچاوی راپێچ کرد، دیاردەی تازە هاتە مەیدان، ئەوەی زۆرترو تازەترین شت لە بازارەکانی کوردستان پەیدابوو (دۆلار) بوو، بە دەگمەن هەبوو دۆلاری لە گیرفانی خۆی دیبوو، زۆر هەبوون هەر دۆلاریان نە دیبوو، زۆرجار ئەوەمان بەر گوێ دەکەوت: لەوەتی ئەو دۆلارە لەعنەتە پەیدابووە لە برسان مردیین. رووت و رەجال بووین، کافرە ئەو دۆلارە، محتاجی کردیین، چاومان لە دۆلارە، دۆلاریش بوویتە میرکوری بازارەکانی کوردستان، رۆژانە لەبازاری شێخەڵلاَی هەولێــر کەم کەس هەیە سەودای بەدۆلار نەکات. دینارە دەبێتە دۆلار و کەل و پەل و خواردەمەنی پیَ دەکرێت و دەبێتە دینارو دیسان دەگۆڕێتەوە بۆ دۆلار، دۆلار وەکو ئۆکسجین پێویست بووە، ژیانمان بە ئارەزووی دۆلارە، رۆژ بە رۆژ نرخی بەرز دەبێتەوە ، هەواڵێك ، رووداوێك، کارەساتێك، چوونی وەفدێك ، رێگا گرتن، نرخی دۆلار دەگۆڕێت، بەلاَم لە هەموویان کوشندە تر بەرز بوونەوەی نرخی دۆلاربوو و نرخی دیناریش هەر بەرەو خوارەوە بوو. بە سرکردنی بانەکۆتی 25 دیناری سویسری لەلایەن رژێمی عێراقەوەو دابەزینی نرخی دینار بە چاپ کردنی پارەیەکی زۆر لە دیناری قەلپ و کرینی خواردەمەنی بە هەردوو جۆرەکانی لە بازارەکانی جیهان، بێجگە لەوانەی لاوازی و شکانی لایەنی سیاسی و جیَ بە جیَ کردنی بڕیارەکانی UN لەلایەن رژێمی عێراق و لاساری و سەرپێچی بەردەوامی. ئەوانەی هۆی سەرەکیین بۆ بەرز بوونەوەی نرخی دۆلار لە بازارەکانی عێراق و کوردستان، بەلاَم بە هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ نرخی دۆلار بەرز بۆوە، ئەوەش لەبەر نائارامی و مەترسی خەڵکەکە لە سەرمایەکانی و کۆچ کردن و کەمی هاتنەوەی کوردە ئاوارەکان لە دەرەوەی وڵاَت کە سەرمایەکی چاك بوون، ئەوەش هەر لەبەر هەڵگیرسانی شەڕەکە بووە. نرخی دۆلار لە مایسی 1993، (32) دینار بووە، بەلاَم لە مایسی 1994 واتە لەسەرەتای هەڵگیرسانی شەڕەکە نرخی یەك دۆلار لە بازاری شێخەڵلاَی هەولێــر گەیشە (68) دینار، واتە نزیکەی دووقات بەرز بۆوە، ئەو نرخەش بەدەگمەن ئەگەر نا لەهەموو بازارەکانی کوردستان وەك یەك بووە. کە دووکەڵ بەرز بۆوە و ئاگرەکە مەشخەڵی داو دیمانەکانی ئاشتی درێژەی کێشاو خوێن زیاتر رژاو نائومێدی پەیدابوو، لەماوەیەکی کورتدا شێتانە دۆلار بەرز بۆوە، لە 28-5-

# کۆبونـەوەی شیرین پالاس

-لە ئۆتێلی (شیرین پالاس) جوانترین ئۆتێلی شاری هەولێــرو لە سەنتەری شاردا، لە رۆژی 5-6-1994 کۆبوونـەوەیەکی گرینگ و چارەنووساز لە نێوان (مەسعود بارزانی)و (مام جەلال تاڵەبانی)و سەرکردایەتی هەردوو حزب و بە ئامادەبوونی (حسن النقیب و د.ئەحمەد چەلەبی) ساز کرا. ناوچەکە بە هێزی ئاسایش و هێزی INC و چەکدارێکی زۆر کۆنترۆڵکرا، خەڵکی کوردستان و کورد هەموو بە پەرۆشەوە چاوەروان بوون لە شیرین پالاس دیداری شیرین و قسەی شیرین بکرێت و شەڕی ناوخۆ رێگاچارەیەکی بۆ بدۆزرێتەوە، کۆبوونەوەکە سەرکەوتووانە و برایانە کۆتایی پێ هات، هەروەها ژووری عەمەلیاتی هەولێــر درێژەیان بە کۆبوونەوەکەیان دا و بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی هەولێــر لە کۆبوونەوەی رۆژی 5-6 -1994 بڕیار درا:

1. ئیداراتی هەرێم و پارێزگای هەولێــر ئەمڕۆ6-6-1994 دەست بکەنەوە بە دەوامی ئاسایی خۆیان.
2. پۆلیس و ئاسایشی هەولێــر بگەڕێنەوە سەر کاروباری ئاسایی خۆیان و ئیلتیزام بە دەوامی رۆژانەی خۆیان بکەن.
3. جگە لە مەفرەزەو هێزی هاوبەشەکان و پۆلیس و ئاسایشی هاتوچۆی چەکداران لەناو شاری هەولێــر قەدەغە بکرێت.

****

**بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شاری هەولێـر لە 1-6-1994 دیداری (مەسعود بارزانی)و (کۆسرەت رەسول عەلی)و (د.ئەحمەد چەلەبی)و (عبدالخالق زەنگەنە)و ئەندامانی سەرکردایەتی هەردوو حزب ئەنجام درا، لەم دیدارە بریاری ژمارە 8 لەلایەن لیژنەی ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی شاری هەولێـر دەرچوو کە بریتی بوون لەم چەند خاڵە:**

1. **هێنانە خوارەوەی چەکدارەکان لەسەر بیناکان و دوورخستنەوەیان لە گەرەکەکان و شوێنی هاوولاتیان.**
2. **هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو بارەگانەی کە لە دوای 1-5-1994 دامەزراون.**
3. **لابرنی هەموو بازگە حزبییەکانی ناو شارو دەوروبەری ناو شار.**

# ژنانی سلێمانی لە هەولێر داوای ئاشتی دەکەن

**ژنە شەهیدو خزم و کەسە شەهیدان بە پیادەیی لە سلێمانیەوە بەرەو هەولێـر بەرێ کەوتن. پەیامی ئاشتی دانیشتنەوەی پەرلەمان و کۆتایی هێنان بە شەری ناوخۆو دانیشتنی (مەسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی)یان پێ بوو. شەوی 27/28 -5-1994 بەرێگای کۆیە گەیشتنە هەولێر، نیازیان وابوو لە دەربەندی گۆمەسپان بۆ پیرمام سەرکەون و دیداریان لەگەڵ مەسعود بارزانی و م.س پارتی بێت، بەلام چوونیان نەگونجا. شەو لە هەولێر لە مزگەوتی (حاجی برایمی گەردی) لەرێگای کۆیە دابەزین، بەیانی بە ناو شارداو بە پیادەیی گەیشتنە (تەلاری پەرلەمان) جۆش و حەماسیان هەبوو، قسەیان دەکرد، ئاخاوتنیان سەرنج راکێش بوون، ژنی بە دەم و ژان، دڵ بە ژان بوون، چاویان مشت فرمێسك بوو. بۆچوونەکانیان بەردی دەتاواندەوە، جۆری هاتنیان و شێوەی قسەکردنەکانیان و مەبەستیان جۆرێکی تازەبوو لە خەباتی جەماوەری. ژنانی هەولێـــر بۆ پاڵپشتیان سەردانیان کردن، دیداری تەلەفزیونی و رۆژنامەگەرییان زۆر لەگەڵ سازکردن، حزبەکان و رێکخراوە جەماوەریەکان و کەسایەتی ناودار سەردانیان دەکردن. لە تەلاری پەرلەمان لە شێوەی مانگرتن مانەوە.**

**ژمارەی ژنەکان 200 ژنی جەرگسوتاو بوون، لە 24-5-1994 لە گۆرەپانی (شەهید ئارام)ەوە لە سلێمانی بەرێکەوتن، یاداشتنامەی 5362 ژنانی سلێمانیان هەڵگرتبوو، یاداشتنامەیان ئاراستەی مام جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی و کۆسرەت رەسول و د.رۆژ نوری شاوێس کرد. یاداشتەکەیان بریتی بوو لە 10 خاڵ، کە ئەمانەی خوارەوەن:**

1. ڕاگرتنی شەڕ لەهەموو شوێنی کوردستانی عێراقدا بەبێ قەیدو شەرت.

2. هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی سپی لەمێژووی پڕ کارەساتی گەلەکەمانداو ڕاگرتنی توندوتیژی و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ.

3. جێ بە جێ کردنی ڕێکەوتننامەکان و ڕێز گرتن لێیان.

4. پاراستنی دامودەزگاکانی حکومەت.

5. پاراستنی سەرو ماڵی هاووڵاتیان و بنبڕکردنی دیاردەکانی دزی و تیرۆر.

6. پاراستنی بنەماکانی دیموکراسیەت و ڕێز گرتن لە ڕاوبۆچوونی یەکتر.

7. با یاسا سەروەر بێت و ڕێز لە بڕیارەکانی بگریین.

8. داوا لە سەرکردەکانی هەردوو حزب دەکەین بەهۆی تەلەفزیون و هۆیەکانی تری ڕاگەیاندنەوەهەوڵی هێمن کردنەوەی جەماوەر بدەن.

9. نەمانی دیاردەی چەکداری لە ناو شارو شارۆچکەکاندا.

10. چەسپاندنی دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و ڕێزگرتنی بڕیارەکانی.

بەپێی هەواڵەکان، دوو شەو ژنەکان دەرگای پەرلەمانیان بۆ نەکرایەوە. جێگری سەرۆکی پەرلەمان و فراکسیونی کەسك سەردانیان کردن.

خاتوو (مارلین کروشا) نوێنەری ڕێکخراوی ناحکومییەکان لە سلێمانی، بەشداری ڕێپێوانەکەی کردبوو، لە 31-5-1994 بە تەلەفۆن لەگەڵ (سەربەست میران) لە دەنگی ئەمریکا- بەشی کوردی قسەی کرد وتی :
(لە 24 ی ئەم مانگەوە ڕێپێوانەکە دەستی پێکردو بەپێچەوانەی ڕای هەموو ئەو پیاوانەی کە باوەڕیان نەدەکردو دەیان ووت سەرناگرێ، دوای پێنج ڕۆژ گەیشتینە هەولێــر، وا لەوێ دانیشتوون، داوا لە حزبە سیاسییەکان دەکەن، کە ئەم شەڕە ڕاگرن. دوێنێ نوێنەری 13 ی حزبی سیاسی بۆ دەربڕینی پشتگیری لەم ژنانە هاتن، کە نوێنەرایەتی حزبە سیاسییەکانی هەموو پارچەکانی کوردستان بوون، تەنیا پارتی دیموکراتی کــوردستان نەبێ، کە قایل نەبووە بیبێتە پەرلەمان). هەروەها باسی ناخۆشی هاتنیانی کرد.
ئەو ژنانەی بەشداری ڕێپێوانەکەیان کردبوو، تەمەنیان لە 75 ساڵیدا هەتا 20 ساڵیان لەگەڵ بوو، هەبوو زارۆکی ساواو منداڵی زۆرو دەوامیان جێهێشتبوو،لە هاتنیان توشی جۆرەها نەخۆشی هاتبوون وەك: سك چوون، ڕشانەوە، دابەزینی خوێن،

وەك چۆن خاتوو (مارلین گرۆشکا) بۆ دەنگی ئەمریکا- بەشی کوردی وتبووی، نوێنەری حزبەکان سەردانیان دەکردن، ڕێکخراوە جەماوەرییەکان و نوێنەری ڕێکخراوە خێر خوازەکانی جیهانی هاموشۆیان دەکردن و یارمەتییان دەدان و خواردەمەنییان بۆ ئامادە دەکردن وەك: میدیکۆ،

UN، شیلتەر ناو و پۆلیسی Wells of life, Alm, Ldon aul debbil meds

لە 29-5-1994 نوێنەریان بەرەو مەسیف چوون لەوێ (علی عبداللە) جێگری سەرۆکی پارتی و فەرنسۆ هەریری پێشوازییان لێکردن. لە 1-6-1994 نوێنەری لقی 2 ی پارتی سەردانیان کردن، هەروەها دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سویسری و فنلندی و هۆڵەندی دیدارییان کردن. لە شێوارەی 6-6-1994 مام جەلال چاوی بە نوێنەریان کەوت. لە 7-6-1994 کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەرییان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن سازکرد، لە سەرجەم لێدوانەکانیاندا داوای ئاشتی و گەڕانەوەی هێمنییان دەکرد. پاش مانەوەیان بۆماوەی 15 ڕۆژ دیداری گەرمیان هەبوو، پاش نیوەڕۆی 11-6-1994 لەلایەن فراکسیۆنی کەسك و مۆرو ڕێکخراوەکانی ئافرەت و ژنان بەرەو سلێمانی بەڕێکرانەوە، کە گەڕانەوە ژمارەیان گەیشتبووە250 ژنی سلێمانی و دۆکان و کۆیەو لە ڕۆژانی مانەوەیان لە هەولێر سەداو دەنگیان بەردەوام بوو، بە سۆز دیدارییان دەبەست، پەیامنێری ڕۆژنامەکان دەچوونە لایان.

گەر چی سەرەتا نوێنەری پارتی دیداری نەکردن، بەلاَم لە 1-6-1994 لە بارەگای ڕۆژنامەی (برایەتی) سەرۆکی پەرلەمان و سکرتێری پەرلەمان و فراکسیۆنی زەرد دیداریان کردن و سەرۆکی پەرلەمان (جوهر نامق سالم) وتی:

گلەییتان هەبوو کە پێشوازی و سەردانی ئێوەم لە تەلاری پەرلەمان نەکرد، من چۆن بتوانم سەردانتان بکەم کە پەرلەمان گیراوەو هیواشمان زۆرە کاری پەرلەمان ئاسایی ببێتەوە. هەروەها لە 8-6-1994 ژنەکان سەردانی ( لاحەدین دەلۆ) جێگری وەزارەتی دارایی و ئابوورییان کرد، کە لەسەر لیستی زەرد بوو.

گەرچی ڕێپێوانەکەی ژنانی کەسوکاری شەهیدانی سلێمانی جۆرێکی تازە بوو لە خەبات و کۆشش، بۆ ئاشتی و گەڕانەوەی هێمنی و یاســاو سەقامگیری حکومەت و پەرلەمان، ژنانی تریش لەم وەزعە تاڵەدا کۆششیان بەردەوام بووە، لە بۆردی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان نوێنەریان دەنگیان هەبوو، ڕێپێوانی بەردەوامییان هەبوو، دیدارو سەردانیان دەکردن، گلەیی و گازندەیان بەردەوام بوو.

لە 6-6-1994 ژنان ڕێپێوانێکی هێمنانەیان بۆ بەردەم (ژووری عەمەلیاتی هەولێر) سازکرد، بەشداربوانی ڕێپێوانەکە نوێنەری ئەم ڕێکخراوانە بوون:

1. یەکێتی ئافرەتانی کوردستان
2. کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان
3. بزووتنەوەی ئافرەتانی پارتی پارێزگارانی کوردستان
4. نوێنەری ژنانی مانگرتووی ناو پەرلەمان
5. یەکێتی ژنانی کوردستان
6. یەکێتی ئافرەتان زەحمەتکێشانی کوردستان
7. ئافرەتانی بزووتنەوەی ئاشوور
8. کۆمەڵەی خێر خوازی شەهید کارزان.

## پرسیارەكانی بكالۆریا وەك كولێرا بلاَو بۆوە!

لەناو شاری هەولێــر بووە مقۆمقۆ گوایە پرسیارەكانی كۆتایی (بكالۆریای ئامادەییەكان) ئاشكرا بووە، فرۆشراوە، لەكاتی رۆنیوكرنیدا دزراوە. ئەوەی دەوڵەمەندە و پارەی زۆرە دەقی پرسیارەكانیان كریبوو. كە رۆژەكانی تاقیكردنەوەكان نزیك دەبۆوەپرسیارەكان هەرزانتر دەبوون. قسەَ كەوتە زارێكی، كەوتە شارێكی. پرسیارەكان كەوتە دەستێك گەیشتە ناو دەستان، خوێندكاران جوولاَنەوە، راگەیاندنی حزبەكان راستەوخۆو نا راستەوخۆ ئیشارەتیان پێدا. ئەوانەی پرسیارەكانیان چەنگ كەوتبوو، یان لەبازاڕی بێ یاسایی و بەرەڵلاَیی بەرپرسیارانی ئەزموونەكان پرسیارەكانیان كڕیبوو، شادومان بوون كە پلەی چاَك بەدەستدەهێنن و باشترین كۆلیژ هەڵدەبژێرن، ئەوانەی بە كۆششی خۆیان نیازی هێنانی پلەی باشیان هەبوو، ئەفسوسیان خوارد و نیگەران بوون.

ئاشكرابوونی پرسیارەكان زۆر شتی دەگەیاند، لە هەموویان گرنگتر لاوازی وەزارەتێكی حكومەتی هەرێم، ئەویش (وەزارەتی پەروەردە) مەترسی دەخستە ناو قودسییەتی زانكۆكانی كوردستان و بروای كەم دەكرد. بە كارەساتەكە بەراستی شوورەیی و بەرەڵلاَیی نیشان دەدا. تا سێیەم رۆژی تاقیكردنەوەكان (د. ناسح غەفوور) وەزیری پەروەردەو بەرپرسی یەكەمی ئەزموونەكان سووربوو لەسەرئەوەی كە مەسەلەكە پروپاگەندەیە، ئەمەشی لە دیمانەیەكی تایبەت بە تەلەفزیۆنی (گولاَن) لە 1994/6/26 و رۆژنامەی برایەتی ژمارە 1979ی رۆژی 1994/6/28 دەقەكەی بلاَوكردەوە. وا لەخوارەوە بەشێكی دەنووسینەوە:

تا ئەو رۆژەش ئێمە وەكو وەزارەتی پەروەردەو لیژنەی بالاَی ئەزموونەكانی گشتی بەرپرسیارین راستەوخۆ لێیان و پاش ئەو مێژووەش بەڕێوەبەرایەتی گشتییەكانی پەروەردە بەرپرسیارن، هەرچەندە ئێمە خۆمان بە بەرپرسیار ئەزانین پاش ئەو مێژووەش تا ئەمڕۆ 1994/6/26 كە سێیەم تاقیكردنەوە ئەنجام ئەدرێ هیچ یەكێك لەو

بە کورتی وەزیری پەروەردە سەرەتا نکۆڵی لێکردو وەزعەکەی هێمن کردەوە، بەلاَم زۆری نەخایاند دەنگەکان کپ نەبوون، ئەوەی زۆر کاری لە وەزیر کرد، هەفتەنامەی گولاَن بوو، ئەویش وەلاَمی دایەوە، هەموو لایەك مەسەلەکەیان ژیاندەوەو ئیشیان بۆکرد. بۆیە مەسەلەی ئاشکرابوونی پرسیارەکانی ئەزموونەکان تەشەنەی کرد و زیاتر ئاشکرابوو، بواری ئەوە نەما چیتر بە پڕوپاگەندە لە قەڵەم بدرێت، بووە راستی. بۆیە بڕیاردرا تاقیکردنەوەکانی کوردستان (الغاْ) بکرێت.

لە سلێمانی خوێندکاران ڕێپێوانیان سازکرد کە لە سلێمانی (الغاْ) نەبێت. بەلاَم لە هەموو کوردستان الغاْ بوو. لیژنەی بەرز بۆ بەدوواچوونەوە و سۆراخ دامەزرا، چەند کۆبوونەوەیان سازکردو دیدارییان بەست. ئەم مەسەلەیە، هەندی شەرەکانی ناوخۆو گرانی ئازووقەو نیگەرانی و نارەحەتی دروستکرد. بۆیە ئەنجوومەنی وەزیران لە **1994/7/17** بڕیاریدا تاقیکردنەوەکانی پۆلی شەشەمی ئامادەیی دووبارە بکرێتەوەو بڕیاردرا دەوری یەکەمی لە **1994/8/20** و دەوری دووەمی لە **1994/10/1** ئەنجام بدرێت.

ئەوەی شایانی باسە، سەرەتا لە کۆبوونەوەی ڕۆژی **1994/7/3** ئەنجوومەنی وەزیران پێشنیارەکەی وەزارەتی پەروەردەیان پەسەند کرد، کە تەنیا تاقیکردنەوەکانی وانەی (ماتماتیك و مێژوو) دووبارە بکرێتەوە، چەندین نموونەو پێشنیاز لەلایەن وەزارەتی پەروەردە پێشکەشکرا، بەلاَم مقۆمقۆکە کۆتایی نەهات و لیژنەی تایبەتییەکەش کە لە (پێنج) وەزیر پێکهاتبوو لە **1994/7/6** بڕیاریداو ئاگاداری وەزارەتی پەروەردەی کردەوە، کە هیچ تاقیکردنەوەیەك حاڵی حازر ناکرێتەوەو چاوەڕوانی بڕیاری لیژنەی لێکۆڵینەوەکانی تایبەت دەبن، تا کۆتایی بەکارەکانی خۆیان دەهێنن.

**(7)**ڕێکخراوی قوتابیان و خوێندکاران داوایان کرد ئەم تاوانە بە (الخيانە العظمی) لە قەڵەم بدرێت، تاقیکردنەوەکانی هەڵبەوەشێتەوە و بەپەلە و بەجددی تەحقیق بکرێت و متمانەی زانست بگەڕێتەوە.

لیژنەکە لەم وەزیرانە پێکهاتبوو (محەمەد مەلا قادر، د. ئیدریس هادی، کەمال شاکر، سەعدی پیرە، کافیە سلێمان) بەردەوام ئیشیان دەکردو چاوەڕوانی بەگەرمی دەکرا. محەمەد مەلا قادر بۆ ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە **1987**ی **1994/7/8** وتی:

(هیچ کەس مافی ئەوەی نییە بڕیار دەرکات بێجگە لەو لیژنەیە)، هەروەها سەعدی پیرە وتی: (نابێ بەچاوی حزبایەتی بڕوانینە کێشەکان). لیژنەکە **10** ڕۆژ ئیشی کرد، لیژنەکە گەیشتە ئەو قەناعەتە پێنج دەرسی (ماتماتیك، مێژوو، عەرەبی، کوردی، ئینگلیزی) ئاشکرابووەو گومانیشیان لە تێکڕای ماددەکان هەیە. سەبارەت بە بەرپرسیارەتی لەئاشکرا بوونی تاقیکردنەوەکان، موحسین دزەیی (بەرپرسێکی گەورەی پارتی) بەئاشکرا لە ڕۆژنامەی برایەتی ژمارە **1991**ی **1994/7/12** وتی: دەبوایە وەزیری پەروەردە دەست لەکار بکێشێتەوە، بۆچی پەرلەمان بێ دەنگە؟ زۆر بەدڵسۆزی ڕەخنەی گرت. وەزیری پەروەردە لە هەمان ڕۆژنامە لە **1994/7/10** وەلاَمی ئەوو ڕۆژنامەی گولاَنی دایەوە.

# هەولێر تا 1994/12/23

شەڕ گەرمە، دەنگی ئاشتی بەرزە. تۆپبارانی شارۆچکەکان و هێرش بۆ هەندێکی تر. هاتنەپێش و گرتن و گەڕانەوە. یەکتری تاوان کردن. باسی خروقاتی یەکتری دەکەن. پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، هاتنی د. نەجمەدین کەریم سەرۆکیknc ، هاتنی د. کەندال نەزان و د. فوئاد حوسێن سەرۆك و جێگری ئەنستیۆتی کورد لە پاریس، هاتنی بەرپرسی mmc لەزاخۆ، سکرتێری باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە ئەنقەرە، نامەی د. جەمال نەبەز گەیشت، بروسکەی کوردە ئاوارەکان لە هەموو جیهان بەپەلە دەهات. راوەستانی زانایانی ئایینی لە زاڵگەکانی نزیك ئاگری هەردوو هێز، بەیاننامەی یەکێتی زانایانی ئایینی کوردستان و لقی هەولێر. زانکۆی سەلاحەدین دەنگی هات. داگیرکردنی بنکەی هێزی هاوبەش و پۆلیس و ئاسایش لە بنکەی پۆلیسی فریاکەوتن لە گەڕەکی مەهابادو رفاندی سێ گیراوو ئیدانەکردنی ئەم رووداوە. بەیاننامەی (17) هونەرمەندی هەولێر. هەڵبژاردنی دەستەی پیاو ماقووڵانی هەولێر بۆ لێژنەی ئاشتی، دیداری بەردەوامی هەرسێ حزبی بەرەی کوردستان و پێشکەشکردنی پرۆژەی ئاشتی، هاتنەوەی مام جەلال. چوونی وەفدی بەرزی هەردوو حزب بۆ شارۆچکەی (سلۆپی) لە تورکیا. گەشبینی کۆبوونەوەکەی پاریس. تەقینەوەی لادا تەکسی ژمارە (3439) لە گۆڕەپانی نزیك نەخۆشخانەی کۆماری و برینداربوونی (14) هاووڵاتی بێ تاوان. کردنەوەی ئوتێلی (تاوەری هەولێر) لەلایەن سەرۆکی حکومەت. مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی و وەفدی سۆسیال ئینتەرناسیۆنالیست (کونی فرید کسون) لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی حزبی سۆشیالیستی سویدی و کەریم پوور لێپرسراوی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حزبی سۆشیالیستی فەرەنسی و بەختیار ئەمین نوێنەری رێکخراوی (فرانس لیبەرتی) فرنسای ئازادو حەسەن نەقیب و ئەحمەد چەلەبی و د. نەجمەدین کەریم و د. کەندال نەزان لە ماڵی کۆسرەت رەسول عەلی دیداریان هەبوو. مام جەلال و مەسعود بارزانی سەردانی (خورشید شێرە) پارێزگاری هەولێریان کردو پشتیوانیان پێ راگەیاند لە کارەکانیدا. لیژنەی ئاشتی سەردانی پەرلەمانیان کرد. دوورکەوتنەوەی جەوهەر نامیق لە تەلاری پەرلەمان لەرۆژانی پارێزگارییدا باس لە بێ دەنگی (عەبدولموهەیمین بارزانی) دەکرا. پەرلەمان موچەی فەرمانبەران و مامۆستایان و خانەنشینی زیاد کرد. وەفدی هەردوو حزب چوونە پاریس، هیوا پەیدا بوو، بەڵام بەکۆڵێ گلەیی و گازاندە و سەرنەکەوتنی رێکەوتنی پاریسی گرنگ گەڕانەوە، هیواکە لاوازبوو. دزی زۆرە. بەتەلەفۆن پارە لە دەوڵەمەندەکان داوا دەکرێت و هەڕەشەیان لێ دەکرێت. دەرمانخانەکان بەئاشکرا تاڵان دەکرێت. باری ئارامی شار ئاڵۆزە، سەیارە دزین زۆرە، چەکداری زۆرە. لیوای تایبەتی هەردوو حزب کۆنترۆڵی شار بەتایبەتی بازاری شێخەڵڵا دەکەن، گلەییان لێ دەکرێت، دەست خۆشییان لێ دەکرا، سەیارەی بێ ژمارە بەتایبەتی بەرازیلی بووەتە دێوو درندە، خەڵکی دەترسێنێ، تیرۆری زۆر پێکرا، لەبەر دزینی ئۆتۆمبێلە تایبەتییەکان خاوەنەکانیان بە ئاسانی دەکوژرێن، سوپەرەکان و سەیارە چاکەکان لەماڵەوە کوڵك بوون، سەیارە راگیراوەکان لە ماڵەوە، تایە، پاتری، کابرێتەری لەترسی دزی لێ دەکرایەوە. دزەکان بەپارەی زۆر سەیارەکانیان دەگەڕاندەوەو کەسیش حیسابی لەگەڵ نەدەکردن. تاوانەکەی بێ سزا ئاوا دەبوو. لەتەمەنی (72) ساڵیدا هونەرمەندی میللی رەسول گەردی کۆچی دوایی کرد بە ئاپوورێکی زۆر بەخاك سپێردرا. بارەگای (جیهادی ئیسلامی) گیراو کوشتار هەبوو، بارەگاکە تاڵان کرا. لەکاتی فەرمانی خۆیدا مولازمی مرور (هیوا عەبدوڵڵا مەولود) تیرۆرکرا. (300) پیاوانی هاتووچۆ

****

**(3072) فێرخواز لە زانكۆ و ئامۆژگاكان ناویان بلاَوكرایەوە، كۆنگرەی حزبی زەحمەتكێشان و حزبی سۆشیالیستی دیموكراتی كوردستان لەهۆڵی میدیا بەسترا، رێكەوتنی پارتی و یەكێتی بۆ ئاشتی و هاوكاری و هاوپەیمانیەتی تا ساڵی (2000) مۆركرا، دەقی رێكەوتننامەی پاریس لە رۆژنامەی كوردستانی نوێ بلاَوكرایەوە. بانگەواز هەبوو هەولێر بكرێتە شارێكی بێ چەك. بارەگاكان كەم بكرێنەوە. ژمارەی پاسەوانی بارەگاو لێپرسراوەكان كەم بكرێنەوە. هێزەكان لە دەرەوەی شاردا جێگەیان بۆ دەست نیشان بكرێت (د. سەلاح عەزیز) سەرۆكی مەڵبەندی بەدلیسی بۆ دیراساتی كوردی لە ئەمریكا هاتە كوردستان و دیداری لەگەڵ پەرلەمان و حكومەت هەبوو. وەفدێكی پەرلەمانی بەریتانی لە پەرلەمان دیداری لەگەڵ سەرۆك و هەردوو لیستەكە كرد. سكرتێری باڵیۆزخانەی بەریتانی لە ئەنقەرە زۆر دەهات و دیداری بەردەوامی هەبوو. راگەیاندرا هەردوو سەركردە لە 1994/7/16 دەچنە پاریس و بەداخەوە سوار نەبوون. لە 1994/7/11 پۆلیس رایگەیاند ئەمرۆ هەشت سەیارەی بەرازیلی دزراوە، حزبی شیوعی كوردستان و بزووتنەوەی ئیسلامی و توركمان، رەزامەندییان لە پارتی وەرگرت ئازووقە بە پسوولەی خۆیان بهێنە ناو شاری هەولێر، كارەكەیان باش بوو، بەلاَم گلەیشیان لێ كرا، گوایە هەندێكیان بە نرخی خۆیان نایفرۆشنەوە... باسی زەفتكردنی پارەی گومرگی (ئیبراهیم خەلیل) زۆر دەكرا. شارەوانی هەولێر بۆ ماوەی حەوت رۆژ پاككردنەوەی شاری هەولێریان دەست پێكرد، هەزارەها تۆن پیسایییان فرێ دایە دەرەوەی شار. (مەترانی) تازەی هەولێر بە پێشوازییەكی شكۆوە گەیشتە (عەنكاوە). موچەی فەرمانبەران راگیرا. پۆلیسی هەولێر چوونە پێش پارێزگا داوای موچەیان كرد، یەك مانگ زیادەكەی پەرلەمان خرایە سەر موچەی موچەخۆران. وەزعی دارایی و موچەخۆران ماوەیەكی كورت باش بوو، خەونەكەیان زۆر كورت بوو.**

بەڕێوەبەر زۆر بێ یاسایی دەکات، بۆیە ناتوانم ئیشی لەگەڵدا بکەم، بەلاَم وازهێنانەکەی نەبوو.

(حاجی لەقلەقەکەی) سەر منارەی مزگەوتی (خەنەقا) بەر تەقە کەوت و کوژرا، ئەم منارەیە لەوەتی سەرەتای پەنجاکان هێلانەی حاجی لەقلەقی لەسەر بووە، وا ئێستا بێ حاجی لەقلەقە!!!!. ناوزەنگ فیلم، میهرەجانێکی سینەمایی لە سینەمای سەلاَحەدین بۆ سێ ڕۆژ گێرا. ڕۆژانە سەدان تەنکەرە گاز بەڕێگای (هەولێر، زارگەلی، بارزان، دهۆك، زاخۆ) دەڕوات. پارێزگای هەولێر بۆ هەر لیتر گازێك (250)فلس وەردەگرێت، کرێی تەنکەر زۆر گران بوو، ئەم ئیشە بوژاندنەوەیەکی ئابووری پەیداکرد. پەرلەمانتارەکان دەچوونە بەرەکانی شەڕ. چاودێری ئاگربەس و هێمن کردنەوەیان دەکرد. خولی دەرچووانی زانکۆی سەلاَحەدین بەناوی (خولی ئاشتی) سازکرا، لیژنەی ئاشتی! ژووری عەمەلیات! خروقات! بانگەواز! بەیاننامە! کۆبوونەوەی ڕێکخراوە جەماوەرییەکان! دانیشتنی پەرلەمان! کۆبوونەوەی نائاسایی پەرلەمان! حکومەتە ساواکەمان! حکومەت و پەرلەمان! پەرلەمان و حکومەت! ئاسایی کردنەوەی کوردستان! ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی هەولێر! لیژنەی بەرەو ئاسایش و پۆلیس! هێزی هاوبەش! لیوای تایبەت! وەزیر و جێگری وەزارەت!! بەڕێوەبەری گشتی و جێگری بەڕێوەبەری گشتی!! پەنجا بە پەنجا!!!! فیفتی فیفتی!!! کورد حوکمی خۆی پێ ناکرێت! هاوکاری و پاڵپشتی دەرەوەمان نامێنێ! چەکووشی ئامادە دەکشێتەوە!! ڕێکخراوە خێرخوازەکانی جیهانی بار دەکەن!! موچە نەما!! زیادەی پەرلەمان سەرف ناکرێت!! حزبایەتی تەسك!! من شەرم ناوێ، بژی ئاشتی، نەفرەت لەشەڕی براکوژی، شەڕی براکوژی، یان شەڕی ناوخۆ، تەحریم و تەجریمی شەڕی براکوژی، پێشێلکردنی مافی مرۆڤ، تیرۆر، کۆچی مامۆستایانی زانکۆ، ڕێپێوانی هێمنانە، کوشتنی دیل و ئەسیر، تالاَنکردن، سنوورەکان والاَیە، inc، حزبەکان هەڵوێستیان نییە، ئێمە ناوبژی دەکەین، بزووتنەوەی ئیسلامی بەشداری دەکات، بێ لایەنە لە شەڕەکان، تۆپخانەی ئێران بۆمبارانی سەر سنوورەکان دەکات، یەك پاسدارمان نیشان بدەن.

**کۆبوونەوەکانی بەرەی کوردستانی و حزبە کوردستانییەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان، دانیشتنی ئاسایی و نائاسایی پەرلەمان، بانگەوازی زانایانی ئایینی و تکای مامۆستایانی زانکۆو خوشك و دایکی شەهیدان و knc و inc و ئەنستیۆتی کورد لە پاریس و دانیشتنی پاریس و سلۆپی و شیرین پالآس و پەرلەمان و مەسیف و تاران و نامەی مەدام دانیال میتران و کەسایەتی و پیاوی دەوڵەتانی گەورە و حزبەکانی جیهان... هەر وەزعەکەی ئارام نەکردو هەولێر لە 1994/12/23 بەرەو گرژی چوو و تەقییەوە.**

## کابینەی سێیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدایك نەبوو!؟

**کابینەی یەکەم، بە سەرۆکایەتی (د.فوئاد مەعسوم)، لەگەڵ موژدە و سەرفرازی وهیوا ڕاگەیاندرا، لە هەوایەکی بێگەرد وەزیرەکان سوێندیان خوارد، هەموو ئاژەنسەکانی جیهان یەکەم هەواڵ باسیان کرد، چەندین ڕۆژنامەنووس و مێوانی کورد و بێگانە ئامادەبوون، کابینەی دووەم بە سەرۆکایەتی (کۆسرەت ڕەسول عەلی) بەهیوای زیاتر خۆشگوزەرانی و چەسپاندنی زیاتر یاسا ڕاگەیاندرا. وەك کابینەی یەکەم کاری چاکی ئەنجامدا، بەلاَم جەولەی یەکەمی شەڕی ناوخۆ، ئیفلیجی کرد، پەنجا بە پەنجای ناو پەرلەمان و حکومەت بۆنی هات و تەقییەوە. بەلاَم لەم جەولەیە، سەرۆکی حکومەت دەوری ئاشتی چاکی بینی، پارتی و یەکێتی و جەماوەری کوردستانی شاهیدیاندا. شەڕەکە شوێنەواری خراپی هێنایە گۆڕەپانی سیاسی و ئابووری، دەستی بێگانە کەوتە ناو ئیشوکارو هەڵوێستی هەرێم، بەتایبەتی داگیرکەرەکانی کوردستان. حکومەتەکە بەرەو لاوازی چوو، ناچار، بڕیاردرا کابینەی دووەم هەڵبوەشێتەوە و دیسان کۆسرەت ڕەسول**

ئەمجارە بنكەی حكومەتەكە (ئیتیلافییە)و حزبەكانی تری دەرەوەی پەرلەمانیش بەشداری حكومەت دەكەن، وتیان:

لەم نزیكانە كابینەی سێیەم رادەگەیەنرێت، ناوی وەزیرەكان دەخوێنێتەوەو سوێند دەخۆن، سەرۆك و جێگری ئەنجوومەنی وەزیران لەپێش پەرلەمان ناوی وەزیرەكانی دەخوێندەوە، وەزعەكە ئاسایی دەبێتەوە، وەزارەتیان بۆ حزبی شیوعی كوردستان و حزبی زەحمەتكێشانی كوردستان و بزووتنەوەی دیموكراتی ئاشووری و بزووتنەوەی ئیسلامی لە كوردستان و حزبی نیشتیمانی توركمانی دانا، موژدەیان پێ بوو. هیوای گەش دیاركەوت، بەلاَم بەداخەوە!! سەری نەگرت قسەكان نەبووە كردار، بزووتنەوەی ئاشووری و بزوتنەوەی ئیسلامی هەردووكیان، وەزارەتی ئیشغال و نیشتەجێكردنیان دەویست، بزووتنەوەی ئاشووری، بیانووی ئەوەبوو كە خۆیان لە كابینەی یەكەم و دووەم، ئەو وەزارەتەیان لە ئەستۆ بوو، شارەزای بووینە، بەلاَم بزووتنەوەی ئیسلامی سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەو وەزارەتەیان دەوێت، بەلاَم بۆچی؟ ئەوەیان ئاشكرا نەكراو هیچیان نەوت!؟ دوایی (ئاشووری) نەرم بوو رازی بوون وەزارەتێكی تر وەرگرن، حزبی زەحمەتكێشان لەسەر وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی (داد) كێشەیان نەبوو و ناوی وەزیرەكەشیان ئاشكرابوو، حزبی شیوعی كوردستان- عیراق، هەمان پۆستی جارانی خۆیان (وەزارەتی تەندروستی و كاروباری كۆمەلاَیەتی)یان بۆ دەستنیشان كرابوو. ئەوەی هەر چارەسەری بۆ نەدۆزرایەوە حزبی نیشتمانی توركمانی بوو! بەئاشكرا وتیان ئێمە جێگری سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران و زیاتر لەدوو وەزارەتمان دەوێت، دیاربوو روون و بێ پەنا بوو كە نایانەوێت بەشداری بكەن، یان كۆشش بكەن لە دانەمەزراندنی كابینەی سێیەم، ، چونكە داواكەیان ئەو بۆنەی لێ دەهات. دیداری زۆربەیان لەگەڵ كرا، سەردانیان كردن، لەگەڵیان نەرم بوون، نازیان كێشان. هەر رازی نەبوون، ئەو هاتوچونە ماوەیەكی چاك كابینەی سێیەمی دواخست، ئەوەی من بۆی دەچم لەدوا رۆژا ئاشكرا دەبێت، نهێنی بەشداری نەكردن و بیانووەكانیان چی بوو؟.!

لەو ماوەیەدا، كۆسرەت رەسول عەلی و د. رۆژ نوری شاوەیس بەردەوام دیداریان هەبوو، هەردوو م.س دیداریان هەبوو تەگەرەكانی بە ئاشكرا كردنی حوكمەتەكە چارەسەر نەكرا، گرێیەكە مایەوە، هەردوولا بە ئاشكرا نهێنییەكانیان باس نەكرد، جار جار یەكێتی ئەوەی دەدركاند، كە حكومەت راگەیاندرا پێویستی بەوە هەیە داهاتی (ئیبراهیم خەلیل) كە لە **1994/5/1**ەوە ناگەرێتەوە خەزێنەی حكومەت، دەبێ بگەرێتەوە، حكومەتی بە خەزێنەی بەتاڵ هیچی پێ ناكرێت، پارتیش وادیار بوو، نیازی وابوو كابینەی سێیەم ئاشكرابێت و سەرۆك و جێگری وەزیرەكان سوێند بخۆن، ئینجا دەتوانن پارەكە وەرگرنەوە، دیارە ئەمەش لەلای یەكێتی مسۆگەر نەبووە، چەندجار رۆژی راگەیاندنی حكومەت ئاشكرا كرا. دوایی هەواڵەكە كپ دەبۆوەو دەنگی نەدەما، ئاشكرانەكردن و دانەمەزراندنی حكومەت، پایتەختی ئاڵۆزكرد، گەرچی دیاردەكانی، ئەوەی نیشان نەدەدا، وەزعەكە دەتەقێتەوە، شار خامۆش بوو، بێ موچەیی و بێ خزمەتگوزاری و نەبوونی پارەو سەرف نەكردن و چارەنووسی نەدیاری موچەخۆران بێ هیوایی دروست بوو، تا لە **1994/12/23** كێشەی شەقلاَوە گەورەبوو و گرژی دیسان دروست بۆوەو چەكداری زۆر هاتنەوە مەیدان و هێز لە سلێمانی و گەرمیان و بادینان كەوتنەرێ و زاڵگەكان توندكران و سەنگەریان لەیەكتری گرتەوە.

## نامەی ماجستێر لە هەولێر

لە رۆژانی شەڕی ناوخۆ، چەندین نامەی ماجستێر لە هەموو بابەتەکان پێشکەش بە کۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەدین کرا، نامەکانیان گفتوگۆی لەسەر کراو بروانامەیان وەرگرت، ئەوەیان نیشانەی عەشقی خوێندن و دەوامی زانکۆ و بەردەوامی دەگەیەنێ، شەرەو لە هۆڵی کۆلیژەکان نامەی ماجستێر دەکرێت، باری ئابووری گران و ئاڵۆزە، فێرخوازو زانکۆ ئەم پیرۆزە ئەنجام دەدەن، دوارۆژی زانکۆ دیار نییەو بڕوانامەی بەرز پێشکەش دەکرێت.

لە **1994/5/28** فێرخواز، سەروەر عەبدولرەحمان عەبدوڵلاَ بڕوانامەی ماجستێری لە ئاداب وەرگرت.

لە **1994/9/24** فێرخواز، بارام ئەحمەد بڕوانامەی ماجستێری لە کیمیا وەرگرت.

لە **1994/9/28** فێرخواز، ژیان عەبدوڵلاَ بڕوانامەی ماجستێری لە کیمیا وەرگرت.

لە**1994/5/28** فێرخواز، تەحسین غەفور محەمەد بڕوانامەی ماجستێری لە فیزیا وەرگرت.

لە کۆتایی **1994** فێرخواز، ئاریان بورهان عەبدوڵلاَ بڕوانامەی ماجستێری لە کیمیا وەرگرت.

لە **1994/9/29** فێرخواز، شەمسەدین حامد حەمەد بڕوانامەی ماجستێری لە ئاداب وەرگرت.

لە **1994/7/19** فێرخواز قەمەری حەیدەر حەمکۆ بڕوانامەی ماجستێری لە پەروەردە وەرگرت.

لە **1994/8/1** فێرخواز، شوکر مەحموود عەبدوڵلاَ بڕوانامەی ماجستێری لە ئاداب وەرگرت.

**لە 1994/8/10 فێرخواز، جەمیلە ڕەمەزان حوسێن بڕوانامەی ماجستێری لە ئاداب وەرگرت.**

**لە 1994/6/28 فێرخواز، عەزیز گەردی بڕوانامەی ماجستێری لە ئاداب وەرگرت.**

**لە 1994/8/8 فێرخواز، بایەزید حەسەن عەبدوڵلاَ بڕوانامەی ماجستێری لە کیمیا وەرگرت.**

**لە 1994/7/25 فێرخواز، عەبدوڵلاَ ئاگرین بڕوانامەی ماجستێری لە ئاداب وەرگرت.**

**لە 1994/11/26 فێرخواز مستەفا سابیر مستەفا بڕوانامەی ماجستێری لە بایۆلۆجی وەرگرت.**

**لە 1994/3/12 فێرخواز، حوسێن عەلی وەلی بڕوانامەی ماجستێری لە ئادابی ئینگلیزی وەرگرت.**

**لە 1994/3/12 فێرخواز، عوسمان عەبدول بەرزنجی، بڕوانامەی ماجستێری لە ئاداب وەرگرت.**

**لە 1995/3/25 فێرخواز، سلێمان عەبدوڵلاَ سلێمان بڕوانامەی ماجستێری لە ئاداب وەرگرت.**

**لە 1995/4/12 فێرخواز، خاتوو یاد عومەر مستەفا بڕوانامەی ماجستێری لە بایۆلۆجی وەرگرت.**

**لە 1995/10/20 فێرخواز، مەهدی قادر خزر بڕوانامەی ماجستێری لە کیمیا وەرگرت.**

**لە 1995/10/20 فێرخواز، ئیدریس محەمەد تاهیر بڕوانامەی ماجستێری لە کیمیا وەرگرت.**

# گەرمەی شەڕەکە

چەولەی دووەمی شەڕی ناوخۆی کوردستان، بە شێوەی دژوارو بە کارەساتی مەزن و ڕووداوی ترسێنەرو بە زیانی زۆرو بە گۆڕینی سیاسی و ئاڵۆزی و ڕاگەیاندنی رووت و ماوەی درێژ بوو. کوشتن و خوێن ڕشتن و ئەسیر گرتن و کوشتنیان و هێرشی گەورەو گەمارۆی بەهێزو بەرگری زۆرو شەڕی ڕاگەیاندن و جنێوو پروپاگەندەی زۆرو ناوزڕاندن و هەڵبەستنی درۆو بوختان و گرتن و بەردان و چۆڵکردن، شەڕەکان دژوار بوون. تەقەمەنی زۆر تەقی، شاخی بەرز مۆڵگەی تێدا دامەزرا، ماڵ تاڵانکرا، سەدان تۆپ ئاراستەی شارو شارۆچکەو ئۆردوگاکان کرا، توندبوو، دووکەڵ بەرزبوو، ئەوەی زۆر کوشندەو ناخۆش بوو شەڕێکی توند و خوێناوی گەیشتە ناو شاری هەولێر و زۆری خاپاند و تارمایی هێناو ئاشتی دوورخستەوە.

لە پەرلەمان باسی کێشەو شەڕەکانی (شەقلاوە) کرا، نوێنەرانی هەردوو حزب بۆ چارەسەرکردنی وەزعەکە چوون، بەلاَم هیچیان پێنەکرا، ئاگرەکە نەکوژایەوە، تا 1994/12/23 شەقلاوە لەلایەن هێزەکانی پارتی گیرا، گرتن و کوشتن و گەمارۆ و تالاَن روویدا، وەزعەکەی ئاڵۆزکرد، خێرا هەواڵەکە گەیشتە هەولێر، زۆر قسە کران، بێدەنگی و هێمنی یەکێتی بەزۆر شێوە لێکدرایەوە، پەرلەمانتارەکان بەهەردوو لیستی زەردو سەوزو مۆر لەناو تەلاری پەرلەمان مانیان گرت، داوایان کرد، کێشەکان چارەسەر بکرێن و هەردوو سەرکردە بێنە پەرلەمان و وەزعەکە چارەسەر بکەن، گۆمی هێمنی یەکێتی تەقییەوە و مەترسی شەڕ گەیشتە هەولێر.

*****

لە 1994/12/24 لە هێرشێکی کتوپڕو خێرا، یەکێتی ئۆردوگای (کەسنەزان)ی گرت و بارەگا و چەکدارەکانی پارتی گرت. هەواڵەکەش خێرا بلاَوبۆوە.

****

*لە 1994/12/25، باری هەولێر ئاڵۆزبوو، رۆژنامەی (برایەتی) ژمارە (2115) لەلایەن چەکدارانی یەکێتی لەناو شاردا لە شەقامی شێخی چۆلی، ئەو ئۆتۆمبێلەی رۆژنامەکەی لە چاپخانەی دەگواستەوە کتێبخانەی سۆلاف کە بنکەی بلاَوکردنەوەی رۆژنامەی برایەتی و خەبات بوو، ئۆتۆمبێلەکە دەستی بەسەردا گیراو چاپی ئەو رۆژەی رۆژنامەکەیان سووتاندو ئۆتۆمبێلەکەیان زەفتکرد، کارەکە خراپ کەوتەوە، بۆیە چاپی دووەمی برایەتی دەرچووەوەو هاتەوە بازارو بەگەورەیی لەسەری نووسرابوو (ئەمرۆ چاپی یەکەمی –برایەتی- سووتێندرا) تەقەتەق لێرەولەوێ لە دەوروپشتی پەیداَبوو، چەکدارانی یەکێتی ئۆردوگای (کانی قرژاڵە)یان بە وێنەی (کەسنەزان) کۆنترِۆلکرد، بارەگایەکی لیوای تایبەتی لێ بوو، گیرا.

****

*لە 1994/12/26 لە شەرِێکی تردا فەرماندەی پارتی (خدر سوارە) کوژرا.

*لە 1994/12/27 یەکێتی هێرشی هێنایە سەر (نەخۆشخانەی رزگاری) لەسەر رێگای کۆیە، لەم شوێنەدا، چەکدارانی پارتی بەرزاییەکەی نەخۆشخانەیان بەکاردەهێنا بۆ بەرگری. لە کاتژمێر 3ی پاش نیوەرِۆ بە ئاگرێکی چرِو هێرشێکی خێرا، کۆنترِۆڵی نەخۆشخانەکەیان کرد، ئێوارە هێزی هاوبەشی حزبەکان و INC گەیشتنە ناو نەخۆشخانەکەو تەقە نەما، تەلەفزیۆنی (گولاَن) رایگەیاند کە چەکدارانی یەکێتی نەخۆشخانەکەیان تالاَنکردووە، نوێنەری پەرلەمان گەیشتە ناو نەخۆشخانە، دزی و تالاَن رووی نەدابوو.

نهۆمی شەشەمی نەخۆشخانەکە ئاگری گرت، دووکەڵی رەشی لێ بەرز دەبۆوە، پێش هاتنی هێزەکانی ناوبژیوان، لەبڵندگۆی مزگەوتی (حاجی برایم گەردی) داوایان لە چەکدارەکانی پارتی کرد، خۆیان تەسلیم کەن، بەڵێنیان دا ئازاریان نەدەن، داواکار بوون، بێنە دەرەوە تا چیتر ئاگر بەر نەخۆشخانەکە نەکەوێت. ئاگر لە تەنکەرێکی گەورەی گازفرۆشەکان بەر بوو، دووکەڵێکی رەشی گەورەی لێ هەستا، ئاگر کوژێنەوەکان ئاگرەکەیان خامۆشکردەوە، لە شەرەکەدا جۆرەها چەك بەکارهات، تەقەی زۆر کرا، هێزێکی INC کۆنترِۆڵی پێش دەرگای نەخۆشخانەکەی کرد.

ئەوەی شایانی باسە، یەك دوو رۆژ بوو، نەخۆشخانەکە نەخۆشی تێدا نەبوو، مەترسی شەرِ لەم نەخۆشخانەیە بەدی دەکرا. دوایی روویدا. شەرِەکە سەخت بوو، ترسناکی لەناوچەکە پەیداکرد، شوێنە زۆر نزیکەکان چۆڵیان کرد، هێزی زۆر هات، خەڵکی لە سەربانە بەرزەکان تەماشای شەرِەکەی دەکرد.

لە مێژبوو ئیش بۆ ئەوە کرابوو، هەردوو نەخۆشخانە سەرەکییەکەی هەولێر فیفتی فیفتی دابەشکرابوو، نەخۆشخانەی (رزگاری) زەرد کرابوو، نەخۆشخانەی فێرکردن (کۆماری)یش سەوز کرابوو، کەم کارمەندی سەوز لەزەرد جێگای دەبۆوە و بەپێچەوانەش زەرد لە سەوز جێگای لەق بوو. بەرێوەبەرو کاربەدەستانی نەخۆشخانەی سەوزو زەرد بەزۆری روویان لە نەخۆشخانەی خۆیان دەکرد، بریندارِی سەوزو زەرد دەچوونە نەخۆشخانەکەی خۆیان، وەنەبێ ئەوەش رەها بێت، بەلاَم زۆر بەئاشکرا هەستی پێدەکرا، لە رۆژانی گرژی و ناخۆشیدا، هەر حزب بایەخی بە نەخۆشخانەکەی خۆی دەداو کۆنترۆڵی دەکرد. بەمە، نەخۆش و بریندارِی سەوزو زەردیش پەیدا بوو، دکتۆرو کارمەندی زەردو سەوز دروست بوو، نەخۆشخانەی رزگاری لەپارتی گیرا، رێگا نەما بریندارەکانی بێنێتە ئەو نەخۆشخانەیە، بۆیە لە 1994/12/28 داواکرا، نەخۆشخانەی کۆماریش بدرێتە چەکدارانی حزبی شیوعی، یان حزبێکی تر، بەلاَم مەیسەر نەبوو، ناوچەی (گولاَن و مەخموور) بارەگایان بەرامبەر ناوەندی کۆماری بوو

# نەخشەی سەوزو زەردی هەولێر

چەقۆی سەوزو زەردی دوو حزبی دەسەڵاتداری شاری هەولێر، هەولێریان نیوە بەنیوە بەڕێوە دەبرد، چەند پەرلەمانتاری زەرد لە پەرلەمان هەبوو، ئەوەندەش هی سەوز لە تەلاری پەرلەمان هەبوون، ژمارەیان وەکو یەکە، ژمارەی وەزیر و جێگری وەزارەتی زەردو سەوز لە حکومەت هاوسەنگن، بەڕێوەبەرە گشتییەکان، بەڕێوەبەرەکان، ئەفسەرەکان، ژمارەی پۆلیس و ئاسایش و مرووڕو دەزگا حکومییەکان، نیوە سەوزە، نیوە زەردە، شارەکە شەقکراوە، هیچیان بواری ئەوە نادەن نیوەکە لاسەنگ بێت، واباو بوو، واش دروست بوو، گومان لە فیفتی فیفتی نەبوو، ئەگەر لە شوێنێك هەبوایە، باس دەکراو ئەوەش دەگمەن بوو.

وا ئەمڕۆ، واتە رۆژی **1994/12/28** لەرۆژانی جەولەی دووەمی شەری ناوخۆدا، هەردوو کەرتەکە لەناو هەولێر هاوسەنگ نییە، (جر الحبل)ەکە وەك یەك نییە، رووبەری سەوزو زەرد بەقەد یەك نییە، رۆژ بەرۆژ رووبەری زەرد لەناوچەو دەستەڵات و بەڕێوەبردن تەسك دەبێتەوە، با وەڵامی پرسیارێك بدەینەوە، پایتەخت، چەندی سەوز و کێندەری بە زەردی ماوەتەوە.

1. (ڕێگای شاوێس- هەولێر تا پارێزگا): (سەوزە) ئاشکرایە، یەکێتی سکرتاریەتی مام جەلال و وەزارەتی پێشمەرگەی (هەڵوەشاوە) لەسەر ئەم ڕێگایە بووە، بۆیە یەکێتی چاك کۆنترۆڵی ئەم ڕێگایەی کردووەو جۆرەها چەکی تێدایە لەبەر ئەوەش بوو، زاڵگەی هەولێر- مەسیف سەلاحەدین لەژێر کۆنترۆڵی سەوزبوو، دانیشتووی ئۆردوگای پیرزین

2. (ڕێگای قوشتەپە- هەولێر): لەبەرئەوەی ئەم ڕێگایە بۆ یەکێتی گرنگ بووە، چونکە هاتوچۆیان بۆ سلێمانی و گەرمیان و پشدەر بەهۆی ئەو ڕێگایە بوو، بۆیە زاڵگەی هەولێر- کەرکووك لەژێر کۆنترۆڵی سەوزبوو، پشتی ئەو زاڵگەیە دوو ئۆردووگای گەورەیە (دارەتوو و بنەسلاوە)، کە جەماوەری سەوزی زۆرە، ئەوەش خاڵێکی گرنگە بۆ ئەوەی دەسەڵاتیان لەسەر ئەو زاڵگەیە هەبێت، هێزی یەکێتی تا کۆلیژی ئەندازیاری دەستی دەرۆیشت، بێجگە لە بارەگای کۆمیتەی (خۆرهەلات)و سکرتاریەتی کۆمەڵەی خوێندکاران، ئەوەی تر ڕێگایەکە تا کۆنە بارەگای کوردستانی نوێ (باڵەخانەی تەلار) لەژێر ڕکێفی پارتیدا بوو، دیارە ئەوەش لەبەر ئەوە بوو، کۆمەڵگای گولان و لقی 2ی پارتی و چەندین بارەگای تریان وەك (ڕۆژنامەی برایەتی و خەبات)و (ماڵی پارێزگار)و (ماڵی مامەند قەشقە) لەم ناوچەیە بوون، دەسەلات و هاتوچۆی ئەم بارەگایانە ناوچەکەیان زەرد کردبوو، چاك کۆنترۆڵیان کردبوو.

3. (ڕێگای عەنکاوە- هەولێر): بوونی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و لیوای تایبەت لەمەرکەز (تدریب)و چەندین بارەگای تری یەکێتی لە عەنکاوەو بوونی ئەم ناحیەیە بە بارەگای چەندین ڕێکخراوی ئۆپۆزسیۆن و بێگانەو خێرخوازی و تۆپخانە لە دەرەوەی عەنکاوە ئەم ڕێگایەی بۆ کۆنترۆڵی یەکێتی هێشتەوە.

4. ( شەقامی شێست مەتری- کوردستان): ئەم شەقامە درێژە سەوز بوو، هەندێ پارچەی زەردی لەناوچەی هۆڵی زەردو قەسر شیمال و چواریانی سەلاحەدین (مەلعەب) تێدابوو.

5. (قەلا): ئەم شوێنە بەرزە، زوو یەکێتی دەزگای پەخشی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستانی لێ دانا، بۆیە سەوزبوو، کە تەلاری شیراتۆن بووە کۆمەڵگای گولان و پارتی زۆر بایەخی پێدا، یەکێتی قەلاتی توندکردو هێزی بەرامبەر شیراتۆن زۆرترکرد.

6. ( تەلاری پەرلەمان و حکومەت): هەردوو دەزگای دەسەلاتی کوردستان، پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران لەناو یەك تەلاری گەورەبوون، پەرلەمان هێزی پارتی دەسەلاتدار بوون، ئەنجومەنی وەزیران، چەکداری یەکێتی، بەلام لەبەرئەوەی تەلارەکە دەکەوێتە بەرامبەری مەڵبەندی 3 ی ڕێکخستنی یەکێتی و دەزگای ناوەندی ڕاگەیاندن و چەندین دەزگای تر، یەکێتی زوو هێزەکانی پارتی لەناو پەرلەمان دەکشانەوە و دەیانووت گەمارۆدراوین و یەکێتی تەلارەکەی کۆنترۆڵ و داگیرکردووە، واتە تەلارەکەو ناوچەکە بەدەست یەکێتی بوو.

7. **(گەرەکەکانی سەلاحەدین و زراریيان و سوورچیان): ئەم ناوچانە بەشێکی چرو گەورەی شاری هەولێرە، یەکێتی ئەو ناوچانەی زوو کۆنترۆڵ کرد، پاش ئەوەی شەوی 1994/12/22 مەکتەبی سیاسی یەکێتی لەم گەرەکانەوە بەهاوەن تۆپباران کراو زیانی گیانیشی هەبوو، ئەوەو چونکە لە م.س نزیك بوو، بۆیە ناوچەکەی کۆنترۆڵ کرد.**

8. **(بازار): بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی هەولێرو بنکەی پۆلیسی خانەقا، دەسەلاتی سەوزبوون، بۆیە کارمەندانی زەردی پۆلیس و ئاسایش کشانەوە، پارێزگا، زەردی تێدا نەما، چونکە پارێزگار زوو دوورکەوتبۆوە، بۆیە جەرگەی بازار کەوتە ژێر دەستی یەکێتی.**

9. **(گەرەکەکانی نەورۆزو کوردستان و کرێکاران و بەهار): هیچ شوێنی ستراتیژی و رێگای سەرەکی لەسەر نەبووە، بۆیە هێزی تێدانەبوو، بەلام گەرەکی باداوەو مەنتکاوەو زانکۆ لەبەر بوونی چەند مەفرەزەیەکی چالاکی پارتی، دەسەلاتی زەردی تێدابوو، هاتوچۆ بۆ ئۆردوگای بنەسلاوە وەك راگەیاندنی یەکێتی دەڵێت (قەلای سەوز) زەحمەت بوو.**

**واتە لە 1994/12/28، هێزی سەوز دەسەلاتی لەسەر شاری هەولێر زۆرتر بوو، هاتوچۆ بۆ سلێمانی بەرێگەی قوشتەپە ئاسان بوو، رێگای هەولێر- کەسنەزان، هاتوچۆ بۆ کۆیە نەما، گەرچی یەکێتی لە کەسنەزانیش دەسەلاتداربوو، بەلام سنووری هێزەکەی تا (دڵۆپە)بوو و هێزی پارتی لە دەربەندی گۆمەسپان زۆر بوو، بۆیە ئەم رێگایە هاتووچۆی تێدا نەما، رێگای (شاوێس- مەسیف) هاتوچۆی یەکێتی بۆ سەرەوە نەما، هاتوچۆی یەکێتی تا چواررِیانی (جدیدە زاب) بووە، واتە شارو رێگا سەرەکییەکان دابەشکرابوو، هاتووچۆ گەیاندی باری خواردەمەنی ئاسان نەبوو، زاڵگەکان توند بوون.**

**وەك لە شیعرەکەی د. فەرهاددا هاتووە، دەڵێ:**

**((ئیبراهیم خەلیل، هەولێری دابەش کردە سەر دوو زۆنی فەرمانڕەوایی:**
**پەڕۆیەکی سەوزی لەبەردەم (حەمامی ئیسکان)دا چەقاند.**
**گەرەکی ئیسکانی لە حەمامی ژنانی ئیسکان جوودا کردەوەو**
**ئالایەکی زەردیشی لەسەر شیراتۆندا چەقاند)).**

## نرخی دۆلار لە بازارِی هەولێر
## لە 1994/5/2 تا 1994/12/23

**دۆلار بە کارەسات و گەمارۆو شەرِی ناوخۆو تەنگەژەی سیاسی بەرز دەبێتەوە، کە دۆلار نرخی بەرامبەر دیناری عیراق، بەرزدەبێتەوە.. شەکر، رۆن، چا، برنج، جگەرەو زۆر شتی تر بەرزدەبێتەوە، لێرە دەتوانین بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار بەهێمای نائارامی دابنێین، گەرچی وەزعی سیاسی و ئابووری سەرجەم عیراقیش کاری خۆی دەنواند، بەلاَم وا لە خوارەوە دیارە بەگرژی و توندی شەرِەکە دۆلار بەرز دەبێتەوە، ئێمە لە ماوەی جیا جیا نرخمان تۆمار کردووە.**

| نرخی یەك دۆلار بەرامبەر دیناری سویسری | رۆژی وەرگرتنی نرخەکە |
|---|---|
| 78دینار یەك دۆلار بووە | 1994/5/2 |
| 78.9دینار یەك دۆلار بووە | 1994/5/16 |
| 83دینار یەك دۆلار بووە | 1994/5/2 |
| 86دینار یەك دۆلار بووە | 1994/5/25 |
| 92دینار یەك دۆلار بووە | 1994/5/28 |
| 84دینار یەك دۆلار بووە | 1994/6/3 |
| 83دینار یەك دۆلار بووە | 1994/6/12 |
| 80دینار یەك دۆلار بووە | 1994/7/26 |
| 77دینار یەك دۆلار بووە | 1994/7/9 |
| 72.5دینار یەك دۆلار بووە | 1994/7/12 |
| 75.5 -83دینار یەك دۆلار بووە | 1994/7/20 |
| 76.5دینار یەك دۆلار بووە | 1994/8/3 |

| | |
|---|---|
| 72.5 -71دینار یەك دۆلار بووە | 1994/8/14 |
| 60 -59دینار یەك دۆلار بووە | 1994/8/31 |
| 39دینار یەك دۆلار بووە | 1994/9/3 |
| 55-58دینار یەك دۆلار بووە | 1994/9/7 |
| 57-66دینار یەك دۆلار بووە | 1994/9/10 |
| 52-56دینار یەك دۆلار بووە | 1994/9/12 |
| 62دینار یەك دۆلار بووە | 1994/9/18 |
| 57دینار یەك دۆلار بووە | 1994/10/9 |
| 54.5دینار یەك دۆلار بووە | 1994/10/21 |
| 48دینار یەك دۆلار بووە | 1994/11/6 |
| 46دینار یەك دۆلار بووە | 1994/11/9 |
| 47دینار یەك دۆلار بووە | 1994/11/17 |
| 44دینار یەك دۆلار بووە | 1994/12/3 |
| 34دینار یەك دۆلار بووە | 1994/12/17 |
| 40دینار یەك دۆلار بووە | 1994/12/22 |
| 38دینار یەك دۆلار بووە | 1994/12/23 |

*نرخی دۆلار رۆژانە لە بازارِی دۆلاری هەولێر وەرگیراوە.

# بە کورتی:

(ابن بلدی) لە رۆژنامەی (الاتحاد) ژمارەی 108ی 1994/12/3 نووسیبووی: سەرۆك نیلسۆن ماندێلا، بۆ دیموکراسیەت و ئازادی میللەتەکەی لەزیندان مایەوە، ئینجا وا پایتەختی ولاَتەکەی (جوهانسبێرگ) بە شاری دزی و تالاَن و دەستدرێژی دەزانیَ و بە شاری (رودیوجانیرۆ)ی دەشوبهێنیَ و نیگەرانە، وادەزانیَ تاوان لە پایتەختی ولاَتەکەی زۆرترە، بۆیە (ابن بلدی)یش، هەولێر، پایتەختی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەرووی زۆری تاوان و کوشتن و دزی بەم پایتەختە ئەفریقیایەی دەشوبهێنیَ و ناوی ناوە (جوهانسەولێر)و دەڵێت: سەرژمێری لەم ولاَتە ئەفریقیایە، (15) ملیۆنەو رۆژانە (150) کەس دەکوژریَت و لە پایتەختی خۆمان کە سەرژمێری یەك ملیۆنە، رۆژانە دوو کەس دەکوژریَت، هەروەها لە جوهانسبێرگ رۆژانە (23) ئۆتۆمبێل دەدزریَت و لێرەش (1-2) ئۆتۆمبێل دەدزریَت.

****

*د.عەبدوڵلاَ پەشێو، دووەم جاریەتی بەسەردان دەگەرِێتەوە هەولێر، جاری یەکەم، کە هاتەوە هەزارەها کەس لە خوێندکارو رۆشنبیر و کادیرو کاسبکارو لێپرسراوان و عاشقانی شیعرەکانی سەردانیان کرد، ماڵەکەی فیستیڤاڵیَ بوو، ئەویش بەخۆشی و بەهێمنی و بەسەربەرزییەوە قسەی بۆ دەکردن، لە کوردستان مایەوە، دەنگیشی بۆ پەرلەماندا، بەلاَم جاری دووەم کە هاتەوە گەرمەی شەرِی ناوخۆ بوو، بۆیە ئەمجارە نیگەراَن، بیَ هەواڵ، بیَ دەنگ، مەلوول، خۆی زیندانیَ کردو خەفەتی لە

دەستت برزێ، چاوت کوێر بێ،
ڕێگەی ڕاستت کێوی قافی پڕ هەڵدێر بێ،
هەی، کرم لە گۆشتت بدا
شێرپەنجە بەخوێنت فێربێ،
تۆ دەزانی ئەوەی تۆ کوشتت چی بوو، کێ بوو؟
پێشمەرگە بوو،
پشت و پەنای تویَشووی ڕێت بوو.
****

*لە 1994/5/29 شەڕێکی گەرم لە ناوچەی شوقەکانی ئیسکان و خانووی وەزیرەکان دروست بوو، دووکەڵ بەرزبۆوە، بۆ ئارامکردنەوەی شاری هەولێر، پەیامێکی هاوبەشی مەسعود بارزانی و کۆسرەت ڕەسول عەلی بلاوکرایەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

جەماوەری شاری هەولێر
پ.م ی.ن.ك و پ.د.ك...

ئەم ئێوارەیە بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو، تەقە لە گەڕەکی ئیسکان دامەزراو هەوڵ و کۆشش بەردەوامە بۆ وەستاندنی شەڕەکە، بەلاَم هێشتا پاشماوەی بەردەوامە، بەم بڕیارە هاوبەشە داوا لە تەواوی شەرکەرەکان دەکەین دەستبەجێ تەقە ڕابگرن، ڕانەگرتنی تەقە، نەك دڵسۆزی نییە، بەڵکو شەرمەزارییەکی گەورەیە، بەتایبەتی سبەی دووسبەی گرنگترین کۆبوونەوە لەنێوان بەرزترین دەسەلاَتدا بۆ چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکان دەکرێ، دووپاتی دەکەینەوە دەستبەجێ تەقە ڕابوەستێ، تووڕەبوون و قین جگە لەزیان هیچ سوودێکی بۆ هەموو لایەك نییە.

مەسعود بارزانی کۆسرەت ڕەسول عەلی
****

لە ئەنجامی ئەم تەقە سەختەدا، تەلەفزیۆنی سەربەخۆیی، پارتی پارێزگارانی کوردستان، کە لە ئاگرەکە نزیك بوون، هێرشی توندییان کردە سەر شەرکەرەکان و داوای لە جەماوەری خەڵکی هەولێر کرد خۆپێشاندان سازبکەن و نارەزایی توند دەربڕن، کە تەقەکان گەرمتر بوو، تەلەفزیۆنەکە دەنگی نەما.
****

***لە رۆژانی شەڕی ناوخۆدا، لەشاری هەولێر، چەندین مانگرتن و پەناگیری کارمەندانی دەزگاکانی حکومەتی هەرێم کرا، هەندێ لە ئامانجی مانگرتنەکان، بۆ زیادکردنی موچەو دەرماڵە بوو، هەندێکی تر داوای ئاشتی و دیموکراسیەت و ئاشتبوونەوەیان دەکرد، هەبوو داوای نەهێشتنی تاوان و دزی و تالآنیان دەکرد، داوای نەمانی دیاردەی چەکداریشیان دەکرد، وەك: (140) دکتۆر لە هەولێر مانیان گرت، وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەلآیەتی، کەمال شاکر لە 1994/10/5 دیداری کردن و وتی: سەرۆکی حکومەت، بەڵێنی داوە، وەزعی ئابووری چاك ببێتەوە داواکانیان جێبەجێدەکەین، کە لە 1994/10/1 مانیان گرتبوو، بێجگە لە وەزعی دارایی و موچەیان داوای ئاشتی و هێمنی و یاسایان کردبوو، چونکە دیاردەی دزین و تالآنکردنی دەرمانخانە ئەهلییەکان زۆر ببوو، داوایان کردبوو کەلوپەلی دەرمانخانەکان بدرێتەوە، دیارە دزەکان دەناسران، دزییەکانیش سیمای ئاشکرای پێوەبوو!؟**

*********

*** لە 1994/8/13 سەیدەلییەکانی هەولێر، بۆ ماوەی یەك رۆژ مانیان گرت، دەرگای دەرمانخانەکانیان نەکردەوە، داواکار بوون، دەرمانخانەکانییان لە شالآوی دزی و تالآن و برین بپارێزرێت، ئەو رۆژە بەنەبوونی دەرمانخانەکان ئاڵۆزی زۆری لەشار پەیدا کرد، نیگەرانی زۆر بوو.**

***لە 1994/7/10 کارمەندانی تەندروستی بەهەموو بەشەکان مانیان گرت، سەرۆکی حکومەت دیداری لەگەڵ نوێنەریان سازکرد.**

***لە 1994/8/13، (700) کرێکاری کارگەی (رستن و چنین)ی هەولێر، مانیان گرت، داوای دەرماڵەی زیادیان دەکرد، داوایان هەبوو، دوو کرێکاری تر ببێتە ئەندامی ئەنجوومەنی کارگەکە، مانگرتنەکەیان 17 رۆژی خایاند.**

***هەروەها کرێکارو فەرمانبەرەکانی کارگەی (مەڕ مەڕ)ی هەولێر مانیان گرت، داوای بەشی خۆیان لە قازانجی بەرهەم دەکرد، دیداریان زۆر لەگەڵ سازکراو نوێنەریان لەگەڵ وەزارەتی پیشەسازی و وزە دیدارییان هەبوو.**

***لە 1994/9/14، (300) پۆلیسی هاتوچۆی هەولێر بۆ نارەزایی دەربرین لە کوشتنی مولازم (هیوا عەبدوڵلآ مەولود) بۆ ماوەی سێ رۆژ مانیان گرت.**

***لە 1994/8/23، (ادعاء عام)ی دادگای هەولێر مانیان گرت و داوای مافەکانیان دەکرد وەك دادوەرەکانی تر، مانگرتنەکەیان سێ رۆژی خایاند.**

**دیارە ئەم مانگرتن و نارەزاییانە دیاردەی شەڕی ناوخۆیە، گەرچی لە رۆژانی تری پێش شەڕیش مانگرتن هەر هەبووە، بەلآم هی ئەو ماوەیە هۆی ئاشکراو شاراوەی هەندێکیان شەڕی سارد و شەڕی ناوخۆ و بەرەڵلآیی ئیدارات بوون.**

********

*لە کۆبوونەوەکانی رۆژی 29 و 1994/6/30، لە ح. شیوعی کوردستان و بزووتنەوەی دیموکراتی ئاشووری و ح. زەحمەتکێشانی کوردستان، کەریم ئەحمەد یەعقوب یوسف کنەو قادر عەزیز، لێژنەی ئاشتی شاری هەولێریان دەست نیشان کرد، دیارە کاری ئەم لیژنەیەش ئەوەبوو، دیدار بۆ ئاشتی و ناوبژیوانی بکەن و نوێنەری خەڵکی هەولێر بن، ئەندامانی لێژنەکەش لەم ناوانە پێکهاتبوو: (مەلا حەسەن، یەعقووب یوسف کنە، عەبدولخالق زەنگەنە، عەدنان موفتی، حاکم مەعروف رەئووف، عەدنان نەقشبەندی، د. سەعدی بەرزنجی، جەودەت ئەحمەد ناجی، مومتاز حەیدەری، تارق جامباز، ئەنوەر سلێمان، رێکار ئەحمەد، عومەر شێخەڵلاَ دەشتەکی، خەلیل عەسکەری، فەخرەدین داغستانی، برزۆ عەلی هەژار، قەشە سەلیم، د. کەمال خۆشناو، کەمال غەمبار، د. مەلا محەمەد گەزنەیی) لەرۆژی 1994/5/31 لە م.س زەحمەتکێشان دیدارییان ببوو لە 1994/6/8 یاداشتێکیان ئاراستەی جەماوەری کوردستان و شاری هەولێر کردبوو.

*****

* رۆژنامەنووس (دڵشاد مەجید) ریپۆرتاژێکی لە ژمارەی (706)ی کوردستانی نوێ، رۆژی 1994/6/13 بۆ بەسەرکردنەوەی وەزعی ئاسایی و هێمنی شار بلاَوکردبۆوە، لەم ریپۆرتاژەدا موقەدەم (زەعیم) جێگری بەرِێوەبەری پۆلیسی هەولێر وتبووی:

چەکدارەکان گشتیان لەسەر بانەکان و سەنگەرەکان و شاخەکان دابەزین، بەبێ گوێدانە هیچ یاسایەك شالاَوی دزینی سەیارەو رفاندن و خەڵك کوشتن دەستی پێکرد، بەراستی ئەو خەڵکانەی دزی دەکەن لەپاڵ یەکێتی و پارتی، زیاتر خەڵکی بەرەڵلاَن، کە خراونەتە ناو ئەو حزبانە. هەروەها (عەبدولموهەیمن بارزانی) پارێزگاری هەولێر وتویەتی:

بۆ پاراستنی هێمنی شارەکەمان سپاردە بەرەی کوردستانی. هەروەها مام خدر ئەندامی کۆمیتەی پارێزگای هەولێری ح. شیوعی و لێپرسراوی ئەم هێزە وتی: ژمارەمان 100-120 کەسە، 10 کەس لە زەحمەتکێشان و شیوعی ئاسووری و 40 کەسی ئاسایش و 10 پۆلیسی هەولێر، ناوی مەفرەزەکە (بەرەی کوردستان و هێزی فریاکەوتنی ئاسایشی شاری هەولێر)ە، لە رۆژانی 8و9و 1994/6/10 تەنیا 10 سەیارە دزراوە، دزەکان داوای پارە لەخاوەنەکانیان دەکەن.

ئەوەی بەبیرهێنایەوە کە هێزەکانی هەردوو حزب لە خاڵەکانی شەردا دابەزین، واتە بە بریارێکی ئاشتی هێمنی پەیدا بۆوە، هێزەکان هاتنەوە ناو شار، دزیین بە هەموو جۆرەکانییەوە پەیدا بووە. بۆیە خەڵکەکە بە (گاڵتە) دەیانووت: شەرِەکە باشتر بوو، دزەکان، دوور بوون لەشار، بە ئاشتی دێنەوەو دزی پەیدا دەبێتەوە، بێگومان نیازیان هەموو هێزەکان نەبوو، بەڵکو خەڵکی مشەخۆرو پیاو خراپەکانی ناو حزبەکان.

****

*جۆرەها کۆمیتە، بۆ ئاشتی و ئاسایی کردنەوەی هەولێرو کوردستان دامەزرا، لە 1994/8/1 لیژنەی بالاَی ئاسایی کردنەوەی هەولێر، بە سەرۆکایەتی کۆسرەت رەسول و یونس رۆژبەیانی، سەرۆك و جێگری ئەنجوومەنی وەزیران و ئەندامایەتی: عەبدولموهەیمین بارزانی، مام خدر نوێنەری (حشع)، د. سەردار نوێنەری

*****

*کاتژمێر 5.15ی ئێوارەی ڕۆژی 1994/8/25 پەرلەمانی کوردستان، کۆبوونەوەیەکی نا ئاسایی بەست، مەسعود بارزانی و مام جەلال تاڵەبانی بەشدار بوون، لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی بەستنی ئەم کۆبوونەوەیە و ئامادەبوونی سەرکردەی هەردوو حزبی دەسەڵاتدارو ناکۆك، بەهێمنی، کۆمەڵێك لە جەماوەری هەولێر، بە ڕێپێوان گەیشتنە پێش پەرلەمان، ئامادەبووان، یەك دەنگ داوای ئاشتییان کرد، داوایان کرد هەردوو سەرکردە بێنە باڵکۆنەی پەرلەمان و بەڵێنی ئاشتی هەتا هەتایی بدەن، سەرەتا سەرۆك پەرلەمان و سەرۆك وەزیران قسەیان کرد، بەلاَم جەماوەرەکە، داوای هەردوو سەرکردەیان کرد، بۆیە ناچار، هاتن بەناوی خۆی و مەسعود بارزانی، مام جەلال لێدوانێکی بۆ دان و هیوای گەشبینی بۆ ئاشتی ڕاگەیاند، جەماوەرەکە بەکۆتایی هاتنی وتارەکەی مام جەلال بلاَوەیان کرد.

****

*لیژنەی ئاسایی کردنەوەی هەولێر لە 1944/9/28 بە ئامادەبوونی، مەسعود بارزانی سەرۆکی لیژنەکەو ئەندامییەتی کۆسرەت ڕەسول و عەبدولخالق زەنگەنەو کەمال شاکرو عەقید ئەیادو مەلا غەنی، کۆبوونەوە و بڕیاردرا:

چۆڵکردنی هەولێر لەهێزی چەکدار.

بارەگای فەرماندەی هێزەکانی یەکێتی لە (پیرزین) و هی پارتی لە (مەلائۆمەر) بێت.

فەوجی حیمایەی یەکی پارتی و دووی یەکێتی لەشار بچنە دەرەوەو بارەگاکانیان تەسلیم بە پارێزگای هەولێر بکەن.

شارو شارۆچکەکانیش بڕیارەکانی لیژنەی بالاَی ئاسایی کردنەوە جێ بەجێ بکەن.

ئەم بڕیارە لە 1994/10/1 جێ بەجێ بکرێت.

****

*ژووری عەمەلیات لەسەر ئاستی بەرز بۆ چاودێری ئاشتی و هێورکردنەوەو پێداچوونەوە دامەزرا، بڕیاری ژمارە (6)ی ژووری عەمەلیات سەبارەت بەهێمن کردنەوەی هەولێر بوو، بۆیە بڕیاردرا:

هێنانە خوارەوەی چەکدارەکان لەسەر بینایەکان و دوورخستنەوەیان لە گەڕەکەکان و شوێنی هاولاَتیان.

هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو بارەگایانەی کە لەدوای 1994/5/1 دامەزران.

لابردنی هەموو بازگە حزبییەکانی ناوشار و دەوروبەری شار.

*****

***ئەنجوومەنی ڕێکخراوە کوردستانییەکان، بانگەوازێکیان بۆ جەماوەری هەولێری خۆڕاگر ئاراستەکرد، دژی شەڕ داوایان لە (فەرمانبەران، خوێندکاران، قوتابیان، کاسبکاران، جووتیاران، ژنان، ئافرەتان، دوکاندارەکان، دەستفرۆشەکان) کرد، کەوا بەیەك هەڵوێست ڕۆژی دووشەممە 1994/12/22 کاتژمێر 8 تا 10ی سەر لەبەیانی مان بگرن، بۆ نارەزایی دەربڕین بۆ ئەم بارە ناهەموارەو پیشان بدەن و پاڵپەستۆیەك بێت بۆ (هەردوو حزبی دەسەلأتدار و پەرلەمان و حکومەت)، ئەوەش پاش ئەوەبوو، کە نوێنەری (30) ڕێکخراو لە یانەی ئەندازیارانی هەولێر لە 1994/12/21 کۆبوونەوەو ئەم بانگەوازەیان بلاَوکردەوە، گەرچی نوێنەری ئەم ڕێکخراوانە بەجۆرەها بۆچوونی حزبی و بێ لایەنی، کۆببونەوە، دیداری چوست و یەك و ئازایانەیان هەبوو، دیداری چاکیان سازکرد، بەگەرمی سەردانی هەردوو سەرکردایەتیان دەکرد، بەلاَم بانگەوازەکەیان ڕەنگی نەداوە و مانگرتنەکە ئەنجام نەدرا.**

*********

**بە گرتنی نەخۆشخانەی (ڕزگاری)و نەمانی چەکدارەکانی پارتی لەم شوێنە بەرزەو چۆلکردنی بارەگای ناوچەی گولاَن و مەخموورو کۆلیژی ئەندازیاری و دێی زانکۆ، هێزی پارتی لە هەولێر لاوازبوو، ڕاگەیاندنی پارتی دەیووت:**

**گەرچی هەولێر لەلایەن یەکێتییەوە گیراوە، بەلاَم دەبێ چاك بزانن شارەکە بەهێزی پارتی گەمارۆ دراوە.**

**لە 1994/12/31 ئێستگەی مەڵبەندی 3 ی یەکێتی ڕایگەیاند کە بنکەکانی مەفرەزەی (مامەند قەشقە)و (عەلی قەلاب) گیرا، هێزی پارتی لە هەولێر تەنیا لەم شوێنانە بوو (لقی 2، شیراتۆن، ئۆتێلی هەورەمان، دواناوەندی ڕزگاری، بارەگای جیهاد، بارەگای هێزی هەولێر (بەرامبەر مەلعەب)، دائیرەی کشتوکاڵ، ماڵی پارێزگار، برایەتی، شارەوانی و ناوچەی زانکۆو چوارڕیانی ئیسکان و پۆلیسی ئیسکان) مابوون، بۆیە ڕادیۆو تەلەفزیۆنی گولاَن، بەرنامەکانیان توند بوو، سەرکردەکانی یەکێتی بە دزو باندی  دز ناو دەبرد، داوای لە عەشیرەتەکان دەکرد بەرهەڵستی تالاَن و دزی یەکێتی بکەن، داوای دەکرد هێزەکانی گەرمیان و سلێمانی بگەڕێنەوەو چیتر بە قسەکانی یەکێتی خۆیان بەکوشت نەدەن و خۆیان بەئاگری پارتی نەسووتێنن، بانگەوازی هەبوو کەوا هێزەکانی یەکێتی خۆیان لەنزیکترین بارەگای پارتی تەسلیم بکەن، هەروەها وتی: وا پۆل پۆل چەکدارانی یەکێتی تەسلیم دەبن، وا هێزی حزبوڵلاَی شۆڕشگێڕ بە سەرۆکایەتی (شێخ ئەدهەم بارزانی) دەگاتە هەولێر. ڕاگەیاندنی هەردوولا توندبوون، دزینی ئۆتۆمبێل و تالاَن هەبوو، خۆشاردنەوەو سۆراخ کردن هەبوو، چەکدار لەناو شاردا زۆر بوو، شار بۆنی خوێنی لێ دەهات، مەترسی کارەساتی گەورەتر ڕەچاو دەکرا، شار زۆربەی لەدەست یەکێتییە و چوار دەوری شار هێزی پارتییە، بەلاَم زۆر نزیك نین، گومانی ئەوە دەکرا پارتی بۆ یارمەتی و ڕزگارکرنی بارەگاکانی هێرش بۆ ناو شار بهێنێ و تۆڵە بکاتەوە، خەڵکەکە لە بڕینی کارەبا و بێ ئاوی دەترسان! گۆمەکە قووڵ بوو، زام گەیشتە سەر ئێسقان، بازاڕ زۆر سارد بوو، دەوام نەما، دەرگاکان داخران، هاتوچۆ هەبوو، بەلاَم کەم، کاسبی و گەڕان نەما، بەلاَم دەزگا حکومییەکان پارێزراو بوون، پاسەوانیان هەبوو، لە 19994/12/29 ژمارەی (37)ی گولاَن بەهەمان ڕێباز دەرچوو، بڕیاربوو ڕۆژنامەی (خەبات) دەرچێت، نەبوو، ڕۆژی 1994/12/31 برایەتی چاپ نەکرا، هەموو کوردستان ئارامەو هەولێریش گەرمە، شلۆقە، بەترسە، تەقەی وێڵ زۆر بێ تاوانی کوشت، لە هەردوولا کوژراو و بریندار هەبوون.**

# هەولێر پاش "هەپی بێرس دەی تو یو"

چەند هەفتەیەك پێش 1995/1/1، تیپە هونەرییەکانی شاری هەولێر یانەو گازینۆو هۆڵەکانیان بۆ یەکەمجار، بۆ ئاهەنگی سەری ساڵ رازاندەوە، هونەرمەندو جەماوەری تینووی هەڵپەرکێ و شادی و شایی، ئامادەبوون، پلیت دەفرۆشرا، دەعوەت و دەعوەتکاری پەیدابوو، زۆری نەمابوو، شاری هەولێر وەك شارەکانی تری جیهانی ئاهەنگی قەشەنگی سەری ساڵی گەورەو خێزانی تێدا سازبکرێت، بەلاَم دیمەنەکە گۆڕا، هەولێر بووە بەیروت و کابول، خەڵکی خەو نەچووە چاویان، لە سەربانەکان بۆ تەماشا راوەستان، بۆ سەیری شایی و زەماوەند نا!!! بۆ تەماشای ئاگری شەڕ، ترس و دڵەڕاوکێ دروست بوو، گولە هەڵدەپەڕیَ، لەجیاتی مۆسیقا، دەنگی تەقە نەپسایەوە، سەدان گولە لەیەك ساتدا تەقی، شەوی تاریك بە گولەی هاوەن و قازیفە رووناك بۆوە، خانووبەرە لەرزی، جام شکا، نەخۆشخانەکان پێشوازییان لە بریندارى زۆر کرد، گۆڕستانەکانیش لە کوژراو.

*****

هەولێر 1995/1/1

وا ساڵی تازەیە، شاریش بەرگێکی تازەی لەبەرکرد، شتەکان گۆڕا، بازار دەکرایەوەو بەیەك چرکە دادەخرایەوە، لە شەقامەکان تاکسی دەبینرا، پۆل پۆل خێزان بە پیادەیی دەڕۆیشتن، بێ سەر دەگەڕان، بۆ شوێنی ئارامتر دەڕۆیشتن، هەر ژنە پەشۆکاوەو زارۆکی لەسەرشانە، پیاوەو هەگبەی لە پشتە، خێرا دەڕۆن، ئاورنادەنەوە، گەرچی ناوچەی ئارام نەبوو، چونکە گولە کوێرە، تۆپەو دەڕوات و دەگاتە هەموو کونجێك، کوێرانە بۆمباران دەکرێت، بە ئەنقەست و بەهەڵە بەر ماڵان دەکەوت. ئەو ناوچەی زۆر ترسناك بوو، چوار دەوری لقی (2)و شیراتۆن بوو، هاتوچۆ لەم ناوچەیە نەما، هێڵ و فنجانی کارەبای ساخ نەما، ئەوەی جێگای سەرسوورمان بوو لە ناوچەی ئاگرە خەستەکە ئاپوورەی لەخەڵك هەبوو، جا یان بۆ راووروووت و دەسکەوت، یان بۆ تەماشا، زۆربوون، ئەوانەی بێ چەك نەدەترسان لەناو ئاگریش بوون.

**هەولێر: 1995/1/2**

**شەو تەقە نەما، ئێستگەی مەڵبەندی سێی یەکێتی ئاگاداری بڵاوکردەوە، کە هەموو لایەك ئاگاداری و چاودێری دەزگا حکومییەکان بکەن، بواری دزی و تالاَن و شکاندن و برین نەدەن، هێزەکانی پارتی لە چوارچێوەیەکی تەسك دابوون، بۆیە شارەکە کەوتە دەستَ یەکێتی، سۆراخی ماڵە پارتییەکان دەکرا، خانوویان پێ چۆڵ دەکرا، دۆست و هەنگاوی چاکەش هەبوو، ئاگاداری بڵاَوکرایەوە، کە کارمەندانی کارەبا چاپووکانە بکەونەوە کار، شوێنە پچراوەکان چاك بکرێتەوە، کارەبا بگاتەوە شوێنە تاریکەکان، خاڵی پشکنین زۆر بوون، هەندێ خاڵی ناوبژیوان لەلایەن حزبەکان و INC هەبوون.**

**هەولێر 1995/1/3**

**دەوامکردنەوە ئاسایی بۆوە، هاتوچۆی دەزگاکان هەبوو، شار بەرەو هێمنی چوو، سەعد عەبدوڵلاَ بەرپرسی لقی2، رایگەیاند یەکێتی حەقی نییە، دەزگا رەسمییەکان بەڕێوە ببات، بەچ حەقێك دەوام بەخەڵکی دەکاتەوە، ئەم بانگەوازەی بەرپرسی یەکەمی پارتی لە هەولێر، شڵۆقی لەدەوامکردن دروست کرد، ئەوانەی دۆستی پارتی بوون، دوو دڵ بوون، مەسعود بارزانی بروسکەی بۆ بەرگری و قارەمانی هێزەکانی خۆی لە هەولێر لێدا، راگەیاندنی یەکێتی بە هەموو جۆرێك هانی خەڵکی دەدا، دەوام ئاسایی ببێتەوە، ئاژانسەکانی جیهان وتیان: هێزەکانی یەکێتی شاری هەولێریان کۆنترۆڵ کردووە، رۆژنامەی یەکێتی و حزبەکان دەرچوون، ژمارە (6)ی گۆڤاری رێبازی نوێی یەکێتی دەرچوو، شەو PUK- TV وەلاَمی سەعد عەبدوڵلاَی دایەوە.**

**هەولێر 1995/1/5**

**دیداری پارتی و یەکێتی و (17) حزبەکەو ئەحمەد چەلەبی، لەسەر داخوازی پارتی کاری سەربەخۆیی، لە پەرلەمان هەبوو، لەم کۆبوونەوەیەدا، لیژنەیەك بۆ ئاسایی کردنەوەی کوردستان پێکهات، زانایای ئایینی هەولێر بەنیازی ئاشتی سەردانی (مام جەلال)یان کرد، سامی عەبدولرەحمان بە (مۆنتی کارلۆ)ی راگەیاند، کەوا هێزەکانی یەکێتی لەشاری هەولێر راوورووت دەکەن، سەعدی پیرە لە تەلەفزیۆنی یەکێتی وەلاَمی دایەوە، شار هێمنە نرخی خوارَدەمەنی گرانەو هاتوچۆی هەولێر- شەقلاَوە نییە.**

**هەولێر 1995/1/7**

**(195)دکتۆرو مامۆستای زانکۆی سەلاَحەدین لەهۆڵی کۆلیژی ئەندازیاری بۆ گرفتی دەوامی زانکۆو ئامۆژگاکان کۆبوونەوە، مەسەلەی دەوام دەکرێتەوە، یان نا! ژیان و گوزەرانی مامۆستایان کرا، پێشنیاریان کرد، لیژنەیەك لە مامۆستایانی زانکۆ پێکبێت، ئەوەش لەبەرئەوەبوو ئەنجومەنی زانکۆ بێ هەڵوێست بوو، هەروەها لیژنەی هاوکاری بەڕێوەبردن، پێکهات، وەنەبێ ئەم لیژنەیە لەجێگای ئەنجوومەنی زانکۆ بێت لە دانێشتنەکەدا، بریاریاندا بەیانی دەوام دەست پێ بکاتەوە کە مامۆستاکان لە هۆڵەکە دەرچوون، خوێندکاران بەسۆز و چەپڵەڕێزانی پێشوازییان لێ کردن و، خۆشحاڵییان بە**

بڕیاردرا سووتەمەنی لەسەر هاوولاَتیان دابەش بکرێتەوە، بڕی سەد لیتر نەوت بۆ هەر خێزانێك، ئەمەش پاش ئەوەی دیداری پارێزگاو ڕێکخراوی کێڕی ئوسترالی بوو.

**هەولێر 1995/1/8**

لە بەردەم شیراتۆن، هاولاَتییەك کوژرا، دائیرەکان بانگەوازیان هەبوو بۆ دەوامکردنەوە، ئاسایشی گشتی رایگەیاند هیچ لێپرسینەوەیەك بەرامبەر کەس ناکرێت.

**هەولێر 1995/1/9**

دەرگای کۆلێژەکان کرایەوە، کەم خوێندکارانی شارەکانیش گەڕانەوە، بازاڕ هێمنە، خواردەمەنی وەك ڕۆژانی تر بەرز نییە، کیلۆی شەکر بە 30-35 دینارە.

## بڕیاری ژمارە (3)ی کۆمیتەی بالاَی متابعە:

سەعات 2ی پاش نیوەڕۆی ڕۆژی 1995/1/1 کۆمیتەی بالاَی متابعە لە بارەگای خۆیدا، لە پەرلەمان کۆبوونەوەو بڕیاریدا:

یەکەم: ڕاگرتنی دەستبەجێی شەڕ لە هەولێرو دەوروبەری و لە ناوچەکانی کوردستان و دەست پێکردنی لێك جیاکردنەوەی هێزەکان.

دووەم: لێك جیاکردنەوەی هێزەکانی هەردوولای شەرکەر، لەم ناوچانەی خوارەوەو تەسلیم بە INC بکرێت و بە بەشداری بەرەی کوردستانی.

ا- لە ناوچەی لقی 2ی پارتی.

ب- لە ناوچەی شیراتۆن.

ج- لە ناوچەی کەسنەزان.

د- لە ناوچەی شاوێس- مەلا ئۆمەر.

سێیەم: چۆڵکردنی هەموو نەخۆشخانە و زانکۆو دەزگا خزمەتگوزارییەکان لە چەکدار و تەسلیمکردنی ئەو شوێنانە بە INC بە بەشداری بەرەی کوردستانی.

چوارەم: هەردوو لایەن ئەمڕۆ ئەفسەرانی پەیوەندی خاوەن دەسەلاَتی جێبەجێکردن لە هەموو یەکەکان و هەموو کەرتەکان دیاری بکەن و کتابێکیان لە سەرکردەی عەمەلیاتەکانی هەولێر بۆ هەردوولا پێ بێ لە بەردەستی کۆمیتەکان بن.

د. ئەحمەد چەلەبی.     جەوهەر نامیق سالم.     د. کەمال فوئاد.

ئەم بڕیارە هەندێکی جێ بەجێکرا، وەك بوونی چەندین خاڵی پشکنینی و چاودێری inc لە ناوچەکانی لقی 2 و شیراتۆن، بەلاَم هێزی بەرەی کوردستانی بەدی نەکرا، بەلاَم بە کۆششی کەسانی دڵسۆز، هەندێ دەزگاکانی زانکۆ لە بەرەی کوردستانی داوایان کردبوو، هێزیان بۆ چوو بوو وەك (گوندی زانکۆ)و (سەرۆکایەتی زانکۆ)و شوێنی تر، ئەمەش وەزعەکەی هێمن کردەوە، دەوامی خوێندنگاکان هەستی پێ دەکراو

*****

## بەندیخانەی "مەحەتە" شکا

لە رۆژانی شەردا، دیاردەی ترسناك و کوشندە روودەدات، شەر ئالۆزی پەیدا دەکات، لە ئاکامی شەردا هەرچی بێ یاسایی هەبێت پەیدا دەبێت لە ئەنجامی شەری قورسی ناوشاری هەولێر شەوی 1-1995/1/2 (639) زیندانی لە بەندیخانەی هەولێر (مەحەتە) هەلاتن، شوێنی بەندیخانەکە، ناوچەی حەرام بوو، ناو ئاگرەکە بوو، بینایەی شیراتۆن کە چەکدارانی پارتی بە چەکی قورس و سووکەوە، دەیروانیە ئەو شوێنە، چوار دەورەشی چەکدارانی یەکێتی بوو، چەند رۆژبوو، هاتوچۆ لەم ناوچەیەدا دەگمەن و بڤە بوو، چەکدارانی شیوعی و ئیسلامی هاوکاری پاراستنیان لە بەندیخانەکە دەکرد، بەرپرسی بەندیخانەکە (رائد خۆشەوی) بۆ تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان و رۆژنامەی کوردستانی نوێ ژمارەی (878) وتی: ئێمە زوو داوای هێزی زیادمان کرد، سی چەکداری شیوعی و ئیسلامیمان گەیشتێ، تەقە لە ناوچەکە گەرم بوو، کارەبا نەما، خواردنمان نەگەیشتێ، زیندانییەکان برسییەتی شپرزەی کردن، کەسیش دەسەلاتی تەقەکردنی نەبوو، بەلام بەناچاری تەقە کرا، پێنج کەسیان بریندار بوون، یەکێکیان مرد، شیشەکانیان هەلتەکاند، سیمەکانیان پچراند، ئاودیو بوون لەسەر دیوارە بەرزەکان ئاسان بوو، بۆیە زیندانییەکان رایان کرد، توانیمان (234) زیندانی بگرینەوە.

هەواڵەکە بلاوبۆوە، زۆر قسەکرا، وتیان: لەبەر ئالۆزی شارەکە و نا ئارامی روویدا، پاشەوانەکان کەم تەرخەمیان کرد، دەسەلاتیان نەبوو، دەرەقەتیان نەهاتن، ئەوان زۆر بوون، یارمەتیان نەگەیشتێ، زیندانییەکان لەترسی رووحی خۆیان و لەبەر چرِی و نزیکی ئاگری شەرەکە خۆیان دەربازکرد. دەزگای راگەیاندنی پارتی وتی:

یەکێتی بۆ ئازادکردنی چەند پیاوکوژو دزی خۆیان دەرگاکانیان کردەوە، تا بە ئاسانی رزگارییان بێت. راگەیاندنی یەکێتی، داوای هاوکاری دەکرد بۆ گرتنەوەی زیندانییەکان، پۆلیس و ئاسایش و چەکدارانی یەکێتی و خەڵکی دڵسۆزو حزبەکانیش دەوریان هەبوو لە گرتنەوەیان، ئەوانەی زوو گیرانەوە (14)یان حوکمی سێدارەیان لەسەربوو، هەندێ لە هەلاتووەکان خۆیان خزاندە ناو هێزەکان، تێدا بزربوون و چاوپۆشیان لێ کردن، زیندانی هەبوو کێشەکەی سادە بوو، یان ماددەی بەندی سووك بوو، خۆی گەرایەوە.

شکاندن و راکردنی زیندانییەکانی مەحەتە، هەندی شەرە قورسەکان کاری سلبی نیشاندا، نیگەرانی دروستکرد، بێ ئومێدی پەیدابوو، ئیشی چاك بۆ گرتنەوەیان ئەنجامدرا.

کە هەولێر ئارام بووەوەو دەزگاکانی پۆلیس هاتنەوە سەرکارو فەرمانی خۆیان، ئیشکرا بۆ چاککردنەوەی بەندیخانەی (مەحەتە)و دووبارە کردنەوەی بە بەندیخانەیەکی گونجاو لە 1995/7/17 کرایەوەو زیندانییەکان لە بەندیخانەی ئاسایش گواسترانەوە بەندیخانەی (مەحەتە).

## پارتی کەسنەزانی گرتەوە

لە 1995/1/13، لە هێرشێکی کتوپڕدا، هێزەکانی پارتی ئۆردوگای کەسنەزانیان گرت، هێزەکانی یەکێتی تا قەراخی شار هاتن، لە بەرزاییەکانی پشت دەواجنی هەولێرو لەناو گۆڕستانی شارەوانی و خەرەندەکەی پشت گوندی (حەسارۆك) بەرگرییان دەکرد، ئەوە بوو هێزەکانی پارتی زۆر هاتبوون راوەستێنران، گەر بەگرییەکە خێرا نەبووایە زۆری نەمابوو بگەڕێنەوە نەخۆشخانەی رزگاری کە هێزی INC تێدابوو، گەرانەوەو هێرشەکەی پارتی دیاربوو بۆ ئەوە بوو، هێزێك بگاتە، هێزەکانیان لە بارەگای لقی 2 و شیراتۆن و ورەیان بەرزبکاتەوەو بوونی چەکداری خۆیان لەناو شاردا زیندوو بکاتەوە، دیارە هێزەکانی پارتی لەم دوو شوێنەدا کە گەمارۆدرا بوون و هێزی INC ناوبژیوانی دەکردن، چاوەڕوانی هێرشێکی وایان دەکرد، بەلاَم پلانەکە مەرامی خۆی نەپێکا، بە خۆرئاوابوون شەڕەکە سارد بۆوە، بەیانی زوو، راگەیاندنی یەکێتی رایگەیاند کە هێرشەکەی پارتی شکاوە، بەلاَم پارتی مژدەی سەرکەوتنی گرتنەوەی کەسنەزانی بلاَوکرەوە، بەیانی تەرمی فەرماندەی پارتی (عەلی شەعبان)و چەند تەرمێکی تریان کەوتە دەست یەکێتی، لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا هێزەکانی INC لە نەخۆشخانەی رزگاری نەمان و کشانەوەو یەکێتی دۆشکەکەیان خستە سەری و خۆیان تێدا توند کرد، بەیانی تا پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ جەماوەرێکی زۆر بە پیادەو بە ئۆتۆمبێل بۆ دیتنی شوێنەواری شەڕەکە روویان لە ناوچەکە کرد، دوایی بەچەند گولە هاوەن راجیمەکە لە کەسنەزانەوە هات، خەڵکەکە خێرا پەرتەیان کرد، هێڵی بەرگری هەردوو حزب، وەك خۆی مایەوەو دیسان کەوتنەوە بەرامبەری یەك و تەقەیان لە یەکتری دەکرد، ئەنجامی ئەم شەڕە گەڕەکەکانی 159 و 115 و دەوروپشتی نەخۆشخانەی رزگاری شپرزە بوون، چەند گولە هاوەن بەر شار کەوت. زیانی هەبوو، بە ئارامبوونەوەی بەرەی شەڕەکە، خەڵکی ئەو گەڕەکانە گەڕانەوە ماڵەکانی خۆیان.

# شیراتۆن و لقی 2 گیران

گەرچی هێزەکانی پارتی کەسنەزانیان گرتبۆوەو پێشرەوی زۆریان کردبوو، بەڵام نەیانتوانی قۆناغەکانی هێرشەکەیان تەواو بکەن، گەر هێڵی بەرگرییان پچڕاندبایە دەگەیشتنە هەولێرو وەزعەکە دەگۆڕا. دیارە دیسان شەری قورستر روویدەدا، بەڵام لێرە راوەستا، پارتی هێزی لە لق و شێراتۆن و هێزی inc خاڵی چاودێری لە ناوچەکەدا هەیەو هێزی زۆری یەکێتی نزیکن. هێزی تر لە شارەکانی سلێمانی و گەرمیان هاتوون، چەکدار زۆرە، چەکی قورس دەبینرا، لە ئەنجامی گرتنەوەی کەسنەزان و نیازی پەیداکردنی رێگایەك بۆ گەیشتنی هێزی تری پارتی بۆ ناو هەولێر، بۆیە یەکێتی بە ئاگرێکی چڕو هێزێکی زۆرەوە لە شەوی **14-1995/1/15**، گەمارۆی لە سەر لقی **2** و شیراتۆن توندکردو لە ئەنجامی شەرێکی زۆر دژواردا، کە هەزارەها تەقە و گولە هاوەن و **106** تەقین، تەقە بەدرێژایی رۆژ نەوەستا، ناوچەکە بووە کوورە، راگەیاندنی یەکێتی لە تەلەفزیۆن هەواڵی گرتنی شیراتۆن بە نیشاندانی (شیراتۆن)و هێمای (×) لەسەری بلاوکردەوە، تەقە نەما، شار کپ بوو، حزبە کوردستانییەکان دەوریان هەبوو لە رزگارکردنی چەکدارانی پارتی و فەرماندەکانیان و دوورخستنەوەیان لە هەولێر، ئەوەش بوو، خوێن زۆر نەڕژا.

لە رۆژانی **14-1995/1/15** بازارو دەوام نەمابوو، جووڵە لە شەقامە گشتییەکان بەتایبەتی سەنتەری شار هەستی پێ نەدەکرا، پەشێوی و نیگەرانی و دووکەڵ و خەم و سووتان و تەقەو خوێن و نەخۆشخانە و هەواڵی جەرگبرو راگەیاندنی توندی مشت جوێن و قسەی ناشیرین و ماڵ چۆڵکردن و سەیارە شاردنەوە، کە شەر گەرمتر دەبێت، کارەسات گەورەتر دەبێت و ئاشتی دوور دەکەوێتەوە. ئاشت بوونەوەو ئاسایی کردنەوە زەحمەت دەبێت و گوزەرانی خەڵکی گرانتر دەبێت و برسییەتی بەرۆکان دەگرێت و حکومەت و پەرلەمان لەرزەی دەکەوتێ و سیماو سۆزو یارمەتی دەرەوەش لاوازتر دەبێت، گەرچی شەڕەکەی شێراتۆن و لق زۆر خەست بوو، ئاگرەکە گەرم بوو،

سەعد عەبدوڵلاَ بەرپرسی لقی 2 پاشان بۆ رۆژنامەی (خەبات) ژمارەی 778 وتی: کارەباو ئاوو خزمەتگوزاری و هاتووچۆمان نەمابوو، خێرخوازی بێگانە (ئەلکسەندەر راسل)و نوێنەری bbc (کلیر پونیتن) سەردانیان کردین، مقداد عەلی ئەندامی لقی 2 بۆ هەمان رۆژنامە وتبووی:

بەرگریمان بێ وێنە بوو، بڕیارمان دابوو بمێنیینەوە.

هێزەکانی یەکێتی کۆنترۆڵی تەواوی شاری هەولێریان کرد، ئاژانسەکان وتیان: یەکێتی هەولێری گرت، باری شار ئاڵۆزە، بێژەرەکانی بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا وتیان: باری ناو شار بەرەو ئارامی دەڕوات، ئەمڕۆ تەلەفۆنمان کردووەو دوو تەلەفۆنیشمان لە هەولێرەوە بۆ کراوە، ئاوو کارەبا لەناو شاردا نییە، بەلاَم تەقە نەماوە، بازاڕ کرایەوە هاتووچۆ ئاسایی بۆوە، مام جەلال لە 1995/1/15 بانگەوازی هەبوو، کە سەرکردایەتی پارتی لەلای ناوبژیوانان وتویانە، هەولێر کاول دەکەین، بۆیە داواکار بوو، خەڵکی خۆی چەکدار بکات، پایتەختی پیرۆزی کوردستان بپارێزن، راگەیاندنی پارتی زۆر باسی دزی و تالاَنکردنی ماڵە پارتییەکان و پەرلەمانتارو دەزگا حکومییەکانی دەکرد، لە 1995/1/16 بۆ تەماشاکردنی شوێنەواری شەڕەکە جەماوەرێکی زۆر هاتنە تەماشای بینایەی لق و شیراتۆن، بینایەکان شوێنی تەقەی زۆری پێوەبوو، خەڵکێکی زۆر پێیان هەڵگەران، هەموو شتیان دەبرد، دەرگاو پەنجەرەو وایەرو کاشی و کەلوپەلی ئاوو چوارچێوەو کەرەستەی زۆریان گواستەوە، قەرەباڵغییەکە بێ وێنە بوو، بە عەرەبانەو سەیارەو بەشان و مل شتیان دەبرد، گلەیی زۆر بوو، لە زامدارکردن و رووتاندنەوەی ئەم دوو بینایە، خەڵکی هەر پرتەو بۆڵەیان بوو، بەلاَم خەڵکەکە زۆر بوو، گەرچی تەقەش لە خەڵکەکە کرا، بەلاَم سەری نەگرت، ئاپوورەکە هەر زۆرتر دەبوو، بۆنی دووکەڵ هەستی پێ دەکرا.

مام جەلال لە 1995/1/17 سلاَوی گەرمی بۆ جەماوەری تێکۆشەری دێرینی شاری هەولێر راگەیاند، سەبارەت بەراوورووت لە شارەکە وتی: (پێویستە ینك زۆر بە توندی بەگژ راوورووتکەراندا بچێ بەتایبەتی ئەوانەی بەناوی ینك دەیکەن). داوای ئارامی و ئاسایش و خزمەتگوزاری لەناو شارکرد، کارەبای هەولێر زۆر پچرابوو، ئاوی ئیفراز نەدەگەیشت، بێ ئاوی و کارەبای شاری تێنوو و تاریك کردبوو، تیمەکانی کارەباو ئاو بەهاوکاری کارمەندانی un و پیاوانی INC ئیشیان دەکرد، شەوی 1/17 بەشێکی شار کارەبای هاتەوە، بێ کارەبایی بیرەکانی ئیرتوازی پەك خستبوو، زۆر کۆشش کرا بە مۆلیدە بیرەکان بکەنەوە گەڕ، وەزارەتی شارەوانی کۆششی زۆری کرد، هەموو دەزگاکانی شار هاوکارییان کرد، بە تەنکەر ئاو گەیشتە هەندێ گەڕەکی شار، شەکر نرخی بەرزە، کیلۆی بە پەنجا دیناربوو، کۆمیتەکانی یەکێتی لەناو شاردا خەڵکی بۆ چەك هەڵگرتن ناونووس دەکرد، بروسکەی پشتگیری بلاَودەکرایەوە، ئیشکردن زۆرە بۆ ئارامی شارو دزگرتن و مفارزی ئاسایش و چەکدار بۆ ئەم مەبەستە هەبوون، دزینی سەیارەو فڕاندن هەبوو، مەفرەزەکان و خەڵکی هاوکارییان دەکرد بۆ کەمکردنەوەی دزی.

****

**لە 1995/1/18، شوکریە محەمەد ئەمین لە (کۆمەڵەی ئافرەتانی هەولێر) بەدەنگی ئەمریکای بەشی کوردی ڕاگەیاند، کە هەولێر ئارام نییە، خواردەمەنی گرانەو کارەبا باش نییە. ژمارەیەك ئەفسەرو پۆلیسی سلێمانی و گەرمیان بۆ هاوکاری پۆلیسی هەولێر گەیشتنە شار، لەپێش پارێزگا دابەزین، بەجلی سەربازی و بە چەکەوە بوون، ڕاگەیاندنی پارتی، ڕەخنەی هەبوو، گوایە ئەوانە لیوای تایبەتین و بەجلی پۆلیس هاتوون، ئەوانیش لە تەلەفزیون قسەیان کرد، وەزعی پۆلیسی هەولێر تەواو نەبوو، کەم دەوامیان دەکرد، چەکیان نەبوو، سەیارەکانیان نەمابوو، ئەفسەرەکان دوو دڵ بوون، (جەمال مورتکە) فەرماندەی هێزی هەولێری پارتی بە گولانی وت: لە شەڕەکاندا سێ سەد چەکداری یەکێتی کوژراوەو ڕوویان ڕەش دەکەین و بەرگریمان بێ وێنەبوو، مەسعود بارزانی بروسکەی بۆ پاڵەوانی و بەرگری لە لقی 2 و شیراتۆن ڕاگەیاند.**

## هەولێر 1995/1/19

**شار بەرەو ئارامی دەڕوات، کارەبا کەمە، ڕاگەیاندنی یەکێتی دەیوت: پارتی تاوەرەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی کە کارەبا دەگەیەنێتە هەولێر تەقاندوتەوەو هێڵەکانی پچڕاندووە، گلەیی زۆر هەبوو، بەلاَم پارتی نکۆڵی لەم کارە دەکرد، ئەوەی من زانیم لە شەڕەکانی لقی 2 و شیراتۆن، یەکێتی 8 کوژراو و 80 برینداری سووك و خەستیان هەبوو، بەلاَم کوژراوی پارتی 32 بوو، دەوام ئاسایی نییە، گوزەرانی خەڵکی بەرەو خراپی دەڕوات، گولاَن دەبێژێت، یەکێتی لەسەر داوای (نەوشیروان) شەڕیان لە هەولێر هەڵگیرساند، چونکە ئەو لە چەولەی یەکەمدا وتویەتی: هەولێر (مقدس) نییەو دەبێ شەڕی تێدابێت، نەوشێروان مستەفا لە PUK- TV و کوردستانی نوێ وەلاَمی ڕاگەیاندنی پارتی دایەوەو وتی:**

**من قەرزاری خەڵکی هەولێرم، ماوەیەکی زۆر خێزانەکەم لە هەولێر ئارام بوون، لە گەڕانەوەیان لە سلێمانی ئازاریان دان، من هەرگیز نەموتووە هەولێر موقەدەس نییە، ئێستا ئامادەم بێمە هەولێر گەر ئیشیان پێم بێت. بێجگە لە چاپکراوەکانی پارتی، هەموو چاپکراوەکان بە بەردەوامی دەردەچوو.**

## هەولێر 1995/1/20

**هاتنی ئازووقە بۆ هەولێر زەحمەت بوو، خواردەمەنی گران بوو، برنج نرخی وەك خۆی مایەوە، ئەوەش لەبەر ئەوەی بازرگانێکی گەورەی شار، برنجی لە کۆگاکان زۆر بوو بەنرخی جاران سەرفی کرد، خواردەمەنی بەرێگای گشتی نەدەهات، بە بەحرکەو ڕێگا خۆڵەکان دەهات، قاچاغ بوو، پارەیان دەداو ئاودیویان دەکرد، پۆلیسەکانی سلێمانی و کەرکووك دەوامیان دەکرد، دیدار بۆ ئاشتی بەردەوام بوو، حزبەکان و کەسایەتییەکان کۆششیان هەبوو، لە ڕاگەیاندنەکانیان بلاَوکرایەوە، کە مەسعود بارزانی بۆ دانیشتنی ئاشتی و گفتوگۆ داوای کردووە، هەولێر بێ قەیدو شەرت لە هێزەکانی یەکێتی چۆڵ بکرێن، ئەو مەرجەی پارتی، یەکێتی ڕەفزی دەکرد، ڕۆژ بەرۆژ شەڕە جنێوو ناو و ناتۆرە لە یەکتری توندتر دەبوو.**

## هەولێر 1995/1/21

**د. فوئاد مەعسوم بۆ MBC وتی: یەکێتی ئاشتی دەوێت، پارتیش داواکارە هەولێر چۆڵ کەین. شار ئارامە سەیارە دزین و تالاَن کردن کەم بووە، هێزەکانی یەکێتی بۆ بنبڕکردنی دزی و تالاَن ئیشی دەکرد، مەفرەزەیان زۆر بوو، ئیجرائاتیان دەکرد، بە**

## هەولێر 1995/1/22

**ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)، ڕۆژنامەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە ژمارە 157 زۆر بوێرانە لە مانشێتی ئەم ژمارەیەی نووسیبووی: (بڕینی نان و کارەبا، تاوانێکی گەورەیەو دەبێ پارتی گوێڕایەڵی ئاشتی بێت، یەکێتی بەچاوی سەرکەوتوو تەماشای وەزعەکە نەکات و هەولێر بەرەو ئارامی بڕوات)، ئەم ڕۆژنامەیەو تەلەفزیونەکان و لێدوانی بەرپرسەکانیان واقیعیانە لە کێشەکان دەدوان و خەڵکی شاهیدیان بۆ دەدان و گوێیان بۆ وتارەکانیان ڕادەگرت و حسابیان بۆ قسەکانیان دەکردن، برینداریێکی زۆری بنەسڵاوە گەیشتە نەخۆشخانەی هەولێر، یەکێتی پارتی بە بۆمبارانی کوێرانە تاوانبار دەکرد، لە نەخۆشخانەکە، داوای خوێن بەخشین کرا، ئەم هەواڵە شاری ئاڵۆز کرد، ترس پەیدا بوو، خوێن بەخشین زۆر بوو.**

## هەولێر 1995/1/23

**کارەبای شار باشە، ئەرزاق باشترە، خەڵکی بەرێبواری دەچنە مەسیف و بەستۆرە، خواردەمەنی دەهێنن، لەلای نەقلیات دەستفرۆش و عارەبانە پەیدابوو، خواردەمەنیان دەکرییەوە، ئەوانەی لە مەسیف و شەقڵاوە و بادینان دەگەڕانەوە شتیان دەهێناو بەقازانج دەیانفرۆشتەوە، لە مەسیف ڕێکخراوی پارتی پسوولەی بۆ دەکردن، بواری هاتن و هێنانی زۆریش نەدەدرا، خەڵکێکی زۆر بۆ قازانج و بۆ خۆیان دەچوون، بەڵام ئەوە زۆری نەخایاند.**

## بۆ ئاشتی نووسەران و هونەرمەندانی هەولێر خۆیان دەسووتێنن

لە بارەگای رۆژنامەی (ئالأی ئازادی) لە 1995/1/20، ژمارەیەك نووسەرو هونەرمەندی هەولێر، کۆبوونەوە، بیرخەرەوەیەکیان ئاراستەی هەردوو سەرکردەو م.س هەردوو حزب و لایەنە پەیوەندارەکان کرد، کە تێیدا داوایان کرد:

شەڕ لە سەرتاسەری کوردستان رابگیرێ.
رێگەی ئاشتی بگرنە بەر بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.
چیتر مافی مرۆڤ پێشێل نەکرێ.
ئەنفالی کورد بەرامبەر یەکتری رابگیرێ.
بەدەنگەوە چوونی داخوازی حزبە کوردستانییەکان و ئاشتیخوازان.
دەست تێکەڵ نەکردن لەگەڵ رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، بەتایبەتی رژێمی بەغدا، کە ئێستا بە تەمایە خۆ بخزێنێتە گۆڕەپانەوە.
ئیلتیزام کردن بە پرۆژەکانی رۆژی 9-1995/1/13.
ئیلتیزام کردن بە رێککەوتننامەی پاریس.

ناوەکان :

(کەمال غەمبار، غەفور مەخمووری، تاریق جامباز، کەریم شارەزا، سلێمان شاکر، عومەر شێخەڵلاَ دەشتەکی، کەمال سەعدی، عەبدولرەحمان پیرداود، مەدحەت بێخەو، محەمەد ئیسماعیل، سۆزان مامە، گۆران جەلال، فەرەیدون سامان، عەبدولکەریم سەرکەش، بێکەس حەمەقادر، ئیدریس شەیداهۆ، تەحسین موحسین، سەرکەوت رەسول، د. شوکریە رەسول، هەردی حوسێن، نیهاد جامی، لاوکۆ محەمەد، د. فەرهاد پیرباڵ، فەیسەڵ دیَهاتی، فریاد هیرانی، خالید عوسمان، رابەر رەشید، خالید حەلاق، پەروەر ئەسعەد، ئەنوەر سلێمان، مەولود بێخاڵی، مەهداوی رەشید، ئاسۆ حەسەن،

نووسەران هەڵوێستی چاکیان بۆ ئاشتی هەبووە، لە هەموو لیژنەکانی ئاشتی دەوریان هەبووە، وا ئەمڕۆش نووسەران و هونەرمەندان ئەگەر ئاشتی بەرقەرار نەبێت، خۆیان دەسووتێنن!! هەواڵەکە بلاَوبۆوە، لە چایخانەی (مەچکۆ) هەواڵەکە گەرم بوو، سەرەتا تەنیا بەیانێکی سادە دەرچوو، دوایی قسەکان گەیشتن، مەسەلەکە بووە راستی، بۆ ئاشتی ئامادەن خۆیان بکەنە خۆڵەمێش و قوربانی، ناوەکان زیاد دەبوو، دیداریان دەکرد، شتەکە نوێ بوو، جۆرێکی تازەبوو لە خەبات و هەڵوێست، زوو بلاَوبۆوە، زوو گەیشت، کەس نەما لە هەولێرو کوردستان و هەتا لە دەرەوەش ئەم هەواڵەی بەرگوێ نەکەوتبێ، داواکەیان بەرەو راستی دەڕۆیشت، تەماشای رۆژو کات دەکرا، چاوەڕوانی هەبووە، دۆست و کەس و کارییان نیگەران بوون، ترسیان لێ نیشت، شەڕەکەو ئاڵۆزی و برسیەتی لەبیر چۆوە، لەناو پەرلەمانتارە پەناگیرەکانی ناو پەرلەمان، پشتگیرییان هەبوو، لەناو پەرلەمان هەبوو وتیان، شانۆگەرییە دروستکراوی حزبێکە، بەلاَم ئەوان خۆیان بێ لایەن نیشانداو سووریش بوون لەسەر بێ لایەنی خۆیان، نیازیان پاك و بێگەرد بوو، داوای ئاشتیان دەکرد، خەمی ئەزموونەکەی کوردستانیان بوو. مام جەلال لە **1995/1/21** وەلاَمی داواکەیانی دایەوەو ئامادەیی نیشاندا، حزبە کوردستانییەکان بۆچوونیان باش بوو، رۆژی **1995/1/24** کاتژمێری دووی پاش نیوەڕۆ و پێش پارێزگا دانرا، ئەگەر داواکانیان بە (نا) وەلاَم نەدرێتەوە، ئاگر لە جەستەی خۆیان بەردەدەن، رۆژەکە بەسام بوو، خەڵکی لەزۆرشت دەترسان، لە خۆپێشاندان، خۆسووتاندن، لە تەقینەوە، لە هەڵچوونێك، شار بێ دەنگە، رادیۆیەکانی شار دەنگ هەڵدەبڕن بۆ ئەوەی ئەم لاوانە نەسووتێن، با بەچاوی خۆیان ئاشتی بەدی بکەین، نیوەڕۆیە هەزارەها گەنج و پیرو ژن دەڕۆن، خێرا دەڕۆن، بۆ بەردەم پارێزگا، ئاپوورە زۆرەو زۆرتر دەبێت شەقامەکان گیرا، دیوار، ئەستوونی کارەبا، سەربانەکان رەش دەچوونەوە، شەپۆلی ئادەمیزاد دەهات کە دوور بوون بە هەنگاوی هێمن دەهاتن، کە ئاپوورەکەیان دەدیت خێرا دەبوون.

قەدی قەلاَت خەڵکی لێ شین بوو، یەك پارچە مرۆڤی لێ نیشت، مەفرەزەی ئاسایش چاودێرە، ئۆتۆمبێلی ئاگر کوژێنەوە، سۆندەکانیان درێژ کردووە، پیاوانی ئاگر کوژێنەوە ئامادەن، چەندین ئۆتۆمبێلی UN و کلاَوشین دابەزین، دەست بەجیهاز، کامێرای تەلەفزیۆنی بێ ژمارە پەرلەمانتار هاتن، ژنان دەگریان، بەچاوی زەق، تەماشای دەکران، دڵ دەسووتا، یەکەمجارە خەڵکی ئەم دیمەنە دەبینن جۆشیان پەیداکرد نیازی خۆسووتاندن دەستی پێ کرد، جەماوەرەکە ئەوەندە زۆر بوون بواریان نەدان، هەبوو زۆر خۆی پچرییەوە زۆر کۆششی کرد، هاوار دەکرا، ئاگاداربن وریا بن چاوتان لێیان بێت هاواری ئاشتی و دژی شەڕ دەنگیان دەبووە بروسکەو هاژە ئەو هەزارەها کەسە پێکەوە یەك سۆز شەیدای ئاشتیان دەنواند یەك قورگ یەك نیگا یەك مەبەست بژی ئاشتییان دەوتەوە. ئەم نووسەرانە توانیان شار هەموو ئامادەی گۆڕەپانی پارێزگا بکەن، پێکەوە داوای ئاشتی بکەن، بروسکەی پشتگیری مام جەلال خوێندرایەوە بروسکەی مەسعود بارزانی گەیشت چۆڵکردنی هەولێری تێدابوو، ئینجا ئاشتی، بواریان نەدا تەواوی بروسکەکە بخوێندرێتەوە، زۆر قسەکرا وتار خوێندرایەوە دیداری تەلەفزیونیان لەگەڵ ئامادەبووان سازکرد، راستگۆیی ئامادەبووان دیاربوو، ئەوانەی بە شانۆگەری و گاڵتەیان لەقەلەم دەدا، بەچاوی خۆیان بینیان کە دەتوانن سەدای ئاشتی بەرزترو گەورەتر بکەن نیشان بدەن، ئاشتی هیوای هەمووانە: شەو دەنگی ئەمریکا هەواڵەکەی بلاَوکردەوە رۆژنامەکان بایەخیان پێدا (الحیاە)ی لەندەنی دوو رۆژ لەسەر یەکتر باسی

*****

*له 1995/1/14 كۆمەڵە نووسەرێكی خاوەن چاپكراوو بەرهەمی ئەدەبی خۆیان لەپێش پارێزگاو بەدەستی خۆیان لەدژی شەرو نارەزایی لەبەردەوامی خوێن رشتن سووتاند هەڵوێستەكەیان كە سووتاندنی بە نرخترین دەستكەوت و بەرهەمیان، نیشانەی ئەوەبوو هەموو شت بۆ ئاشتی ئەنجامدرا، میللەت هەر ئاشتی دەوێت رۆشنبیران بەردەوامن لە كۆششیان بۆ ئاشتی.

******

*نووسەری ناسراو د. فەرهاد پیربال چامە شیعرێكی درێژی بەناوی (ئیبراهیم خەلیل) لە كەناڵەكانی تەلەفزیۆنی s.tv, t.tv, k.cp خوێندەوە، زۆر بەتوندی هێرشی كردە سەر هەردوو حزبی شەركەر، نارەزایی لە شەرەكان دەربری، شیعرەكە چاك بلاَوكرایەوە خەڵكی داوای دووبارە بلاَوكردنەوەیان كردەوە، هەڵوێستێكی بوێرانە بوو بە سۆزەوە دەیخوێندەوە لە كوردستان و هەولێر دەترسا بۆیە توورەبوو.

*****

*حزبە كوردستانییەكان و پیاو ماقولاَنی شاری هەولێر لە 1995/1/23 پرۆژەیەكیان بە بۆنەی تێپەربوونی مانگێك بەسەر شەری ناوخۆدا بلاَوكردەوە، لە پرۆژەكەیان هاتبوو ئاسایی كردنەوەی دۆخی شاری هەولێرو دەرچوونی هێزەكانی گەرمیان و سلێمانی و گەرانەوەی لقی 2 و دامودەزگاكانی پارتی دیموكراتی كوردستان بۆ ناو شاری هەولێرو دەست بەكاربوونی دامودەزگاكانی حكومەتی هەرێمی كوردستان لەماوەی پێنج رۆژ، دوای راگرتنی بەرەسمی شەرەكە هەڵگرتنی ئابلۆقەی ئابووری لەسەر شارەكانی كوردستان و ئاوو كارەباو تەلەفۆن برین و بۆردومانی كوێرانەی دژ بە هەولێرو دەوروبەری و بلاَوەپێكردنی بە تەدریجی هێزەكانی هەردوولا لە پارێزگای هەولێر لەماوەی دە رۆژ دوای ئارامكردنەوەی كوردستان بە تایبەتی شاری هەولێر. مام جەلال لە 1995/1/24 رەزامەندی لەسەر پرۆژەكە راگەیاندو ئامادەیی نیشاندا، بەلاَم سەری نەگرت، ئەوەش لەبەر ئەوە بوو پارتی هەر سوور بوو لەسەر چۆڵكردنی هەولێر لە چەكدارانی یەكێتی بێ قەید و شەرت پێش دیدارو هەنگاوی تر.

******

*لە هۆڵی پەرلەمان لەرۆژی 1995/1/23 نووسەران ئامادەبوون بۆ پاڵپشتی لە پەرلەمانتارە پەناگیرەكان لەم دیدارەدا ئەدیبە پەرلەمانتارە پەناگیرەكان لەگەڵ میوانەكان یاداشتێكیان پێشكەش بە هەردوو سەركردە كرد بۆ ئاشتی ئەوانی ئیمزایان كردبوو: ( عزەدین مستەفا رەسول، ئەدیب و پەرلەمانتار، محەمەد موكری، جەلال بەرزنجی، قوبادی جەلی زادە، سەعدوڵلاَ پەرۆش، كەریم دەشتی، سەلاح عومەر، غەفور ساڵح، عەبدولرەحمان فەرهادی، لوقمان بابا شێخ- ئەدیب و پەرلەمانتار، ئەحمەد سالار، ئەدیب و پەرلەمانتار، فەرید زامدار، ئازاد سوبحی، نەوزاد عەلی ئەحمەد، محەمەد رەنجاو، حوسێن گەرمیانی، هاشم سەراج، عەبدوڵلاَ سەراج، سابیر رەشید،

*********

***له 1995/1/23 بانگەوازێك لە مامۆستایانی کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین بڵاوکرایەوە داواکاران لە 1995/1/25 لە کاتژمێر 10ی بەیانی لە کۆلیژی ئاداب کۆببنەوە بۆ هەڵوێست وەرگرتن بۆ کۆچکردنی بەکۆمەڵ ئەگەر داخوازییەکانی پەرلەمان جێ بەجێ نەکرێن و ئەگەر خوێندن دەست پێ نەکاتەوە، ئەو مامۆستایانەی ئیمزایان کردبوو:**

**(ئیسماعیل شوکری رەسول، یوسف شەریف سەعید، د. فەرهاد پیربال قەساب، ئازاد جەلال شەریف، ئەحمەد عەبدولعەزیز مەحمود، سەلاح هەورامی، سوهەیلە حەمید، پەروێز سابیر، ئازاد حەمەشەریف، شوان زەنگەنە، ئیسماعیل قەرەداغی، داود یوحەنا، محەمەد عەبدولعەزیز مەحمود، ئیبراهیم قادر مەحمود، محەمەد عەبدوڵلا عومەر، عەبدولقادر فەرهادی، تاڵب حەمەد ئەحمەد، عزەدین جەبار کەمال، مستەفا مەعروف، عەبدولحەمید عەلی سەعید، نوری یاسین هەرزانی، د. رەشاد میران، ئیسماعیل محەمەد فەهمی، فەتاح مامە).**

*********

**پاش ئەوەی لە شەوی 1994/12/27 زیانێکی ماڵی زۆر بەر نەخۆشخانەی رزگاری کەوت، چەند ژوورێك لەنهۆمی شەشەم سووتاو، جام و دەرگا زۆر شکان و گولەیان پێکەوت، ئەوەش کەلێنێکی گەورە لە بواری تەندروستی لەم شارە گەورەدا پەیداکرد، بۆیە بەرپرسانی شار بەجددی ئیشیان بۆ ئەوە کرد کەم و کورییەکانی ئەم نەخۆشخانەیە چاك کەنەوە، تا 1995/1/29 راگەیاندرا، کە چوار نهۆمی نەخۆشخانەکە ئامادەیە بۆ پێشوازی کردنی نەخۆشەکان، ئەوەش موژدەیەکی خۆش بوو و چاوەروان دەکرا تەواوی نەخۆشخانەکە وەك جاران چاك بکرێتەوە دیارە ئەوەش کاری بۆ کراو هەمووی چاك و پاك کرایەوە.**

## یەکێتی هەولێر ئاسایی دەکاتەوە

لە ڕۆژانی شەڕەکانی لقی 2 و شیراتۆن، دزی و سەیارە فڕاندن و تالاَنکردن لەناو شاردا هەبووە، گلەیی لە یەکێتی دەکرا، ئەوان دەسەلاَتداربوون، هەر ئەوانیش بەرپرسی بوون. هەر چەکدارێك تاوانێکی کردبایە لەسەریان حیساب بوو، بەڵێ یەکێتی خۆی هەستی بەوە دەکرد شارەکە ئاڵۆزبوو، چەکدار زۆر ببوون، ڕاگەیاندنی یەکێتی و دەزگاکانی ڕێکخستن بۆ ئەم مەبەستە، واتە بنبڕکردنی دیاردەی دزی ئیشی دەکرد. هەڕەشەی لەدزو بکوژان دەکرد. داوای ئارامی شاری دەکرد. پۆلیسی لە سلێمانی و کەرکووك هێنا، بانگەوازی بۆ دۆستەکانی خۆی بلاَودەکردەوە، دیداری لەگەڵ ئەفسەرانی پۆلیس و ئاسایش بەردەوام بوو، دەوامی پۆلیس و ئاسایش شلۆق ببوو کۆششیان بۆ ڕێکخستنەوەی ئەم دەزگایانە بەردەوام بوو. ڕاگەیاندنی پارتی، بەتایبەتی گولاَن زۆر باسی ئەوەی دەکرد، کە چەکدارانی یەکێتی دزی و ڕاووڕووت دەکەن، بەرامبەر ئەوەش یەکێتی سووربوو لەسەرئەوەی هێمنی لەشار بەرقەرار بێت. مەڵبەندی سێ و پۆلیس و ئاسایش جووڵەیان هەبوو، ئەفسەرانی هەولێر بۆ دیداری مام جەلال لە **1995/2/2** چوونە کۆیە. ئاڵوگۆڕی بۆچوونیان بۆ ئەم مەبەستە کرد. دەسەلاَتی دانێ، بەڵێنی چەك و سەیارە و موچەی پێدان. لە **1995/1/31** مام جەلال لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی یەکێتی بانگەوازێکی بلاَوکردەوە، ئەمەش دەقەکەیەتی:

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان/ سکرتاریەتی گشتی**

**بەناوی خودای گەورە و میهرەبان**

**بۆ/ گشت هەڤاڵانی ی.ن.ك تێكۆشەر**
**بۆ/ گشت پ.م كانی كوردستانی دلێر و نەبەز**

**بەسلاَوێكی شۆڕشگێڕانەی گەرمەوە پێیان ڕادەگەینم، كە ئێمە دەسەلاَتی تەواومان داوە بە هەڤاڵ (حاكم قادر) بۆ گرتن و سزادانی هەر كەسێك دزی بكات ڕاووڕووت بكات، لاساری بكات، سەركێشی بكات، بچێتە سەر خەڵك و ماڵان بۆ پارە وەرگرتن لێیان، خاوەسەندن یان ئۆتۆمبێل ڕفاندن یان كەلوپەل بردن، هەركەسێك بەو تاوانەی سەرەوە هەڵسێت، یان بەیەكێك لەوانە هەڵسێت ئەوانە نەك سزای قورس دەدرێن بەڵكو لەریزی ە.پ.ك دەردەكرێت و ریسوا دەكرێت و دەهێنرێتە سەر تەلەفزێۆن پاشان لەشارەكەش شاربەدەر دەكرێت و دەدرێتە مەحكەمەی تایبەت بۆ سزادان، سزایەكی قورسی لووتشكێن، هەروەك هیوادارم هەموو حزب و لایەنە سیاسییەكانیش هاوكاری كاك حاكم قادر بكەن بۆ چەسپاندنی ئاسایش و ئەمن لەشاری هەولێری خۆشەویست، پایتەختی پیرۆزی كوردستان. هیوادارم خەڵكی بەشەرەفی هەولێریش هاوكاربن لەدەست نیشانكردنی دزو جەردەو تالآنبەران بۆ گرتن و سزادانیان، پێویستیشە لەسەر هەموو ڕێكخراوەكانی ی.ن.ك لە هەولێردا هەموو جۆرە هاوكارییەكی كاك حاكم قادرو هێزی ئاسایش و پۆلیس بكەن بۆ چەسپاندنی ئاشتی و ئاسایش لە پایتەختی كوردستانی پیرۆزدا. هیواداریشم هەموو ڕێكخراوە دیموكراتییەكان هاوكاری خەڵك و هێزەكانی پۆلیس و ئاسایش بكەن لە نەهێشتنی دزی و جەردەو ڕاووڕووت لە هەولێردا، ئیتر هەر شادو سەركەوتووبن.**

**برای دڵسۆزتان**
**مام جەلال**
**20/1/1995**

**ڕاگەیاندنی یەكێتی بایەخی زۆری بەم بانگەوازەدا، دیارە لە بانگەوازەكەی مام جەلال دیاردەی دزێوی دزی و كوشتن و بێ یاسایی زۆرە، بۆیە مام جەلال بەتوندی هێرش دەباتە سەر دیاردە دزێوەكان و هیواخوازە بەپەلە چارەسەری بۆ بدۆزێتەوەو شار كۆنترۆڵ بكرێت. كۆسرەت ڕەسول وەك سەرۆكی ئەنجوومەنی وەزیران، وەك كەسایەتییەكی دەسەلاَتدار جێگای دیاری لە مەسەلەی بنبركردنی دیاردە دزێوەكان كەوا خراپ لەسەر یەكێتی كەوتبۆوە و ئیشی بۆ كرد. لە 1995/2/26 لەگەڵ ئەفسەران كۆبوونەوە هەرەشەی لەكەسانی نەفس نزم كرد. شەوان بۆ یەكەمجار لەشاری هەولێر مەفارزی چەكدار دەسووڕانەوە، ئاسایش گەرایەوە ئیشی خۆی، خەڵكی خراپیان دەست نیشان كردو تەمبێیان كردن، لە 1995/2/11 ئاسایشی گشتی ڕایگەیاند كە دوو دزی گەورەو خاوەن ڕابردووی خراپی لەسێدارەدا. هەردووكیان لە تەلەفزیۆندا دانیان بە تاوانەكانیان نا. خەڵكی هەولێر ئەو كارەیان بە باش زانی، دەست خۆشیان لێ كردن و چاوەڕوانی سزادانی زۆرتریان دەكرد. پیاوخراپان چاویان ترسا، دەگیران و سزا دەدران. هەرچەندی شارەكە هێمن دەبۆوە، دەزگای حكومییەكان دەوامیان ئاسایی تر دەبۆوەو بازار گەرمتر دەبۆوەو ئاسوودەیی و دڵنیایی دروست دەبۆوە. لە 1995/12/7 موچەی مانگی كانوونی یەكەمی 1994 دابەشكرا، هەولێر هێور بۆوە، جەختیان لەسەر دەوامی خوێندنگاكان دەكرد، بەردەوام لەسەر خوێندنگاكان دەسووڕانەوە، بە ئاگادار كردنەوە لە شلۆقی دەوامی خوێندنگایەك یەكسەر سەردانیان دەكردن و چارەسەریان دەكرد. بە هەموو شێوەیەك توانیان دەوام و خوێندن بگەڕێتەوە دۆخی جارانی خۆی. ئەوەی**

**حاكم قادر بەرپرسی یەکەمی ئاسایی کردنەوەی هەولێر بۆ کوردستانی نوێی ژمارە (904)ی رۆژی 1995/2/2 وتی:**

**بنکەکانی پۆلیس و ئاسایشمان ژیاندەوە، 104 کار دەکات، دوو مەفرەزەی چوستمان دەگەڕێت لیستی زەرد هاوکاریمان دەکەن.**

**پۆلیسی سلێمانی و کەرکووك بەجلی نیزامی هاتن و دەوریان هەبوو. دزیان ئیعدام کرد. بەردەوام دز دەگیرێت و سامانی خەڵکی دەگەڕێتەوە. هەروەها ئاسایشی گشتی رایگەیاند کەوا دوای رۆژی 1995/2/13 چەك هەڵگرتن قەدەغە دەکرێت، دیارە ئەوەش واتە قەدەغەکردنی چەك هەڵگرتن، چەند جاری تر ئیشی بۆ کرا، بەڵام لەبەر وەزعی شارو ئامادەباشی یەکێتی لەبەر ئەگەری هێرشی پارتی بۆ سەر هەولێرو بوونی چەکداری زۆر لەناو شاردا سەری نەدەگرت. (عەقید نەریمان) بەڕێوەبەری پۆلیسی کوردستان بۆ رۆژنامەی (گوڵان) سەبارەت بە وەزعی پۆلیسی هەولێر لە ژمارە (44)ی رۆژی 1995/5/12 وتی:**

**(ئەحمەد موسا) دەڵێت: رێژەی تاوان لە 92% بوویتە 8% خەڵکی ئاگادارن تەنیا لەمانگی کانوونی دووەم/1995 لەناو هەولێردا هەزار سەیارە دزراوە. لەپێنج هەزار پۆلیسی هەولێر (3100) پارتین و لە 165 ئەفسەر، 115 ئەفسەر پارتین، لە هەولێر بەپلە خەڵکی دەکەنە یەکێتی.**

**ئەوەی شایانی باسە دەزگاکانی پارتی باسی خروقات و تاوان و دزی و کوشتن لەهەولێر بەدەستی چەکدارانی یەکێتی دەکرد. راگەیاندنی یەکێتیش وەڵامی دەدانەوە، ئەوە ببووە کێشەیەکی رۆژانە، هەر لایەنە لایەنەکەی تری تاوانبار دەکرد. (سەعد عەبدوڵڵا) بەرپرسی لقی 2 لەرۆژنامەی گوڵانی ژمارەی (47)ی رۆژی 1995/6/19 باسی هەولێر وادەکات:**

**بەگشتی خەڵکی لەناو هەولێردا باری ژیان و گوزەرانیان لەحاڵەتی مان و نەماندایە، جگە لەوە باری ئابووری گرانە بەهۆی تاڵان و برۆی چەکدارانی یەکێتی بەرامبەر بە دائیرەو کارخانەکان دەیکەن کە بووەتە هۆی ئەوەی فەرمانبەرو موچەخۆرانیش بێکارو بێ موچە بمێننەوەو ئەمساڵ بەروبوومی دانەوێڵەشیان بەتاڵان بچێ. باری سیاسی شاریش رۆژ بەرۆژ خراپتر دەچێ، حزبە سیاسییەکانیش بێزاربوون، چونکە تووشی گرتن و ئیهانەکردن دێن. هەروەها لەژمارە (48)ی رۆژی 1995/7/9ی گوڵاندا، نووسرابوو، کە دەستی تاڵانکردن گەیشتە پردەکەی نزیك چایخانەی مەچکۆ.**

**راگەیاندنی (یەکێتی)یش بەردەوام دەینووسی لەوەتی پارتی لە هەولێر نەماوە دزی و کوشتن و تیرۆر نەماوەو کارگەکان و دەزگا رەسمییەکان ئیشوکاریان بەرێکوپێکی دەڕوات. بەرپرسەکانی یەکێتی بەردەوام سەردانی دەزگا رەسمییەکانیان دەکردو هانی کارمەندانیان دەدا، بەردەوام بن لە بەرهەم و دەوامکردن.**

## خوێندن بەردەوام دەبێ

**لە شارێکی وەك هەولێر چەندین خوێندنگای سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی و ئامادەیی و پیشەیی و ئامۆژگەی مامۆستایان و هونەری هەیە. نزیکەی نۆ هەزار فێرخواز لە کۆلیژەکانی زانکۆی سەلاحەدین دەخوێنن، خوێندنی باڵا هەیە. واتە رێژەیەکی زۆری هاووڵاتیانی ئەم شارە گەورە ژیانیان بەخوێندن و وانەوتنەوە بەندە.**

بەردەوامی خوێندن و ڕاگرتنی، چەکێکی سیاسی بوو بەکاردەهات، نیگەرانی پەیدابوو، گلەیی هەبوو بۆچی لە سلێمانی و گەرمیان و بادینان دەوام هەبێت و لەهەولێر نەبێت؟!! پەرۆشی بەفیرۆچوونی ساڵێکی خوێندن و ساڵێکی تەمەن زۆر بوو، دایك و باوکان، خەمیان بوو، مامۆستایانی دڵسۆز ئامادەبوون بەبێ موچە بەردەوام بن، کە باری ئاسایشی هەولێر، بەرەو ئارامی چوو کاربەدەستانی شار لەسەر ئاستی وەزارەتی پەروەردەو لەسەر ئاستی سەرۆکایەتی حکومەت بەراستی خەریکی کردنەوەی خوێندنگاکان بوون، موچەیەکی مامۆستایانیان دابینکرد. بەڵێنیان بە مامۆستایانی زانکۆدا خەم لە موچەیان بخۆن، لەگەڵ ڕێکخراوە خێرخوازەکان خەمیان لەبەشی ناوخۆیی فێرخوازانی زانکۆ خوارد، بەرپرسان، دەگەڕان، سەردانیان کرد ئەو مامۆستاو بەرێوەبەرەی قابیل نەبوون بەدەوامکردنەوە، دەیانگۆرین. شوێنە چۆڵەکانیان پرکردەوە، هەندێ لە خوێندنگاکانی ناوشار، خێزانە هەلاتووەکانی شاوێس و پیرزین و شارۆچکەی تری تێدابوو، چۆڵیان کرد. مامۆستایانی تازەیان دامەزراند، لە هەر گەرەکێك تەلەفۆنیان بۆ کرابایە کە دەوام لە فلاَنە خوێندنگا نییە، یەکسەر دەگەیشتنێ. بەرێوەبەری گشتی پەروەردەو پشکێنەرە پسپۆرەکان دەسووڕانەوە. دیدارییان بەردەوام بوو، ئەو خوێندنگایەی خوێندنی چاکی تێدابوو، ناویان دەهێنا، دیداریان لەگەڵ سازدەکرد، تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکان دەوری چاکیان گێڕا. خوێندکاران بەسۆزەوە بۆ خوێندن قسەیان دەکرد، دایك و باوکەکانی رازی نەبوون، زارۆکیان بچنەوە خوێندن رازی بوون، مامۆستایە یاخییەکان ناچاربوون! خۆشەویستی منداڵان بۆ گەرانەوەیان بۆ باخچەی رازاوەی پۆل، هێدی هێدی خوێندنگای سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەییەکان ئاسایی بۆوە. بیانووەکانی دەوام نەکردن بەرەو لاوازی چوو، رێگاکان گیران، هەنجەتەکان جوان نەبوون. چەند باری ئارامی و سیاسی هێمن دەبۆوە، خوێندن گەرمتر دەبۆوە. لە **1995/2/4** وەزارەتی پەروەردە بریاریدا ئەزموونەکانی نیوەی ساڵی هەموو قوناغەکانی خوێندن نابێت، ئەوەش تەنیا لەشاری هەولێر بوو.

******

**(یا فەرمان دان بە خوێندن.. یا دەست لەکار هەڵگرتن).** بەم شیعارە خوێندکارێکی زۆری زانکۆی سەلاحەدین لە **1995/1/30** چوونە بەر پەرلەمان و داوایان کرد، سەرۆکی زانکۆ بگەڕێتەوە زانکۆو لەهۆڵی پەرلەمان نەمێنێ. بەپێچەوانەش واز لە سەرۆکایەتی زانکۆ بهێنێ. خوێندن لە هەندێ کۆلیژەکان کەمێك هەبوو، هەندێ لە عەمیدەکان ناراستەوخۆ لاسارییان لەدەوام دەکرد، سەرەتا فێرخوازانی زانکۆ لەبەر نەمانی بەشەکانی ناوخۆو شپرزەیی هەندێکیان، لە ئوتێلەکانی شار دەنووستن و ئەرکی

******

**له 1995/2/1، (100) مامۆستای زانکۆو پەیمانگای تەکنیکی داوایەکیان پێشکەش بە UN و دانەشیان دابووە (31) لایەنی جیهانی دابووە، لەبەر وەزعی نارێکی خوێندن و مامۆستایان، داواکار بوون لەولاَتە دیموکراتییەکانی جیهان بە (پەناهەندە) وەریانگرن.... بۆ...!؟ دیارە گوزەرانیان بەرەو خراپی دەچوو، سۆراخی موچەکانیان، دەکرد کە سەرچاوەی ژیانیان بوو. شەریش هەرەشەی لەزانکۆ دەکرد. گەرچی پێش شەری ناوخۆش مامۆستایان زۆر رۆیشتن، بە تایبەتی بۆ ولاَتی (لیبیا)، بەلاَم شەری ناوخۆ و کارەساتە جەرگبرەکان و دابین نەبوونی گوزەرانیان، زۆریان رۆیشتن. لە 1995/2/17 تەلەفزیۆنی گولاَن وتی: بەناوی جێگری سەرۆکایەتی خوێندنی بالاَ، داواکارین دەست لە زانکۆ وەرنەدرێت، نووسینگەی سەرۆکی ئەنجوومەنی وەلاَمی دایەوە، لە 1995/3/20 ئەنجوومەنی زانکۆی سەلاحەدین بانگەوازی هەبوو، کەوا دەوام لە زانکۆ لە 1995/3/25 دەست پێ دەکاتەوە سەرۆکایەتی زانکۆ لە 1995/3/13 دیداریان لەگەڵ هەردوو لیستی پەرلەمان هەبوو و داواکاربوون، هاوکاری زانکۆ بکەن و باخەڵکی هەولێر، زانکۆ لە ئامێز بگرێت.**

*****

**له 1995/3/13 مامۆستا (سەلاح هەورامی) مامۆستای کۆلیژی ئاداب، تیرۆرکرا، هەواڵەکە جەرگبڕ بوو، ژنەکەی وتی: (شەهیدی زانست بوو، داوای دەوامی زانکۆی کردەوە، بۆیە شەهیدیان کرد) تەرمەکەیان گەیاندە کۆلیژی ئاداب و بەشەکەی خۆی، جەماوەرێکی زۆر ئامادەبوون، یەکێتی پارتی تاوانبار کرد وای بلاَوکردەوە کە ئەندامی یەکێتی بوو، پارتیش یەکێتی تاوانبار کرد، راگەیاندنی یەکێتی زۆر بایەخی پێدا، کوردستانی نوێ هەواڵەکەی بە مانشێت لە لاپەرەیەك بلاَوکردەوە، رۆژنامەی (الاتحاد) کە سەلاَح هەورامی هاوبەشێکی چاکی ئەم رۆژنامەیە بوو، زۆری لەسەر نووسی، وتاری بلاَونەکراوەیان بلاَوکردەوە. بە رێپێوانێکی گەورەو ئامادەبوونی هەموو لایەنەکان، تەرمەکەیان بەرەو شاری سلێمانی بەرێکرد.**

*****

**لە ژمارە (45)ی هەفتەنامەی گولاَنی رۆژی 25/ئایار/1995، بەم جۆرە بەرپرسانی پەروەردەی پارتی، سەبارەت بەرەوتی خوێندن دوانیاندا: (قادر جەباری) وەزیری پەروەردە بە وەکالەت لەبارەی کێشەی زانکۆی سەلاَحەدین و تاقیکردنەوەکانی وەزارەتی گوتی: داوای هەوڵ و کۆششێکی زۆر گەیشتنە رێکەوتنێك کە رۆژانە ئۆتۆمبێلی زانکۆ قوتابییەکان لێرە بگوازێتەوە زانکۆو سەعات پێنجی ئێوارەش بیانگەرێنێتەوە مەسیف سەلاحەدین. هەروەها جێگری بەرێوەبەری گشتی پەروەردەی هەولێر (رەشید حوسێن) لەبارەی قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین گوتی: ئێمە لەگەڵ ئەوەداین زەمانەت بۆ قوتابییەکان هەبێت لەلایەن رێکخراوی یونسکۆوە بۆ ئەوەی بتوانن دەوامی خۆیان لەهەولێردا بکەن تا ساڵی خوێندن تەواو دەبێ. ئەو بەشانەی لە زانکۆی دهۆکیشدا هەیە وا باشترە قوتابیان بچن لەوێی دەوام بکەن. لەگەڵ ئەوەشدام بۆ**

بە هەموو جۆرێك خوێندن گەیشتە كۆتایی و تاقیكردنەوەكان و پرسیارەكان و لیژنەكان جوامێرانەو پاكانە ئیشی خۆیان كردو خوێندكار لە زانكۆكان وەرگیراون و خوێندن بە ئارامی رۆیشت و ساڵێكی خوێندن بەفیرۆ نەچوو، ئەوانەی كۆششیان كردو دەستی خێریان هەبوو، ناویان بەچاكە دەنووسرێت و دەست خۆشیان لێ دەكرێت. ئەوەی شایانی باسە رێكخراوی یونیسێف و رێكخراوی تر دەوری چاكیان بینی.

# دیسان بە كورتی

لە كاتژمێر 12ی نیوەرۆی رۆژی 1995/2/20، سەدان پیاوانی ئایینی و جەماوەرێكی زۆری شاری هەولێرو پەرلەمانتارو سەركردەو فەرماندەی حزبەكان و رۆژنامەنووسان و چەندین كامیرای تەلەفزیۆنی، لەبەردەم پارێزگار هەولێر ئامادەبوون. بانگدرا، مامۆستا د. محەمەد گەزنەیی نوێژی دابەستا، سەدان كەس نوێژیان لەدوای بەست، نوێژی (الحاجە)یان بۆ شەڕ وەستان و ئاشتی كرد. وتار خوێندرایەوە، دوعای زۆركرا. لە خودای گەورە پارانەوە بۆ یەكێك لە تەلەفزیۆنەكان وتیان: بە باشمان زانی لەناو ساڵۆنی تەلاری پەرلەمان نوێژەكە بكرێت، لەبەرئەوەی دەزگایەكی بەرزی كوردستانە و شوێنەكەش خاوێنە. بەڵام بوار نەدرا ئامادەبووان بروسكەیان بۆ ئاشتی لێدا. وتاری حزبە كوردستانییەكان لەلایەن قادر عەزیز سكرتێری زەحمەتكێشان خوێندرایەوە.

*لە 1995/2/28 لە وەزارەتی پیشەسازی و وزە دوانێك درا، كە رۆژانی جەژن كارەبای هەولێر بەردەوام دەبێت.

*لە 1995/2/7 پەرلەمانتار عەبدولخالق زەنگەنە، بەیانێكی بڵاوكردەوە، ئەگەر لەماوەی حەوت رۆژ شەڕ نەوەستێ، دەست لە پەرلەمانتاری دەكێشێتەوە.

*راگەیاندنی پارتی بە بەردەوامی باسی تاڵانكردنی دەزگاكانی حكومەتی هەرێمیان لە هەولێر دەكرد. یان دەدزرێن، یان ئاودیو دەكرێن، یان بۆ گیرفانی خۆیان دەیانفرۆشن یان رەوانەی سلێمانی دەكرێن، وەك كەرەستەكانی چاپخانەی رۆشنبیری و پەروەردە. كارگەكانی قیر، پردە ئاسنەكەی پەرینەوەی قەڵات، نەخۆشخانەكان، ئامێرەكانی گەراجی شارەوانی هەولێرو زۆر شوێنی تر. راگەیاندنی یەكێتی وەڵامی دەدانەوە، كە كەرەستە و كارگەكان لە شوێنی خۆیان ماون و دەستكاری نەكراون.

*********

***له 1995/2/13، دەستەیەك لە كەسایتی شاری هەولێر، زۆربەیان رواندزی دانیشتوانی هەولێربوون، دەستەی كۆمەكی رواندوزیان دامەزراند، لە 1995/2/25 بانگەوازێكیان بۆ خەڵكی هەولێر بلاَوكردەوە بۆ پێشكەشكردنی كۆمەك و یارمەتی بۆ خەڵكی شاری رواندز. دیارە گوزەرانیان خراپە. بۆمباران دەكرێن و هێرشیان بەردەوام لەسەرەو ئاگری شەڕ لەوێی ناكوژێتەوەو هاتوچۆیان زەحمەتەو خواردەمەنی بە ئاسانی ناگاتە دەستیان و بازاڕیان چۆڵە. دەستەكە لەبینایەی خوێندنگای (الایوبیە)ی بەرامبەر بانقی ئاراس دانیشت و پێشوازیان لەخەڵككرد. هەمان رۆژ لەناو بازاری دۆلاردا چل هەزار دینار كۆكرایەوە و تەسلیم بە دەستەكەكرا، رۆژی 1995/2/28 كۆمەكی هەولێر بۆ رواندز گەیشتە هەشتا هەزار دینار، دیارە ئەو دەستەیەش لە سلێمانی و گەرمیان و پشدەر بۆ هەمان مەبەست دامەزرابوو. رادیۆی مەڵبەندی 3 و تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان بۆ هاندانی خەڵكی هەولێر دەورییان هەبوو. دیارە هاتنی زۆر بوو خوێندنگای (الایوبیە) بەشی نەدەكردو لیژنەكان پێ رانەدەگەیشتن، ناچار لە گۆرەپانی نیشتمان (نادی الموظفین)ی جاران، خیوەتێكیان هەڵداو كۆمەڵە لاوێك بە سۆزەوە بانگەوازیان بلاَودەكردەوە، خەڵكێكی زۆر دەهاتن، دەفتەری وەسڵیان لەلابوو، هاتن زۆر بوو، پارەیان زۆردا، كەم و زۆر پارە درا، هەبوو ئارەزووی نەبوو هەتا وەسڵیش وەرگرێت، یان نەیدەویست ناوی بنووسرێت، كەلوپەل و جلوبەرگ و بەتانیەش زۆرهات. كۆمەكی سلێمانی و گەرمیانیش گەیشتە هەولێر، پارەكە بووە نزیكەی نیو ملیۆن دینار.**

**پارەو كەلوپەل و پۆشاك و پێویستییەكان لە (هەولێر، كۆیە، رانیە، گوندی شیرێ) بە ئۆتۆمبێل رۆیشت، لە گوندی (شیرێ، درەشیر، كۆلاَنی گادەر، گوندی مەلەكان، گەرەوان) بەولاَخ و لە (گەرەوان، رواندز) بە ئۆتۆمبێل، دەستەی كۆمەك گەیشتە رواندز، رۆژی یەكەمی جەژن پارەی كۆمەكی هەولێرو سلێمانی و گەرمیان و پشدەر دابەشكرا، بۆ ئەم مەبەستە لیژنەیەك لە مامۆستایانی رواندز سەرژمێریان ئامادەكردبوو، بۆیە هەر نەفەرێك 36 دیناری بەركەوت و بێجگە لە رواندز، گوندەكانی كاولۆكان، بێخاڵ، گەرەوان، سەران، پارە و جلوبەرگیان بەركەوت. خەڵكی رواندز بەهۆی تیمی تەلەفزیۆنی گەلی كوردستان سوپاسی خەڵكی هەولێرو كوردستانیان كرد.**

*********

**لە شەوی 21-1995/2/22 شەڕێكی قورس لە كەسنەزان دروست بوو، مەكتەبی سیاسی یەكێتی لەبەیانێكدا وتی: پارتی لەچەند قۆڵێكەوە هێرشیان هێناو شكان. راگەیاندنی پارتی وتی: یەكێتی هێرشێكی بەربلاَویان بۆ كەسنەزان هێناو شكان و تەرمێكی زۆریان لێ بەجێما، یەكێتی لەم هێرشەدا گەیشتنە نزیك كەسنەزان، بەلاَم نەیانتوانی كۆنترۆڵی بكەن و لە هەردوولا زیانی گیانی زۆربوو، ئاگری زۆر شەڕەكە لەهەولێر بەدی دەكراو شاری هەژاند.**

***نرخی سوتەمەنی لە هەولێر لە 1995/2/21 زۆر بەرز بۆوە، لیتری بەنزین لە 1.5 دینار گەیشتە 8 دینار، نرخی نەوت لیتری لە 1.5 دینار بووە 3 دینار، ئەوەش گوزەرانی خەڵكی خراپ كردو هاتوچۆی كەم كردەوەو لەسەرەتای مانگی ئادار یەك لیتر بەنزین بووە 20 دینار، نرخی یەك بەرمیل نەوت گەیشتە هەزار دینار.**

*لە 1995/2/27، 1.5کغم T.N.T لەنزیك پردی سەیداوە، نزیك بازارِ پێش تەقینەوەی پووچەڵ کرایەوە.

## شەڕی دژی رژێم

لە گەرمەی شەڕی ناوخۆو شەڕی نامەعقولی راگەیاندن. یەکێتی و حزبە کوردستانییەکان و inc هێزیان کۆکردەوە، بەرامبەر رژێم، لە هەموو بەرەکاندا. یەکێتی هێزەکانی لە بەرامبەر پارتی کشاندەوە، هێز زۆر هات. ئەوانەی لە دەرەوەی هەولێر هاتبوون گەرانەوە. چەك و تەقەمەنی زۆر ئامادەکرا. هەواڵەکان دڵشادی و سەرفرازی نیشاندا. لەلایەك شەر دژی رژێم و لەلایەکی تر شەری ناوخۆ ساردبۆوە، هێزی هەموو حزبەکان بێجگە لە پارتی و بزووتنەوەی ئیسلامی بەشدارییان کردو یەکگرتووی ئیسلامیش وتی: هێزی چەکدارمان نییە.

لە شەوی 4-1995/5/5 لە قۆڵی پردێ، شەر روویدا. 7 دیل و دەستکەوتی تەقەمەنی و چەك هەبوو.

شەوی 6-1995/3/7 لەناوچەی گوێر، 35 دیل و دەستکەوتی چەك هەبوو.

لە شەوی 7-1995/3/8 لە میحوەری قوشتەپە- پردێ و هەولێر- مەخموور، (55) دیل و چەکێکی زۆر دەستکەوتیان هەبوو.

لە شەوی 15-11-3/ی/1995 لە میحوەری قوشتەپە- مەخمور (شێخ شەروان) یەك دیل و 7 کوژراو و دەستکەوتی چەك و تەقەمەنی زۆر بوو.

لە شەوی 11-1995/3/12 لەناوچەی دیبەگە، 170 دیل و 500 پارچە چەك و دەستکەوتی تر هەبوو.

لەم شەڕانەدا شتی نویَ هاتنە کایەوە، ژنان خواردنیان بۆ شەوانی شەڕەکان ئامادەدەکرد. هێرشەکان بەشەوبوون و بەیانیان دەگەڕانەوە، رژیَم ناوچەی نزیك شەڕەکانی بۆمباران دەکردو ئاوارەی و هەلاَتن هەبوو. سوپای رژیَم زۆر بیَ ورەو بیَ بەرگری بوون، شەوان ئاسمان دەبووە یەك پارچە ئاگر، چاوەڕوان دەکرا باران نەبیَت تا هێرش و بەرگری بەردەوام بیَ. سەربازو ئەفسەرەکان زوو دەگیران و شەڕیان نەدەکرد. بەیانی سۆراخی هەواڵی شەڕەکان دەکرا، دیلەکان زۆربوون، سەربازو ئەفسەری پلەدارییان لەگەڵ بوو. بۆ دیتنی دیلەکانی خەڵکی دەچوون، تەماشای دەستکەوتەکان دەکرا. بۆ پشتیوانی و هاوکاری و هاوسۆزی جەماوەری جمەی خەڵکی دەهات. رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ دیداری سەرباز و ئەفسەرەکانیان دەکرد، دەچوون ژمارەی تەلەفۆنی ماڵەوەیان لیَ وەردەگرتن و لەبەغداو کەرکووك و موسڵ تەلەفۆنیان بۆ کەسوکاریان دەکرد، هەواڵیان بۆ دەهێنانەوە، ئەوەی زۆر خۆشحاڵی نیشان دەدا ئاگربەستی یەکێتی و پارتی هەبوو، گەرچی خروقات هەبوو، بەلاَم شەڕی دژوار نەبوو، هیواش هەبوو شەڕ نەبیَتەوە.

# دوو رووداو

یەکەم: هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و حزبی شیوعی کوردستان و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان و پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان و چەندین هێزی کوردستانی ترو INC لەم مانگەدا، هێرش و شەڕ لەگەڵ رژێمی بەغدا لە هەموو کوردستان (ئەو ناوچانەی لەژێر کۆنترۆڵی یەکێتی بوو) روویدا. لە چوار دەوری شاری هەولێر کە رژێمی لێوە نزیکە. شەڕو هێرش دروست بوون، بروسکەو دەنگی تەقینەوەی شەڕەکان بەشەو دەگەیشتە هەولێر. سەرکەوتن هەبوو، دەستی پۆلاَیینی پێشمەرگە زەبری کاریگەرییان لە داگیرکەرانیدا. لووتی دوژمنانیان شکاند، دەستکەوتیان زۆربوو، زیانی گیانی کەم بوو، دە رۆژ، شەوانە هێز دەڕۆیشت و تەقە دروست دەبوو، دەزگاکانی راگەیاندنی حزبەکان بەرنامەی تایبەتییان هەبوو، بروسکە ئاسا هەواڵی سەرکەوتن دەگەیشتن، دیلی سوپای عێراقیان زۆر هێنا، تۆپبارانی ناوچەکەی لەلایەن رژێم بەخەستی دەکرا، هەبووش بە شانۆگەری دەزانی و گاڵتەی پیَ دەهات. دوو بۆچوونی جیاواز لەسەر شەڕەکان دروست بوون، مشتومرو گفتوگۆ لەناو شار دروستبوون، راوەستان دژی هێزی گەورەی رژێم و دەست وەشاندنی بەهێز هیواو سۆزی نویَ کردەوە، دیلی رژێم بەسربازی زۆرو ئەفسەری پلەبەرز بەزەبوونی بینرا. چەکی سووك و قورسیان هێنایەوە بۆ تەماشاکردنی خەڵکی زۆر چوون. دیلەکان لە تەلەفزیۆنەکان قسەیان کرد، سوپاسی مامەڵەی مرۆڤایەتیان کردن. لە بۆنەکانی جەژن زۆریان ئازاد کران. بەم شەڕانە هیوایەکی زۆر هەبوون بۆ لاوازکردن و رووخاندنی رژێم، بەلاَم خۆزگەکان دەرنەچوون. دە رۆژ شار ئامادە دەبوون شەوان شەڕ دروست دەبوون و بەیانی هەواڵی سەرکەوتن بلاَودەکرایەوە، دە رۆژ دیسان بەرگری و قوربانی و دەستی پۆلاَیین دژی داگیرکەران پەیدابووەوە، لەجیاتی شەڕی ناوخۆی نامۆو شەرمەزاری، شەڕی دژی بکوژان و دوژمنانی سەرسەختی کورد دروست بوو. دیسان (چەکدار) بوونە (پێشمەرگە) دووبارە مەفرەزەی هاوبەشی حزبەکان پێکەوە خویَن و نیشانەی تفەنگیان جووت بوونەوە.

دووەم: هاتنی (35) هەزار سەربازی تورك بۆ ناو كوردستان (ئەو ناوچانەی دەسەلاَتی پارتی) سنوور بەزاندنی كوردستان فڕینی فڕۆكەی تورك و بۆمبا باران كردنی شاخ و دەشت و گوندەكانمان، راونانی گەریلاكانی پەكەكە، گەمارۆدان، پشكنین و هاتنی سەدان دەبابەو زرێپۆش و تۆپی قورس. بەبێ رەزامەندی ئاشكرای كوردی كوردستانی باشوور. سوپای توركیا لە كوردستانە، هاتووە قودسیەتمان پێشێل دەكات، راوەكورد دەكات، گوندو شینایێمان دەسوتێنێ، قسە زۆركران، هەبوو دەیووت با بگەڕێتەوە، نیازیان (وەلایەتی موسلە)و خەونی لەمێژینەی خۆیان ئەنجام دەدەن، لەگەڵ پارتی هەولێر دەگرنەوە. ئەزموونەكانمان لەبار دەبەن، داگیرمان دەكەن، فیدرالیەتمان لەگەڵ دەكەن. خێرو بەرەكەتمان تالاَن دەكەن، هاوكات لەگەڵ رژێمی بەغدا ئیش دەكەن. باشووری كوردستان دەبێتە ویلایەتێكی توركیا. زۆر نارەزایی كرا. بانگەواز بلاَوكرایەوە. كوردستان بووە یەكەم هەواڵی ئاژانسەكان، پەرلەمانەكان، دووانە رەسمییە حكومییەكانی جیهان، رێكخراوانی مافی مرۆڤی جیهان. ئەوروپا زۆر توورە بوو. ئەمریكا نەرم بوو. جار جار هەڵوێستی گلەیشی لە هەندێ كردەوەكان هەبوو. ئەم هێرشە نیگەرانی لە هەولێر زۆر پەیداكرد. ترسایین زەنگی ترسناكی لێدرا. دەبێ هێزەكە بكشێتەوە. ئەگەر بێتە ناوچەی هەولێر بەرگری دەكرێت، ئەوەش مەترسی نیشاندا. ولاَتمان دوو پارچەیە. دوو هێزی بەرامبەری یەكن، ناكۆكن، ئەوانیش ساڵدانە ساڵدانە دێنە پێش. رۆژنامەكانی هەولێر بەدرێژی باسی هەواڵی هاتنی سوپاكەیان دەكرد، لە تەلەفزیۆنەكان یەكەم هەواڵ بوو. كوردە ئاوارەكانی جیهان ئازادانە قسەیان كرد، ناترسن، ئێمە كەمێ دەترساییین، نەوەك رێگای هاتوچۆی كوردستان بە دەرەوەمان بگیرێت، دڵمان هەزار شتی وت! چاوشۆڕی و بێ دەسەلاَتی، دڵپڕو تاساو، مەترسی هەبوو، رێكخراوە خێرخوازەكان و جیهانییەكان لەكاری فریاكەوتنی دەست بكێشنەوە. باش بوو، حوكمەتی توركیا وتی هێرشەكانمان كار لە فریاكەوتنی كوردەكان ناكات، لە ئەڵمانیا، هۆڵەندا، سوید، ئەمریكا لە هەر شوێنێك كورد هەبووبێت، نارەزاییان نیشاندا.

****

## پرسەی سەوز و زەرد

ژیان كاروانەو دێ و دەڕوات. شەڕە و كوژراو زیان دەبێت. شارەو رووبەری گۆڕستانی تێدا فراوان دەبێت. بۆیە پرسەو سەرەخۆشی هەبوو، لەرۆژانی شەڕی ناوخۆدا. بۆ یەك كوژراوو مردوو دوو پرسە دادەنرا، هەبوو ئارەزووی هەبوو لەكاتی مردنی لە گۆڕستانی تایبەت بنێژرێت و پرسەی چاوەڕوان دەكرد، كێ و چۆن دەبێ، بەلاَم زۆر رووداوی هاتە پێشەوە نەتوانرا ناشتن و پرسەكەی بەدڵی خاوەن پرسەكە بێت، هەبوو لەناوچەی زەرد دەمرد، یان دەكوژرا، خزم و كەسی لە ناوچەی كەسك ناچاربوون، ئەوانیش پرسەیەكی كەسكی بۆ دابنێن و بەپێچەوانەش هەبوو، زۆركەس نەیدەتوانی لە پرسەیەك ئامادەبێت گەرچی خزم و كەس و دۆستیشی بوو. شەڕی ناوخۆ پرسەی زەرد و كەسكی دانا.

## هەولێر و بەهار

سەرەتای وەرزی بەهار موژدەی سەیران و جوانی و بەرهەم و خێرە رۆژانی ئیشکردن و بەرهەم هێنان و جولانەیە، بەڵام لە ئاداری 1995، رووداو و کارەسات و گۆرانکاری تازە هاتنە پێش. بواری ئەوەیان نەدا بە بەهاری چاوەروان شادبین. سەیرانمان نەکرد، رۆژانی پشوودان لەماڵەوە گیرمان خوارد. ئەفسووسمان بۆ ئەو رۆژانە خوارد، کە بەفیرۆ چوون. لەم رۆژانەدا هەر بەدوای هەواڵ و دەنگ و باس و شەر هات و رۆیشت و هێرش و شکاندن و تۆپباران بووین، هەموویان بابەتی خۆشی نەبوون!!! گەرچی هەندێ شانازی بوون هەندێکیان شەرمەزاری و خەفەت خواردن و ژیان بەخشین بوون.

*****

لە 1995/3/27 بەسەرپەرشتی حزبە کوردستانییەکان، لەهەولێر، رێپێوانێکی هێمنانە دژی هاتنی سوپای تورکیا بۆ ناو کوردستان سازکرا. جەماوەرەکە بەنیازبوون بچنە بەر دەرگای نوێنەرایەتی(un) ی هەولێر لە شارۆچکەی عەنکاوە، بەڵام وا رێکخرا کارمەندانی (un) خۆیان بێنە پێش پارێزگاو لەوێی نارەزاییەکانیان لێ وەرگرن. جەماوەرەکە توند بوو. سەرکردەی حزبەکانیان لەگەڵ بوو رۆشنبیرانی شار هاتبوون.

شەقامەکانی شار چاك کۆنترۆڵ کرابوو. نوێنەری جەماوەرەکە چوونە ناو پارێزگا بەنوێنەری (un) وت: ئەگەر هێزی تورکیا بێنە ناوچەی هەولێرو پشدەر بەرهەڵستی دەکەین ئێوە ئاگاداربن. جەماوەرەکە لەسەر بالکۆنی پارێزگا و لەگۆرەپانەکە ئالاَی کۆماری تورکیایان ئاگر تێبەردا، چەپڵەرێزان بۆ سووتانەکە لێدرا. رێپێوانەکە زۆر رێکوپێك بوو. بەکۆتایی هاتنی رێپێوانەکە، نیازی هێرش هەبوو بۆ سەر بارەگاکانی حزبە تورکمانییەکان، جەماوەرەکە توورەبوو. واشیان دەکرد. بۆیە زوو ئاسایش بارەگاکانی کۆنترۆڵکردو دەرگای لەسەرداخستن و هاتوچۆیان نەما. لە دەرگای داخراوی دەرەوە ئاسایش پاسەوانی بۆ دەکردن، سەرەرای ئەوەش بۆ دوو بارەگای تورکمانەکان شالاَوی جەماوەریان بۆچوو، بەڵام ئاسایش تەقەی ئاسمانی بۆکردن و پەرتەیان بە خەڵکەکە کرد، رێپێوانەکە بەهێمنی کۆتایی هات. ترسی تەقینەوە هەبوو، بەڵام خەڵکەکەی ناو رێپێوانەکە هێمن بوون و توندرەوەکانیش زوو کۆنترۆڵ کران و ئاسایش دەوری ئیجابی هەبوو.

## سیَ هیَرشی پارتی بۆ گرتنی هەولیَر:

### یەکەم: هیَرشی رۆژی 1995/3/27

لە بەیانی رۆژی **1995/3/27**، خەڵکی دڵسۆزو ولاَتپاریَز نیازیان وابوو دژی هاتنی سوپای تورکیا دەنگی نارەزایی و تووڕەیی هەڵبرن. شەو تەقە دروست بوو، نیَوان شاویَس و مەلائۆمەر و دەوروپشتی ئەم ناوچەیە، بووە یەك پارچە ئاگر، تەقەکان دەستریَژبوون، هاوەنەکان بیَ ژمارە تەقین، بروسکەی راجیمە نیوە شەوەکەی رووناك دەکردەوە، خەڵکی لەسەربانەوە تەماشای خۆکوژییەکەیان دەکەن، شەڕەکە لەنیوە شەوەوە تا بەیانی خایاند، لەم هیَرشەدا پارتی هیچ پیَشرەوی نەکرد، وتیان هیَرشەکەمان بۆ تەمبیَ کردن بوو. شەڕەکە خویَناوی بوو، زۆری نەخایاند یەکیَتی وتی پارتی **(51)** لاشەیان لیَ بەجیَماوە، هەندیَ لە تەرمەکانیان هیَناوە مزگەوتی **(حاجی برایمی گەردی)** لەسەر شەقامی کۆیە، بانگەوازیان بلاَوکردەوە بۆ ناسینەوەیان، خەڵکیَکی زۆر سەردانی مزگەوتەکەیان کرد، بەلاَم کەسی خەڵکی هەولیَریان لەگەڵ نەبوو. بۆ بەیانی بەهۆی ناوبژیَوان تەرمەکان گوازرانەوە مەسیف سەلاَحەدین، مام جەلال بروسکەی پیرۆزبایی ئاراستەی فەرماندەکانی خۆی کرد.

### دووەم: هیَرشی کانی قرِژاڵە

هەمان رۆژ لەکاتژمیَر **(3)**ی پاش نیوەڕۆ هیَرشیَکی تری پارتی لە قوڵی کانی قرِژاڵە دەستی پیَکرد، لە هیَرشەکە پیَشرەوییان نەکرد، هەواڵ هات کە دەبابەکانی حکومەت لەقوڵی گویَرِ هاتنە پیَش و بۆمبارانی کانی قرِژاڵەو هەندیَ گەرِەکی هەولیَری کردووە. زیانی گیانی و ماڵی لە هەولیَرو ئۆردوگای کانی قرژاڵە هەبوو، هەمان رۆژ شەرِو هیَرش لەناوچەی بەحرکەو کەسنەزان و سیَ بەردان هەبوو. یەکیَتی وتی: زیانی

## سێیەم: هێرشی 1995/3/29

لە بەرەبەیانی ڕۆژی 1995/3/29، هێرشێکی تری پارتی بۆ قۆلی کانی قرژاڵە کرا. یەکێتی وتی: هێرشەکە نۆ سەعاتی خایاند. هەمان ڕۆژ تۆپ و دەبابەی ڕژێم ناوچەکەی بۆمباران کردو شەو دەنگی تۆپەکان هەولێری هەراسان کردو بروسکەی چاك دەبینرا.

*****

*لە 1995/3/28، لە کاتژمێر 12ی نیوەڕۆدا، حاکم قادر لەگەڵ مەفرەزەیەکی ئاسایش چوونە ناو پەرلەمان و جیهازی بێتەل و دەفتەری بێتەلی (جەوهەر نامیق سالم) سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان برد بە بیانووی ئەوەی جیهازەکەی بۆ کاری (ڕێد)و هەواڵ ناردن بۆ مەکتەبی سیاسی پارتی بەکاردەهێنا. لەم ڕۆژەوە، لاپەڕەیەکی تری شەڕ دەستی پێکرد.

ڕاگەیاندنی یەکێتی زۆری لەسەر نووسی، کە وەك ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی کاری کردووە، نەك وەك سەرۆك پەرلەمان و پەرلەمانی بۆ مەبەستی حزبایەتی و دیدار بەکارهێناوە. پارتیش وتی: یەکێتی پەرلەمانی داگیرکردو پیرۆزی پەرلەمانیان شکاندو چەکدار چوونەتە سەر سەرۆك پەرلەمان و ئیهانەیان کردووە. هەردوولا زۆریان باسکرد، ئاژانسەکانی جیهانیش تێگەیشت. ڕاپۆرتی ڕۆژنامەنووسی لەسەر بلاوکرایەوە. بەیان و بانگەواز دەرچوون، نارەزایی و بلاوکراوە دەرچوون. هەندێ لە پەرلەمانتاری لیستی زەردو پاسەوانەکانیان لە 1995/4/3 پەرلەمانیان جێهێشت و هەندێ لە پەرلەمانتاری لیستی زەردیش گەڕانەوە ماڵی خۆیان.

*****

***له ئێوارەی نەورۆزدا، له 1995/3/20، لەهۆڵی میدیاو بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی شیعر دۆست خاتوو (کەژاڵ ئەحمەد) لەگەڵ تیپی مۆسیقای ناسکی سەردەم، شیعری خوێندەوە.**

***لەبەر ئاڵۆزی شارو درێژی شەڕو گەمارۆی هەولێرو نەبوونی ڕێگای دەرچوون و پشکنین و پرسینەوەو گرانی وەزعی ئابووری و بێ هیوایی خەڵکی هەولێر، سەیرانی نەورۆزو جەژنانەی نەورۆز گەرم نەبوو. له وەرزی گوڵدا، له شکاندنی تەزووی سەرما، لەگەڵ بوونی خونچە بە گوڵ، لەساتەکانی تاوانەوەی بەفرا. له گەشتی جۆگەی بێگەردا. لەچاوی گەشی مانگدا، له چاوەڕوانی ژوواندا، لەنەورۆزی شانازیدا، له شەیدای گەنم و جۆ بۆ بەژن و بالاَ. له چاَوی جوانی نێرگزدا. لەگەڵ پیرۆزی فرمێسکی عەشقدا، هەولێـــر، له هەولێر له شارە یەك ملیۆنەکەمان، له پایتەختا، له مەڵبەندی دەسەلاَت و فرەحزبیدا، هەر باسی هێرشکردن، گرتنەوەی هەولێر، جوهر گێت!! داگیرکردنی پەڕلەمان!! هیزی تۆفان!! حمکۆ!! بانگەوازی خوێن بەخشین! چلەی شەهید! یادی داگیر کردن! ڕۆژی ڕزگارکردن! جنێو! بوختان! دزگرتن! ئەشکەنجەدان! برسییەتی! گەمارۆدان ! گرانی سووتەمەنی! چوونە سەربان و تەماشا کردنی شەڕ! دیمەنی شەوی رووناك بە تەقە! دەنگی تۆپی قورس، خێرایی راجیمە!! ئاگاداری ! بانگەوازی! هەواڵێکی گرینگ! !! نەبەردییەکان! چۆل کردنی هەولێر!! دەوام نەکەن!! دەوام بکەن!! بخوێنن!مەخوێنن! موچە هەیە! موچە نییە ! بەم زووانە موچەی دوو مانگ دەدەین، ئەگەر بگونجێ تەواوی موچەکان سەرف دەکەین. ئاشتی بگەڕێتەوە زیادەی پەڕلەمان دەدرێت. بابە ئیمساڵ بۆ سەیران روو له کێندەرێ بکەین، سروود، چاوپێکەوتن، بەدرۆخستنەوە. هەولێر دەبێتە گۆمی خوێن! تۆڵە دەکەینەوە! شابەدەریان دەکەین! ئازووقە زۆر دێت، بەلاَم ئەوان بۆ ناو رژێمی دەنێرن، خۆپیشاندان، وەرن چەك هەڵگرن!! شوورەی پایتەخت پۆلاَیە!! خەونی حوشتر.**

# سیَ هودنه (ئاگربەس)

**-هودنەی یەکەم:**

**بۆماوەی (15) رۆژ لە 7-4-1995 تا 21-4-1995 لە سەر داوای حزبە کوردستانییەکان بوو.**

**-هودنەی دووەم:**

**بۆ ماوەی (38) رۆژ لە 21-4-1995 تا 1-6-1995 لەسەر داوای حکومەتی ئیسلامی ئیَران بوو.**

**-هودنەی سێیەم:**

**بۆ ماوەی (45) رۆژ لە 1-6-1995 تا 15- 7- 1995.**

********

***لە 11-4-1995 کاتژمیَر نۆی بەیانی برِیَك TNT لەناو سەرتاشخانەی (شەماڵ) تەنیشت باڵەخانەی لاوەند تەقی. دوو بریندار هەبوو، زیانی ماڵی هەبوو.**

***لە 12-4-1995 کاتژمیَر 6ی بەیانیدا لە بارەگای (میزوپۆتامیا)ی رۆشنبیری لەسەر شەقامی شەست مەتری نزیك نەخۆشخانەی کۆماری شەش کیلۆ TNT تەقی، زیانی ماڵی زۆر بوو، هەولیَری هەژاند.**

*له 25-4-1995 وەزارەتی پیشەسازی و وزە رایگەیاند کارەبای هەولێر دەبێتە 24 سەعاتی بەردەوام.

*****

*زۆر باسی هودنە کرا. بۆ ئاشتی نەبێ، خۆیان سازدەکەن بۆ هێرش و شەڕی تر. لەسەر دەستی دەرەوە ئاگر بەستیان راگەیاند هودنەمان ناوێ، ئاشتیمان دەوێ، لەرۆژانی هودنەدا خروقات هەبوو، لەسایەی هودنەدا پەلاماریياندا، هودنە شکا، هەردوولا یەکترییان تاوانبارکرد. شەڕەکان دژوارترو خوێناو تر بوو، هێزی زۆرتر بەشداری شەڕەکانیان کرد، شەڕەکان کەوتە (گوندی زیارەت، جیای سەفین، گوندی گەرۆتە، کەپکی حەمەد ئاغا، بەرزایی کێل کێل، چیای بەنی حەریر، دۆڵی ئالانە، لوتکەی کڵاو قاسم) ئاگر لە هەولێر دوور کەوتەوە، بەلاَم باری هەولێر ئاڵۆزتر بوو، جارجاریش شەڕەکە دەهاتەوە دەوروپشتی شار. شەڕی دژوار لە (هەورازە نەفت)و (بەحرکە) دروست بوو، زۆر کوژران، زمانی راگەیاند توندبوو، هودنە زەمینی شەڕ خۆش دەکات، ئەم هودنەیە بۆ دوورنەیە. لەرۆژانی هودنەدا، ئەگەر شەڕ نەبووایە گرتن و گەمارۆو تەفتیش و گواستنەوەو راگەیاندی توند هەر هەبوو .

*با شیعر وێران بێت، بۆ ئەوەوی وێران ژێری و وێران ژیاری و کۆی وێران و وێران کارەکان بە وێران وێران بکەن، لەژێر ئەم دروشمە شاعیری لاو (زانا خەلیل) لەگەڵ مۆسیقا، شیعری لە هۆڵی رۆشنبیری خوێندەوە، د.مارف خەزنەدارو د.فەرهاد شیعرەکانیان هەڵسەنگاند، کۆڕەکە لە رۆژی 18-6- 1995.

*لە 17-6-1995 ، کۆمەڵەی رۆشنبیری و کۆمەلاَیەتی کەرکووك، ریَپێوانێکی هێمنانەیان بۆ خێزانە ئاوارەکانی گەرمیان ساز کردن چوونە عەنکاوە، گلەییان لە رژێمی بەغدا کرد، داوایان بردە لای خاچی سوور و UNHCR و.UNGCL

## پەرلەمان لەگوندی دارەبەن کۆ دەبێتەوە

لە کاتژمێر 30، 11 لە 27-5-1995، لەگوندی دارەبەنی بەرانەتی، بەئامادەبوونی 34 پەرلەمانتاری کەسك و 34 پەرلەمانتاری زەردو 5 پەرلەمانتاری مۆرو نوێنەری حزبە کوردستانییەکان پەرلەمانی کوردستان، یەکەم جار لەدەرەوەی شاری هەولێرو لەسەر کورسییەکانی کەنیسەیەکی عەنکاوە، کە لە مزگەوتێکی دارەبەن دانرابوون کۆ بوونەوەو بەکورترین ماوە لە کۆبوونەوەیەکی پەرلەمان، بۆ تەنها دە دەقیقە دانیشتن، بەپەلە بریاریان دا ساڵێکی تر تەمەنی پەرلەمان درێژ بکرێتەوە، لەو رۆژەدا دڵ و نیگاو هیوای کورد لە دارەبەن بوو.!!

******

ئاسایی کردنەوەی هەولێر لە هەموو پرۆژەکانی ئاشتی و دیدارەکان و دیمانە رۆژنامەگەرییەکان و ئاژانسەکانی جیهان و لێدوانە سیاسییەکان خاڵێکی گرینگ بوو، پارتی زۆر جار وتویوتی: تا یەکێتی هەولێر چۆڵ نەکات، ئاشتی و دیدار نابێت، کلیلی ئاشتی لە هەولێرەوە دەست پێ دەکات !! یەکێتی وتوویەتی: تا پارەی (ئیبراهیم خەلیل) نەگەڕێتەوە خەزێنەی حکومەتی هەرێم، یان بەڵێن وەرنەگرین بە ئاشتی پارتی نەگەڕێتەوە هەولێر!! پارتی پێش هێرشەکانی بۆ سەر هەولێر، سووربوو لەسەرئەوەی دەگەڕێتەوەو هەولێر دەگرنەوە، بە شەڕ چارەسەر نەکرا. هەولێر هەر مایەوەو یەکێتی دەسەڵاتی لە هەولێر پتەوکرد. کۆششی زۆرکرد خوێندن و دەزگاکانی حکومەت بێتەوە سەرکار. ئەوەی پێکرا، چەکدارانی خۆی چاك ترساند، دزی و تالآن نەما، یان زۆر کەم کرایەوە. شوێنی بەرێوەبەرە چۆڵەکانی بە کادیرەکانی خۆی پڕ کردەوەو هەندێکی تری گۆڕی، پارتی نارەزایی زۆری دەربڕی، فرمێسکی بۆ هەولێر رشت. ئەوەی زۆر سەرسامی دەکردم؟! هەولێر چۆن چۆڵ دەکرێت، رەنگە بارەگاکانی یەکێتی بگوازرێتەوە، بەلآم چەکدارانی خەڵکی شارن و تفەنگ و چەکی خۆیان لەسەر شانەو کێوە بچن!! کادیرەکانی بۆ کوێ سەر هەڵگرن!! هەر لە هەولێر چاپخانە هەیە، رۆژنامەو چاپەمەنییەکەیان لە کێ چاپ بکەن و چۆن پارێزگاری بکەن. گریمان یەکێتی هەولێری چۆڵ کرد و پارتی گەرایەوەو رێك کەوتن، گرنتی ئاشتی چییە. واتە دیسان هەولێر دەکەوێتەوە بە مەترسی شەرێکی ترو خاپووری زیاتر روودەداو مێژووی شەرەکە درێژتر دەبێت و هەولێریش کارەساتی گەورەتر بە چاو دەبینی. پارتی خەونی بە گرتنەوەو گەرانەوە بۆ هەولێر دەدیت. بارەگای لقی دوو نهۆم نهۆم دەرووخێنرا، شوێنەواری نەما، لە بەرپرسانی یەکێتییان دەپرسی، هۆی رووخانی ئەم تەلارە چی یە؟ لە وەلآمدا دەیانووت: دیارە سلبیاتی پارتیەو هەمان رەفتار بەرامبەر تەلارەکانی یەکێتی کراوەو شتەکە بە پلان نی یە. پارتی شیراتۆنی بە (شاخی سپی) ناودەبرد، یەکێتی کلۆری کرد. پارتی چەند بەڵێن و ژوانی بۆ گەرانەوەی دانا، یەکێتی زیاتر پێ ی دادەگرت و پشتی لە گەرانەوەیان دەکردو هەڵسوکەوتیان وای دەردەکەوت ، پارتی ناگەرێتەوە. ئەوان دەیان وت: فلانە رۆژ دەگەرێینەوە، یەکێتی وشەی (قوتابخانە) لە لەسەر تابلۆی تەلارەکان دەکردە (خوێندنگا) ئەمەش پارتی توورە دەکرد. پارتی هێرشی دەهێنا ئەوان قائمقامیان لەسەر لیستی سەوز دامەزراند. لە رۆژنامەکان و ئاژانسەکان دەیان وت: دەبێت یەکێتی بێ قەیدو شەرت هەولێر چۆڵ بکەن، یەکێتی وەزیری بە وەکالەت و جێگری وەزارەتی بە وەکالەت دادەمەزراند. پارتی سووربوو لەسەر گواستنەوەی دەزگا حزبییەکانی یەکێتی لە هەولێر مەکتەبی سیاسی و سکرتاریەت لەهەولێر نەمێنێ، یەکێتی دەیوت: دەبێ پارتی بە دووربین تەماشای هەولێر بکەن. کە سەرکردایەتی هەردوو حزب، یەکێکیان بە هێلی (حاجی ئۆمەران)و ئەوی تریان بە هێڵی (باشماخ یان سەرتەك) چوونە ئێران و ناوبژیوانی کۆماری ئیرانی ئیسلامی کۆششی دەکرد ئاشتیان کاتەوە. چۆن بە دوو رێگای جیاواز چوو بوون، لەوێش بە جیاوازی دوور لە یەکتری دانیشتن. باسی دابەشکردنی شاری هەولێریان کرد، پلان هەبوو، سێوی شارەکەم بە چەقۆی ناکۆکی و تۆڵە وەرگرتنەوە لەتی کەن. هەولێر وەك بیروتی جاران و مۆستاری بۆسنەی ئیمرۆ ببێتە دوو دەسەڵات و دوو حکومەت. ویستیان رێگا سەرەکییەکان دابەش بکەن. پارتی زۆر وتی: هەولێر لە دەستی یەکێتی دەناڵێنێ، خەڵکەکە بێزارن، کارگەکان دەدزن، رەشەکوژی بەردەوامە بواری حزبە کوردستانییەکان نادەن. مافی مرۆڤ بەئاشکرا پێشێل دەکەن. یەکێتی دەینووسی و دەیووت: لەوەتی پارتی لە هەولێر نەماوە دزی و تیرۆر نەماوە، بەنەمانی (عەلی قەلاب)و (مامەند قەشقە) شار شامی شەریفە، حزبەکان لە دیدارو رۆژنامە دەرکردن و کۆنفراس بەستن سەربەستن. چەند کۆبوونەوەی ئاشتی و دیداری و ناوبژیوان و بروسکەی نارەزایی دژی شەر دەبوو. پاتی خۆی پر چەکتر دەکرد

****

که هەولێر لەسەرەتای هەشتاکاندا شەوان لەت کرابوو، ئەوەی جێگای شانازی بوو، گەڕەکی (باداوە) (زراعین) و بەشێکی (رووناکی) شەوان بۆ هەموو کەس ئاسایی نەبوو، پیاوە دەسەلاَتدارەکانی رژێم ماوەیەك بوو ڕێگای ون و گەڕانەوەیان دەگۆری، تا خەڵکی چاو ترسێن بکەن بە رۆژ لە شوێنە قەدەغەکانی شەویان لاوی بێ تاوانیان گولەباران کرد، ئەو رۆژگارانە بۆ هەولێر بەختەوەری بوو، بەلاَم ئەمرۆ شەرمەزاریە، شەرمەزاریە بۆ هەر حزبێك بۆ هاتنە ناو شار ڕێگای تایبەتی خۆی هەبێت. ئاساییە بارەگای تایبەتی خۆیان هەبێت، بەلاِم ڕێگای تایبەتی، گەڕەکی تایبەتییان هەبێت شەرمەزاری یە. بۆیە ئەم پرۆژەیە سەری نەگرت. کێشەی هەولێر هەر مایەوە ئەمرۆ گەمارۆی دراوەوخەرەندی لە چواردەوری هەڵکەندراوە. ئازوخە بەخۆرایی دابەش بکرێت و بە نرخی کەم بفرۆشرێت، پارەی کرین و گومرگیشی دێتە سەر . لە هەولێر رۆژی دیاری کراوی موچە وەرگرتن نەبوو. نازانی چ رۆژێك موچە خۆران، موچە وەردەگرن. ئەو چەکدارانەی لەناو خەرەندەکەو دەوروبەری خەرەندەکە پاسەوانن، دەتوانن چەندین باخ و رەز بچێنێن، دەتوانن پشدێنە سەوزی جوانی و دژی رەشەبا و گەردەلوول ئاواکەن. دەتوانن لە شاری هەولێر دەریاچەی گەورە بۆ جوانی و سەیرانی شار مشت ئاوبکەن!!

****

لە 17-7-1995، پارتی لە چەند قۆڵێکەوە هێرشێکی کتوپری هێنایە سەر رەبیەکانی یەکێتی، سەرەتا پێشرەوییان کردو هاتنە پێش. رادیۆی گولاَن 6 موژدەی دایە خەڵکی هەولێر، بانگی عەشیرەتەکانی کرد (الله اکبر)ی لێدا. بەلاَم ماوەیەکی پێچوو هێمن بۆوە . یەکێتی وتی: هێرشەکەیان شکا. هەروەها لە30-7-1995 گولاَن وتی: بەراجیمە بە چڕی بۆمبارانی (سکرتارییەتمان)کردو 25 کەسمان لەوێ کوشتووە. ئیستگەی مەڵبەندی 3 وتی: پارتی تۆپبارانی گەڕەکەکانی (مەلایان)و (ڕاپەڕین)و (صناعەی) کردووەو 4 ژن کوژراو و بریندار زۆر بوو. تۆپ بارانەکە لەگەڵ دەستپێکردنی دەوام بوو، شەڕەکەی ئالۆز کرد، نەخۆشخانەی تەواری برینداری زۆری گەیشتێ. بەلاَم زۆری نەخایاند. رۆژێکی ناخۆش بوو. دیسان مەترسی خستەوە ناو هەولێر. نیشانەی ئەوە بوو کە کۆششەکانی ئاشتی سەر ناگرێت.

*****

لە 15-6-1995، حزبی شوعی کوردستان، بانگەوازێکی بلاَوکردەوە بۆ سازکردنی ڕێپێوانێکی هێمنانە، کە تێدا داوای نان و موچەو خۆش گوزەرانی دەکەین. بەلاَم ئاسایشی هەولێر ئاگاداری کردنەوە، کە وەزعی شار ئەوە هەڵناگرێت. هەروەها لە 13-7-1995 پارتی کاری سەربەخۆیی کوردستان و یەکێتی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان، بانگەوازێکیان پەخش کرد، خۆپیشاندان دژی داگیرکەرانی تورك ساز بکەن، دیسان ئاسایش بواری نەدان. ڕادیۆی گولاَن وتی: یەکێتی لە هەولێر ڕێگا لە ئازادی ڕادەربڕین دەگرێت.

******

کۆمەڵە لاوێکی ولاَتپارێز لەتەنیشت بارەگای پارتی کاری سەربەخۆیی نزیك ئامادەیی کوردستانی کوڕان، رەشماڵێکیان هەڵداو مانیان گرت. مەبەستیان پاڵپشتی

*وەزارەتی تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی بڕیاریدا لە دوای رۆژی 19-7-1995، نرخی پلیتی نەخۆشخانەکان لە یەك دینار بکرێتە پێنج دینار، هەروەها نرخی چاودێری و چارەسەرکردنی پێویستییان سەرلەنوێ دانا. ماوەیەك نارەزایی هەبوو، بەڵام دوایی لە بیر چوو ئاسایی رۆیشت.

*لە ئێوارەی رۆژی 29-7-1995 خولێکی تازەی دەرچووانی فێرخوازانی زانکۆی سەلاحەدین لە یاریگەی خۆجێ یەتی ئاهەنگی دەرچوونیان سازکرد PUK.TV . راستەوخۆ ئاهەنگەکەی گواستەوە. جەماوەرێکی زۆر ئامادەبوون، لایەنە سیاسییەکانیش بەشدارییان کردو خەڵاتیان دابەش کرد.

*بۆ پاڵپشتی زانکۆی سەلاحەدین، کۆسرەت رەسول عەلی لە ناوەندی رۆشنبیری زانکۆی پێشوازی لە هەندێ دەوڵەمەندەکانی شاری هەولێر کرد، داواکاربوون، کۆمەك بە زانکۆ بکەن. دیاربوو بەدەنگ هاتنی کەم بوو، زۆر لەسەری نەرِۆیشتن.

****

*خەڵکی لەپاش کۆچڕەوەکە، تا هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆ، بە شکۆو شانازی دەژیان، بەڵام نەخۆشی کوشندەی شەڕەکە، کارەساتی دروست کرد. لە هەولێر هەزارەها خێزان، یەك رستەی زمانی تورکمانی نازانن بۆ نان، لەبەر برسیەتی ئاپوورەیان لەبارەگای حزبە تورکمانییەکان دەکرد بۆ وەرگرتنی پسولەی ئازوخە، ئەوەش وای کرد حزبە تورکمانییەکان شانازی بەم جەماوەرە زۆرە بکەن و رەنگە ئەوەش هۆیەك بێت حزبی نیشتمانی تورکمانی لە کابینەی سێیەم داوای جێگری سەرۆك وەزیران و چەند وەزیریان دەکردو بە گرانی دەهاتنە پێش بەشداربوون لە کابینەی سێیەم. هەر لەبەر برسیەتی و بێ هیوایی لەبەر ئەوە شەڕە خۆکوژییە درێژە، جەماوەرێکی زۆری هەولێر لە حزبە تورکمانیەکان نزیك بوونەوە گەشەیان پێکراو و بنکەی زۆریان لەناو شاری هەولێر دامەزراند.

*وەزعی شەڕەکە و ئاڵۆزی شار، هۆیەك بوو کە رێژەی کەوتنی خوێندکاران لە ئەزموونە کۆتاییەکان زۆر بێت. بۆیە وەزیری تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی (کەمال شاکر) بەرپرسی باڵای تاقی کردنەوەکانی هەموو کوردستان دەوری چاکی هەبوو بۆ تەواوبوون و سەرکەوتنی ئەزموونەکان، چونکە ئەو سەرپەرشتی ناوچەی زەردو سەوزی دەکردو خۆی لەسەر لیستی هەردوو حزبەکە نەبوو، وەك وەزیرێکی (شیوعی) لەکابینەکەدا بوو. رایگەیاند کە خوێندکارانی کەوتووی قۆناغی ناوەندی دەتوانن لەدەوری دووەم بەشداری ئەزموونەکان بکەنەوە.

*گەرچە باری هەولێر زۆر ئاسایی نەبوو، بەتایبەتی رۆژانی یەکەمی جەولەی دووەمی شەڕەکە، بەڵام بەردەوامی چاپخانەکانی شار(زانکۆو رۆشنبیری و پەروەردە) جۆرەها چاپەمەنی لێ چاپ دەکرا. لەهەولێر چاپەمەنی بێلایەن و حزبە کوردستانییەکان و عیراقییەکان بەبەردەوامی دەردەچوون:

**ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ، الاتحاد، ڕێبازی خوێندکاران و وەرزش و ئۆلۆمپیك و لە لایەن ڕاگەیاندی یەکێتی) دەردەچوون.**

**ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی، لەلایەن حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان) دەردەچوو، ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان، لەلایەن حزبی شیوعی کوردستان) دەردەچوو. ڕۆژنامەی (ڕابوون، لە قوتابیانی ئیسلامی) دەردەچوو. ڕۆژنامەی (یەکگرتوو، لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامی ) دەردەچوو. ڕۆژنامەی (وڵات، ڕۆژنامەیەکی سیاسی سەربەخۆ) دەردەچوو. ڕۆژنامەی (ڕێبازی ئازادی، لەلایەن حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان) دەردەچوو. ڕۆژنامەی (ڕزگاری، لەلایەن پارتی کاری سەربەخۆی کوردستان) دەردەچوو. ڕۆژنامەی (بۆ پێشەوە و یەکسانی، لەلایەن حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق) دەردەچوو. ڕۆژنامەی (تروکمانلی) لەلایەن پارتی نیشتمانی تروکمانی دەردەچوو. بێجگە لەو ڕۆژنامانەی سەرەوە هی تریش هەبوون، بێجگە لەچاپەمەنی تر، چەندین گۆڤاریش دەردەچوون وەك (ڕێبازی نوێ ، سیاسەتی دەوڵی ، سەراب و وێران) لە ڕۆژانی شەڕدا چەندین دیداری ئەدەبی هونەری زانستی و پێشانگای هونەری و ڕۆژنامەگەری و فیستڤاڵی هونەری و شانۆیی و کۆڕو کۆبوونەوە و دیداری سیاسی هەبووە، یادی جەژنی کرێکارانی جیهان کرایەوە، حزبەکانساڵوەگەڕی خۆیان بە ئاهەنگ کردەوە. لە هەولێر حزبی زەحمەتکێشان و سۆشیالیستی دیموکراتی و شیوعی کوردستان کۆنگرەیان بەست. سکرتێری باڵوێزخانەی بەریتانی لە ئەنقەرە، دیداری زۆر بوو، نوێنەری کۆماری ئیسلامی و چەندین وەفدی حوکمی و پەرلەمانی و نارەسمی هاتن، کەسایەتی جیهانی وعەرەبی و کوردی گەیشتنە هەولێر. پەیامنێری بەرنامەی (32)ەمین ڕۆژی SHOW ی تورکی هاتنە هەولێر. نوێنەرانی ڕێکخراوی جیهانی و مافی مرۆڤ گەیشتن و ڕاپۆرتیان ئامادەکردو گەڕانەوەو ڕاپۆرتەکانیش بلاَو کردەوە.**

**زۆر مۆڵەتی ئیشکردن بە حزبە کوردستانییەکان و عێراقییەکان و ڕێکخراوو کۆمەڵەو دەستەی جۆراو جۆر درا، ڕۆژنامەکانی (برایەتی و خەبات و گوڵان) کە لەپیرمام دەرچوون، دەگەیشتنە هەولێر، پەخشی تەلەفزیۆنی زۆر تربوو، سەدای ئێستگەی ڕادیۆکان هەر زۆربون، هەولێر چەندین پارچە زەوی نیشتەجێی دابەشکرد. بازاری گەورەی گۆڕەپانی ڕیمەکان دروستکرا. کارگەکان کەم و زۆر ئیشیان هەبووە. ڕێکخراوە خێرخوازەکان بێجگە لەبەرنامەکانی UN یارمەتی و کۆمەك پێشکەش دەکرا، ئێکۆو ئۆفداو یونسێف ئیکولیبەرو فرانس لیبەرتی و شێلتەرو ڕێکخراویش بەرنامەی خزمەتگوزارییان ئەنجام دەدا، کارەبا زۆر دەبووو کەم دەبۆوەو چاك دەکرایەوە، لەزستان کەم و لە هاوین زۆر هەبووە.**

## نرخی دۆلار له 23-12-1994 تا 9-9-1995له هەولێر:

| نرخی یەك دۆلار بە دیناری عیراقی | رۆژی نرخەکە | |
|---|---|---|
| 38 | 23-12-1994 | |
| 40 | 6-2-1995 | |
| 49 | 12-2-1995 | |
| 47،5 | 13-3-1995 | |
| 41،5 | 14-4-1995 | |
| 48 | 21-5-1995 | |
| 43 | 1-7-1995 | |
| 42،5 | 25-7-1995 | |
| 41 | 5-8-12995 | |
| 41 | 9-8-1995 | |
| | | |

**گەرچی نرخی دۆلار لەچاو مانگەکانی تر نرخی کەمە، بەلاَم خواردەمەنی (کە هەر بە دۆلار دەکرێت و لە دەرەوەش دەگاتە کوردستان) هەر گرانە وەك ئەوەیە کە نرخی یەك دۆلار لە نێوان 70- 85 دیناربوو، رەنگە یەکێك لە هۆیەکانی ئەوە بێت، کەمتر مامەڵە بە دۆلار دەکرێت، یان لەبەر وەزعی شەڕەکەو گومرگ وەرگرتن و سیاسەتی ئابووری تورکیا بەرامبەر بە بازاری کوردستان و وەزعی ئابووری بانقەکانی رژێم و پلانەکانیان بوو. بەهەرحاڵ کە نرخی دۆلار نزمیشە، وەزعی بازارەکانی کوردستان و خەڵکی ناوچەکە باشتر نەبوو؟ بەڵکو بەرەو گرانی و خراپی چوو.!!**

*****

**وەفدی هەردوو حزب چەند جار چوونە ئێران، ئەمریکیەکان دیداری هەردوو حزبیانکرد. هەولێر بەرامبەر پارەی گومرگی ابراهیە خلیلە، کەپکی حەمەدئاغا لەدەستی کێ یە، گوندی زیارەت گیراوو گیراوە، لە ناو دۆزەخی ئاگر رەواندوز رزگاری بوو، ئەوان تۆپ بارانی (کەسنەزان و مەلا ئۆمەر)یان کرد، ئەوانیش تۆپ بارانی (هەولێرو پیرزین وشاوێس و بنەسلاَوەو کانی قرژاڵە)یان کرد. رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ راپۆرتی دوورو درێژیان نووسی. پاسپۆرتی (شێخەڵلاَ، بلۆك، دەستکاری، ڤیزای بەغدا) بازاڕی گەرمە بەشی پارتی لەئاودیو کردن لە ئیبراهیم خەلیل ئەوەندە کەسەیە، تورکمانییەکانیش بەشیان هەیە، ئاوابوون ئەوەندە وەرەقەی دەوێت، لە سلۆپی گەڕایەوە، هی خۆیان نارد، کێ پارە زۆرتر بدات دەگاتێ، قاچاخچی ئۆکرانیا مسۆگەرترە کاغەز لە دەرەوە بێت دەخوێندرێتەوە، نان و سەمون هەر گچکە دەبێتەوە، سینەماکان فلیمی سێکسی نیشان دەدەن، دەستەی فریاکەوتنی قەلاَی هەولێر دەستبەکاربوون، بەدەنی قەلاَ ئیشی لەسەر دەکرێت، مانگی سووری تورکی رێز بە فەرمانبەران دەگرێت ، مەلا بەشیر وتی، کارەساتی زاخۆ گەورەو ترسناك بوو، کوردستان دەبێتە دوو پارچە، سۆران و بادینان، گاز لە دهۆکەوە بە تەنکەر دێتە هەولێر ، گومرگ لە نەوت و بەنزین و گاز وەردەگیرێن، گومرگی یەکێتی هەندێ ئیبراهیم خەلیل دەبێت، دەستکەوتی گومرگی پارتی لە سەدا حەفتا دەبێت، کوردستان لە سەدا 75 لە ژێر کۆنترۆلی یەکێتی دایە، بازاری دەلاَڵخانە گەرمە، خەڵکی لە برساناماڵی خۆیان هەراجکرد. بە کۆنە کتێب خوێندنیان بەرێ کرد، کۆلێژی ددان کرایەوە، ئەینجیل زۆر چاپ کرا، رەقەمی سەیارە دەنووشتێتەوە، دەرمان زۆر گران بوو، منداڵەکەیان فڕاند داوای پارە دەکەن، TNT لە هەولێر دەتەقێتەوە، خەڵکی سەوز رەوانەی ناوچەی سەوز دەکرێت زەردیش دەنێردرێتە ناوچەی زەرد، سەنگەری خەبات دەگوازنەوە، سەرخۆشیان دەکەن، بۆیە لە هێرش ناگەڕێنەوە. فەرەنسۆ وتی، ئەمشەو سەعدی پیرەت بینی؟! جەبار فەرمان بەرێگەی ئێران گەڕایەوە، خاتوو (کارترین پۆرتەر) هاتە هەولێرو دیداری زۆر کرد ، ئێستگەی دیموکرات داخرا، نارەزایی هەبوو، ئێوە بیانبەنە لای خۆیان، پەشیمان بۆوە. لەپاشی 25 -12 1994 کاری دەزگاکانی حکومەت شەرعی نی یە، دەبێت هەڵبوەشێتەوە، کوردەکانی ئەوروپا کەم دەگەرێنەوە، د.مەحمود عوسمان وتی: ئەوەی ئاشتی نەکات ناوی دەهێنم،**


ئاژانسەكان، رادیۆیەكان، تەلەفزیۆنەكان، میدیاكانی جیهانی، كورتەی هەواڵەكان، راپۆرتەكان، ئیف ئێمەكان، رادیۆكانی شاخ و شار، رۆژنامەكان، لە دیوەخانا، لە مزگەوتا، لەبازارەكانا، لەسەر سەرینی نووستن، لە ئەلقە گۆرینەوەی بووك وزاوا، لە كێڵگەدا، لەكارگەدا، لەقوتابخانەدا، لەژووانا، لەناو دلآنا، لە چاوانا، لەهەناسەی ساردو گەرم، هەموو وتیان:

سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان و یەكێتی نیشتمانی كوردستان، لە ژێر چاودێری حكومەتی ئەمریكاو بەئامادەبوونی توركیاو بەریتانیا لە 9-8-1995 لە دبلن كۆبوونەوە، كە رازی بوون پێكەوە دانیشن، رەنگە ئاشتی ببێت، هیوا زۆر بوو كۆبوونەوەكانی (دبلن) زۆر ناخاێنێ و بەخێرایی و بە سەركەوتویی بگەرێنەوەو ئاشتی و خێرو بەرەكەت و سەرفرازی بێتەوەو دوژمنانی داگیركەرو ناحەزان كوێراییان دابێت، ولآتپارێزو دڵسۆزانیش خەنی دەبن و ئەزموونەكەمان لاوازو ساوا نامێنێتەوەو حكومەتە دوو پارچەكە دەبێتەوە یەك حكومەتی بەهێزو پتەو. برسی و هەژاران تێردەبنەوە، خوێندن و تەندروستی و خزمەتگوزاری گەشە دەكات، كارمەندو بەرێوەبەر بەپێی لێهاتوویی و پسپۆری دادەمەزرێن و سوپای كوردستان دەبێتەوە قەڵغان، دەچنەوە سەر سنوورەكان و دزی و تالآن نامێنێ، رۆژنامەكان شیعرو پەخشان و لێكۆڵینەوەو مێژوو دەنووسنەوە، زارۆك ناترسێت و لاو ناكوژرێت و كیژ پەنجەی لە خەنە دەنێ، دەرمان بۆ نەخۆش هەرزان و زۆرتر دەبێت، گوندو شارو ئەشكەوت دەبێتە سەیرانگە، خۆری زەردو كێڵگەی سەوز بەهار جوانتر دەكەن، زستان بە زەخیرە دەكەن و هاوین بە ئاوو جۆگە دەكەن و پایزی ناخۆشی كەم دەكەنەوە، هەموومان چاوەروانی دانیشتنی دبلن بووین، ناوی فێربووین و وتمان: بژی دبلن.

هەولێر 3-1=1996 تا 9-3-1996 نووسراوە.

**نووسەر لە چەند دێرێکدا:**

**لە 1955 لە شاری دێرینی (هەولێر) لەدایکبوویمـە.**
**ئامۆژگای تەکنەلۆژیای بەغدام تەواوکردووە.**
**تا لە ولات دەرچووم فەرمانبەری شارەوانی هەولێر بووم.**
**لە ساڵی 1998 ەوە لە ولاتی سوید دەژیم.**



**چاپکراوەکانم ...**

**لە یادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، 1985 کتێبی (هەولێر ) م بە قەبارەی 365 لاپەرە ئامادەو چاپکرد.**
**هەر لە شارەوانیدا لە ساڵی 1994 دا، 12 ژمارەی رۆژنامەی(هەولێر)م دەرکرد.**
**کەلاوە... 1991 ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر.**

**دیوەخانی فلێن... ڕۆژانەو ریپۆرتاژە،لە 1999 لە ڕۆژنامەی (ئالای ئازادی)ی زەحمەتکێشان لە دە ئەلقەی درێژ بڵاوکرایەوە.**

**بەغدا.... بۆ هەولێر!..... 2000 ریپۆرتاژ، سویدو سلێمانی.**

**مەملەکەتی فارگۆنەکان.....2001 ریپۆرتاژ، سلێمانی.**

**کاکە، ئەبو ئیسماعیل... 2001 ، سلێمانی.**

**بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو 2001 ڕۆمانی گابریل مارکیز، لە ژمارە 25 ی گۆڤاری (ئاینده)ی سلێمانی بڵاوکرایەوە، وەك نامیلکەش بڵاوکرایەوە.**

**دە ڕۆژەکەی هەولێرم، (11) وتارو ریپۆرتاژبوو لە گۆڤاری (گوڵان)ی هەولێرو ڕۆژنامەی (کورد) لە ئوسترالیا بڵاوکرایەوە.**

**ڕێگای دوورم بۆ ئازادی، نیلسۆن ماندیلا، وەرگێران. هەولێر لە دەزگای موکریانی بڵاوکرایەوە.**

**سارد، یان گەرم، (12) ریپۆرتاژبوو، لە ڕۆژنامەی (هەواڵ)ی سلێمانی لە یولیو 2001 ی ینایری 2002 بڵاوکرایەوەو وەك نامیلکەش بڵاوکرایەوە.**

**فارگۆنەکان، ریپۆرتاژو بیرەوەرییە لە دەزگای بدرخان لە هەولێر2005 بڵاوکرایەوە.**

**مەملەکەتی کەلاوە، وتارو پێناسەی بیناسازی کوردییە وەك نامیلکە لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە هەولێر بڵاوکرایەوە.**

**کۆریا پێناسەو مێژووی کۆریای باشوور، لە خانەی وەرگێران لە هەولێر 2007 بڵاوکرایەوە.**

**هولۆکۆست... کتێبێکە لەسەر قرکردنی جولەکە لە ئەوروپا، وەرگێران سەنتەری نما هەولێر 2007.**

**دوو پرێنسیسی نازداری بێناز، دیاناو ماساکۆ... هەولێر دەزگای ئاراس 2008.**

**مارتن لۆسەر وەرگێران و ئامادەکردن، بەشێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی 1 سەنتەری مەسەلە هەولێر 2008.**

**بەرەو کۆشکی ئالیزی ، شیراك، روایال، سارکۆزی ..و: خانەی وەرگێران سلێمانی 2008.**

**سێکس و پۆلیتیک، دیوێکە لە ژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نوێ...و: دەزگای سەردەم 2008**

**تەها حوسین، نابینایەکی بینا، وەرگێران و ئامادەکردن، دۆسیەیەکی تایبەت لە گۆڤاری نما هەولێر 2008**

**ئامادەی چاپە :**

**هەتان... چەند وتارێکە لەسەر بیناسازی کوردەواری، لە ساڵی 1988ەوە ئامادەیە.**

**مەجبوور، سەربردەو ریپۆرتاژە... سوید 2002**

**دەستی دوو ژن ... وەرگێران سوید 2008**

**ترێنە خێراکەی خۆرهەڵات، لە ڤییناوە بۆ ئاستنبۆل ....و: سوید 2007.**

**دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەتی ئابوورییە....و: سوید 2008**

**955 دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس سوید 2008**

**کاکە ئەبو خەلیل ... بەسەرهات و گێرانەوە .. سوید 2008**

**من جاسووس نیم، من ڕۆژنامەنووسم ... و: سوید 2007.**

**بەهەشتی زیندان... وتارو ریپۆرتاژە لە 1996ەوەو بەبەردەوامی دەینووسم، ئێستاش گۆشەی (برێڤ) لە چەندین گۆڤارو ڕۆژنامەو ماڵپەرەکانا لەوڵات و دەرەوەی وڵات بڵاودەکەمەوە.**

لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان لەساڵی 2008  لە هەولێر دووبارە تایپکراوەتەوە.

## چۆن ..!؟ دوێنێ (مەهاباد) پیرۆزبوو چونکە پایتەختی کۆماری کوردستان بوو

**(سلێمانی) پایتەختی بابان و**
**(رواندوز)یش پایتەختی سۆران.**
**ئەمڕۆش شارەکەم پایتەختی حکومەتی**
**هەرێمی کوردستانی ئازادە، بۆیە پیرۆزە.**
**سبەینێش (دیاربەکر) دەبێتە**
**پایتەختی باکووری کوردستان.**
**خۆشم دەوێت!**
**لە هەموویان زیاتر ئەو شارەی دەبێتە**
**پایتەختی کوردستانی یەکگرتوو.**

**ISBN 926522-19-4**